# دەربارەی وەزیفەی گشتی

## وەڵام و ڕوونکردنەوەی پەنجا پرسیار و بابەتی تایبەت بە وەزیفەی گشتی

## لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان و بنەما یاساییەکان و بڕیارە دادوەرییەکاندا


مافپەروەر

عەبدولقادر ساڵح عەبدول

دبلۆمی باڵا لە یاسای گشتی


**کتێبی چوارەم**


چاپی یەکەم

٢٠٢٠


دەربارەی وەزیفەی گشتی

٤

مافپەروەر عەبدولقادر ساڵح عەبدول

دەربارەی وەزیفەی گشتی




مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر

# دەربارەی
# وەزیفەی گشتی

وەلام و روونکردنەوەیە بۆ پەنجا پرس و بابەتی تایبەت بە وەزیفەی گشتی
لەبەر رۆشنایی یاسا بەرکارەکان و بنەما یاساییەکان و بڕیارە دادوەرییەکاندا

**( کتێبی چوارەم)**

**مافپەروەر**
**عەبدولقادر سالح عەبدول**
**دبلۆمی باڵا لە یاسای گشتی**

**سلێمانی ٢٠٢٠**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

====================


- ناوی کتێب : دەربارەی وەزیفەی گشتی

- نووسەر: عەبدولقادر سالح عەبدول

- چاپ: چاپی یەکەم

- چاپخانە: چاپخانەی یادگار

- تیراژ: ٥٠٠ دانە

- ساڵ: ٢٠٢٠

- ژمارەی سپاردن : لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٨٩٣ ) ی ساڵی ٢٠٢٠ ی پێدراوە .

بەسوپاسێکی زۆرەوە

ئەم پەرتووکە لەسەر ئەرکی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان چاپکراوە

# پێشەکی

سوپاس بۆ پەروەردگاری میهری مەزن کە تەمەن و توانای پێ بەخشیمەوە بۆ ئامادەکردن و چاپکردنی کتێبی چوارەم (**دەربارەی وەزیفەی گشتی**) ، وەک پێشتریش روونمانکردۆتەوە کە ئەم زنجیرە پەرتووکە خستنەڕووی ئەو بابەت و پرسانەیە کە رۆژانە رووبەرووی فەرمانبەرانی کارگێڕیی و یاسایی نێو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە یان دەبێتە پرسیار و سەرنج بە لایانەوە ، ئێمەش لەم روانگەیەوە هەوڵمانداوە بەگەرانەوە بۆ دەقی یاسا و رێنماییە تایبەتمەندەکان و هەروەها ئەو حوکمە قەزایی و فەتوایانەی کە لە ئەنجومەنی دەولەی عێراقی و ئەنجومەنی شورای هەرێمەوە دەرچوون، شەن و کەوی ئەو پرسانە بکەین و لە چوارچێوەی گۆشەیەکی کورتدا و بە پوختی و کورتی و بە زمانێکی کوردی سادە، بابەتەکە بخەینەڕوو، هەروەک هەندێکی دیکەی ئەو بابەتانە کە خراونەتە روو لەبەرەنجامی پرسیار و گفتوگۆ یاسایی و کارگێڕییەکانەوە هاتونەتە ئاراوە کە بیرورا جیاییان لە بارەوە هەیە.

هیواداریین لەم بەرگەشدا، بەشی پێویست لە زانیاری و روونکردنەوەی یاساییمان پێشکەشی خوێنەران کردبێت و تەقەمان لە دەرگای هەندێک بابەتی گرنگ و هەنووکەیی بواری یاسای کارگێڕیی دابێت کە جێگەی گرنگی فەرمانبەرانی یاسایی و کارگێڕیی نێو فەرمانگە حکومییەکان بێت.

له كۆتاييدا ، بەپێویستی دەزانم کە سوپاسی خۆم ئاراستەی بەرێز جەنابی دکتۆر ئەحمەد ئەنوەر سەرۆکی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان بکەم، کە کار ئاسانیکرد بۆ چاپکردنی ئەم بەرگەی کتێبەکە و تێچوونی چاپکردنەکەیان دابینکرد، هیوای سەلامەتی و تەمەنی درێژییان بۆ دەخوازم.

هەروەها رێز و سوپاسم دووپات دەکەمەوە بۆ هەموو ئەو بەرێزانەی کە بە سەرنج و رەخنە و تێبنییەکانیان ئەم پرۆژە دەوڵەمەند دەکەن، چونکە هەموو کارێکی مرۆڤ بێ کەموکورتی نیە جگە لە کارەکانی پەروەردگاری میهری مەزن .

لەگەڵ رێزدا

**مافپەروەر**

**عەبدولقادر سالح عەبدول**

**دبلۆمی باڵا لە یاسای گشتی**

**دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان/سلێمانی**

**پایزی ٢٠٢٠**

# نـــــاوەرۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ئایا دائیرە دەتوانێت ئاگادارکردنەوە (انذار) ئاراستەی کۆمپانیا یان لایەنێکی دیاریکراو بکات؟ | ١ |
| ئیدارە سەربەخۆکان و ئیشکالیەتی پێگەی قانونیان | ٤ |
| درێژکردنەوەی تەمەنی یاسایی خانەنشینی و هەڵەیەکی دووبارە بووەوە | ٦ |
| جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕی بەسەر رابردوودا (أثر الرجعی) | ٨ |
| لیژنەی لێکۆڵینەوە و لیژنەی بە دواداچوون | ١٠ |
| هەواڵەکردنی فەرمانبەر بۆ لێکۆڵینەوە | ١٣ |
| بەرپرسیارێتی لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی | ١٦ |
| دەسەلاتی کارگێڕی و مەشروعیەتی بڕیارەکان | ٢٠ |
| مۆلەتی درێژخایەن و دەرماڵەکان | ٢٢ |
| ئەنجومەنی شورای هەرێم و تانەدان لە بڕیارە کارگێڕییە تەنزیمییەکان | ٢٤ |
| چۆن داوای رادەبڕین (مشوەرت) لە ئەنجومەنی شورای هەرێم دەکرێت؟ | ٢٧ |
| پابەندیی (التزامات)ی فەرمانگەکان لە کۆتایی هێنان بە تەنسیبی فەرمانبەران | ٢٩ |
| رێکخستنی یاسایی پشووە فەرمییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان | ٣٢ |
| پێگەی یاسایی ئەو بڕیار و پێرەو و رێنماییانەی ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ رێکخستنی کاروباری کارگێڕی و دارایی دەری دەکەن | ٣٥ |
| ئەژمارکردنی خزمەتی پارێزەرایەتی بۆ خزمەتی وەزیفی | ٣٧ |
| ئاسەواری سزای بەرزەفتکاریی لەسەر ئەو فەرمانبەرەی کە پلەبەرزکردنەوەی نەماوە | ٣٩ |
| چ دەسەڵاتێک تایبەتمەندە بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان؟ | ٤١ |
| دەربارەی مۆڵەتی کەڵەکەبووی فەرمانبەری دەستلەکارکێشراوە | ٤٤ |
| گەرانەوەی فەرمانبەری فەسڵکراو لە روانگەی قەزای کارگێڕییەوە | ٤٨ |
| ئایا فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ لێکۆڵینەوە دەتوانێت بێدەنگ بێت و وەڵامی لیژنەی لێکۆڵینەوە نەداتەوە؟ | ٥٢ |
| چۆن دائیرەیەک بڕیارێکی خۆی هەڵدوەشێنێتەوە(الغاء) کە پێشتر دەری کردووە؟ | ٥٥ |
| دائیرە چۆن بڕیارێکی خۆی دەکشێنێتەوە (سحب) کەپێشتر دەری کردووە؟ | ٥٩ |
| ئایا رێگەپێدراوە دەسەڵاتی بڕیاردان لە پلەبەرزکردنەوەی (ترفیع) فەرمانبەر بدرێتە بەرێوەبەرە گشتییەکان؟ | ٦٢ |
| کێ مافی بەشداریکردنی هەیە لە ( ضم -کسر القرار ـ) | ٦٥ |
| ئایا رێگەپێدراوە زیاتر لە جارێک نیشانەی گلدانەوە بخرێتە سەر مووچە و دەرماڵەی فەرمانبەر | ٦٩ |

ئایا سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان دەسەلاتی گرتنە بەری ڕێککاری کارگێڕیی ویاساییان هەیە دەرهەق بە فەرمانبەری وەزارەتەکانی دیکە لە سنووری دەسەلاتیاندا؟ ٧٣
مانەوەی فەرمانبەر لە وەزیفە لە پاش کۆتایی هاتنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی ٧٥
لیژنەی لێکۆڵینەوەی هاوبەش ٧٨
ئایا کۆنووسی لیژنەی لێکۆڵینەوە دەبێتە بەڵگەی حوکمدان (أدلە الحکم) ٨٠
غیاب بوونی فەرمانبەر بە هۆی ئامادەبوون لە دادگا ٨٢
دەربارەی تەکییفی دەستپێکێشانەوە (سحب الید) ٨٤
خانەنشینبوون و ڕاگیران و دەستپێکێشانەوەی فەرمانبەر ٨٧
دەستپێکێشانەوەی فەرمانبەر بە گوێرەی یاسای دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان ٨٩
دەستپێکێشانەوەی فەرمانبەر بە گوێرەی یاسای دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان ٩٣
چارەنووسی نیوموچەی ڕاگیراوی فەرمانبەری دەستپێکێشراوە (مسحوب الید) لە حاڵەی بەرداندا (الافراج) ٩٦
ئایا بازدان لە وەرگرتنی ناونیشانی وەزیفی (الترقیە) ڕێگە پێدراوە؟ ٩٨
ئایا جیاوازی ئاین (اختلاف الدین) دەبێتە ڕێگر لە وەرگرتنی مافی خانەنشینی ؟ ١٠١
ئایا ڕێگە پێدراوە لە کاتی مۆڵەتدا فەرمانبەر بگوازرێتەوە ؟ ١٠٣
هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری سزای فەرمانبەر بە هۆی هەبوونی لەکەی شکڵ (عیب الشکل) لەلایەن دادگاوە ١٠٧
خوێندنەوەیەک بۆ ماددەی (٧)ی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت ١١٠
سزادانی فەرمانبەر و عورفێکی دیکەی هەڵە ١١٢
ئایا فەرمانبەر دەتوانێت زیاتر لە کەفالەتێک بکات؟ ١١٥
سەبارەت بە سوپاس و پێزانینی سەرۆکی پەرلەمان ١١٧
ماوەکانی پێشخستن (القدم) لەبەرەنجامی ئاراستەکردنی سوپاس و پێزانینەوە ١٢٠
ئایا پاش تەواوکردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی دەکرێت لە کارترازان بۆ فەرمانبەر نەکرێت؟ ١٢٣
فەرمانبەر و کۆکردنەوەی دوو وەزیفە پێکەوە و بەدەستهێنانی نارەوا ١٢٦
ئایا لە لێکۆڵینەوەی کارگێڕیدا شایەت سوێند دەدرێت؟ ١٢٩
دەربارەی دەسەڵاتی تایبەتمەند بە سزادانی فەرمانبەرانی دەستەی دەستپاکی هەرێم ١٣٢
عەزلکردنی فەرمانبەر بە پێی یاسای دستەی دەستپاکی ١٣٤
لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت و دەستە سەربەخۆکان ١٣٦
سەرچاوەکان ١٤١

## (١)

## ئایا دائیرە دەتوانێت ئاگادارکردنەوە (انذار) ئاراستەی کۆمپانیا یان لایەنێکی دیاریکراو بکات؟

ئاگادارکردنەوە (**انذار**) هەنگاوێک یان رێکارێکە کە (دائن)دەیگرێتە بەر دەرهەق بە(مدین)لەحاڵەتی پێشێلکردنی پابەندییەکانی سەرشانی لەو گرێبەستەی لە نێوانیاندا هەیە، ئەوەش بەمەبەستی پابەندکردنی بەناوەرۆکی ئاگادارکردنەوەکە و یا گرتنە بەری هەنگاوی دواتر گەرهاتوو لایەنی بەرامبەر پابەندنەبوو بە ناوەرۆکی ئاگادارکردنەوەکە، هەروەک ئەم پێناسەیەش دروستە بۆ هەندێک حاڵەتی دیکە کە لە یاسا جیاوازەکاندا دەقی لەسەرهاتووە وەک رێککارێکی بەرایی بەمەبەستی گرتنەبەری رێککاری کرداری گەورە و قورستر لە حاڵەتی پێشتگوێ خستنی ناوەرۆکی ئاگادارکردنەوەکە لەلایەن لایەنی بەرامبەرەوە، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئەم رێککارە کە ئاسەواری یاسایی دەخاتەوە، مەرجە بەردەوام دەسەڵاتی کارگێریی لەرێگەی ددانوسەوە ئاراستەی لایەنی بەرامبەری بکات یان خودی خۆی دەتوانێت پیادەی ئەو دەسەلاتە بکات، بۆنمونە کاتێک کە یاسا مافی داوە بە خاوەن کار (دائیرەی تایبەتمەند) کە بڕیار بدات بە لێوەرگرتنەوەی کار (سحب العمل) لە بەڵێندەر دوای ئەوەی کە بە شێوەی نوسراو ئاگاداری(انذار)دەکاتەوە، ئایا دائیرەی تایبەتمەند بۆ بابەتی ئاگادارکردنەوەکە دەبێت لەرێگەی دادنوسەوە (کاتب عدل) ئاگادارییەکە ئاراستە بکات یان راستەوخۆ دەتوانێت ئاگادارکردنەوەکە ئاراستەی بەڵێندەر بکات؟

لەم بارەیەوە دادگای پێداچونەوەی فیدرالی عێراق لە بڕیارێکی تەمییزیدا بە ژمارە (١٣٦ـ هـ ـ م ـ م- ٢٠١٩ لە ٢٢ /٤ /٢٠١٩) وەڵامی

ئەم بابەتەی داوەتەوە و دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە گەرهاتوو لە یاسای تایبەتمەندا ئاراستەکردنی ئاگادارکردنەوەکە بەو مەرجە نەهاتبوو کە دەبێت لەرێگەی فەرمانگەی دادنووسەوە بێت وەک ئەوەی کە ماددەی (١٧/ ١) لە یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراودا هاتووە، ئەوا لەم کاتەدا دائیرەکە راستەوخۆ ئاگادارکرنەوەکە ئاراستەی لایەنی بەرامبەر دەکات، وەک ئەوەی لە ماددەی (٦٥)ی مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی هاتووە دەربارەی لێسەندنەوەی کار لە بەڵێندەر و دائیرەی خاوەن کار ئاگادارکردنەوەکە ئاراستەی بەڵێندەر دەکات و پێویست ناکات ئاگادارکردنەوەکە لەرێگەی فەرمانگەی دادنووسەوە ئەنجام بدرێت، لە هەمانکاتدا دادگای پێداچوونەوەی فیدرالی دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە پێدانی دەسەڵاتی دادنوسی بەپێی ماددەی (٩)ی یاسای دادنوسان و (حصر) کردنی دەسەلاتەکە بە هەر سێ بابەتەکانی پەسەندکردنی گرێبەست و کەفالەت و بەڵێننامە، نابێتە رێگر لەوەی کە دائیرەی تایبەتمەند ئاگادارکردنەوەکە ئاراستە بکات.

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە، هەر جۆرە ئاگادارکردنەوەیەک (انذار) گەر بێتوو دائیرەی تایبەتمەند پێویست بکات کە ئاراستەی لایەنی بەرامبەری بکات، ئەوا گەرهاتوو لە یاسای تایبەتدا دەقی لەسەر نەهاتبوو کە پێویستە ئاگادارکردنەوەکە لەرێگەی فەرمانگەی دادنوسەوە بێت، ئەوا دائیرەکە دەتوانێت خۆی ئاگادارکردنەوەکە ئاراستە بکات و هەمان ئاسەواری یاسایی دەخاتەوە ، وەک ئاگادارکردنەوەی هاتوو لە ماددەی (١٧)ی یاسای بەکرێدانی ماڵ و سامانی دەوڵەت ژمارە (٣٢)ی ساڵی

١٩٨٦ و هەروەها ئاگادارکردنەوەی هاتوو لە ماددەی (٣)ی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومیەکان ژمارە (٥٦)ی ساڵی ١٩٧٧.

## (٢)

## ئیداره سەربەخۆکان و ئیشکالیەتی پێگەی قانونیان

له هەرێمی کوردستان، دوو ئیداری سەربەخۆ هەیە ک ئەوانیش بریتین له ئیدارەی گەرمیان وئیدارەی راپەڕین، لەرووی کارگێڕییەوە پەیوەندییان بە پارێزگاکانەوە نیە و سەربەخۆن، بەڵام پێگەی یاسایی و پلەی کارگێڕییان روون نیە، کە ئایا لەسەر ئاستی پارێزگاکانن یان نا؟، ئیشکالیەتی قانونی لەمەش گرنگتر نەبوونی پاڵپشتی یاسایی هەبوونی ئەم دوو ئیدارەیە. کە له خوارەوە روونی دەکەینەوە:

**یەکەم:** بە گەرانەوە بۆیاسای ژمارە(٣)ی ساڵی **٢٠٠٩**ی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان له هەرێمی کوردستان – عێراق و هەروەها یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی **٢٠٠٩**ی یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و یاسای ژمارە(٤)ی ساڵی **٢٠٠٩**ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان له هەرێمی کوردستان ، بە هیچ شێوەیەک ناوی ئیدارەی سەربەخۆ نەهاتووە لەرووی پێکهاتە و پێگە و ئاستی کارگێڕییەوە . ئەمەش ئەوەمان بۆ دوپات دەکاتەوە کە ئەم ئیدارە سەربەخۆیانە لەرووی یاسایی دانیان پێدا نەنراوە ، له کاتێکدا ئیدارەی گەرمیان پێش دەرچوونی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی **٢٠٠٩** هەبووە، بێ ئەوەی له یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکاندا چارەسەری یاسایی پێگەکەی کرابێت.

**دووەم:** لەبەرەنجامی خاڵی یەکەمی لای سەرەوە ، رووبەرووی گرفتی یاسایی دیکە دەبینەوە له دیاریکردنی پلەی وەزیفەی سەرۆکی ئیدارە سەربەخۆکان و ئەو دەسەڵاتە یاسایی و کارگێڕییانەی کە پیادەی دەکەن و بڕیاری کارگێڕیی دەردەکەن، چونکە لەبەر ئەوەی پێگەی یاسایی

تەشکیلە ئیدارییەکە روون نیە و پالپشتی یاسایی نیە، ئەوا لەم کاتەدا پێگەی سەرۆک یان بەڕێوەبەری ئیدارە سەربەخۆکەش دیار نییە لە تەواوی رووەکانی ماف و ئیمتیاز و دەسەڵات و پابەندییەکانەوە.
**سێهەم:** جێگەی سەرنجە لە ماوەی زیاتر لە (١١) ساڵی رابردوودا و لە پاش دەرچوونی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، پەرلەمانی کوردستان وەک لایەنی تەشریعی تایبەتمەند و ئەنجومەنی وەزیران وەک دەسەلاتی جێبەجێکردن، لەسەر ئەم بابەتە رانەوەستاون و چارەسەری یاساییان نەکردووە، چۆن دەکرێت دوو یەکەی ئیداری وەک پەیکەربەندی کارگێڕی لە هەرێم هەبن کە لە نێو پەیکەربەندی دەسەلاتی جێبەجێکردن بوونێکی قانونیان نەبێت؟ تا ئاست و پێگە و دەسەلاتیان روون بێت و لەسەر ئەو بنەمایەش رەفتارە یاساییەکانیان ئەنجام بدەن.
لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە ، دەتوانین بڵێین کە ئیدارە سەربەخۆکان لەرووی یاساییەوە ریشە و سەنەدی یاساییان نیە، کە ئەمەش کۆڵەکەی سەرەکی هەموو رەفتارێکی قانونیە لەرووی یاسایەوەو گەر ئەمەش نەبوو ئەوا کۆی کارە یاساییەکانی ئەو دامەزراوانە وەک ناولێنانەکەی کە ئیدارەیەکی سەربەخۆیە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە ، بۆیە بەبروای ئێمە کاری سەرەکی ئەنجومەنی پارێزگاکان و پەرلەمان ساغ کردنەوەی یاسایی ئەم ئیدارە سەربەخۆیانەیە بۆ ئەوەی وەک پێکهاتەیەکی یاسایی لە هەناوی پەیکەربەندی دەسەلاتی جێبەجێکردندا جێگەی خۆیان بکەنەوە و مەرکەزی یاسایی و دەسەلات و پابەندییان روون بێتەوە.

## (٣)

## درێژكردنەوەی تەمەنی یاسایی خانەنشینی و هەڵەیەكی دووبارە بووەوە

وەک ڕێسای گشتی ئەسڵ ئەوەیە کە فەرمانبەر کاتێک تەمەنی یاسایی خانەنشینی تەواوکرد، ئەوا بە حوکمی قانون هەواڵەی خانەنشینی دەکرێت و سیفەتی فەرمانبەرێتی گشتی لە دەستدەدات ، بەڵام وەک بەدەرکردن یاسای خانەنشینی دەسەڵاتێکی جەوازی داوە بەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی یاسایی خانەنشینی فەرمانبەر بۆ ماوەیەک کە لە سێ ساڵ تێپەڕ نەکات، ئەوەش لەسەر بنەمای دەگمەنی پسپۆری فەرمانبەرەکە و جۆری وەزیفەکەی و پێویستی دائیرەکەی بە ڕاژەی فەرمانبەرەکە ، هەروەک لە ماددەی (١/ سێهەم)ی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ی بەرکار لە هەرێم دەقی لەسەر هاتووە، لەسەر ئەم بنەمایەش چەند سەرنجێک تۆمار دەکەین دەربارەی واقیعی جێبەجێکردنی ئەم دەقە لە نێو فەرمانگە و وەزارەتەکاندا:

**یەکەم:** زۆرینەی زۆری داواکارییەکانی درێژکردنەوەی تەمەنی یاسایی خانەنشینی ـ گەر نەڵێم هەمووی ـ ، لەسەر داواکاری خودی فەرمانبەرەکەیە، کە ئەمەش لە گەڵ ڕۆحی ماددەکەدا یەک ناگرێتەوە ، بەڵکو دەبێت دائیرەکە داواکارییەکە بکات و هەر سێ مەرجی هاتووی لای سەرەوە بسەلمێنێ و پاشان ئاراستەی وەزارەتی بکات و ببێتە پێشنیاری وەزیری تایبەتمەند بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، کە بە داخەوە لە هەرێم ڕەچاوی ئەم مەرج و وردەکارییە ناکرێت.

**دووەم:** لەسەر بنەمای خاڵی یەکەمی لای سەرەوە ، بە زۆری ئەو ڕەزامەندییانەی کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دێتەوە دەکەوێتە

دوای تەواوکردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی فەرمانبەرەکە و فەرمانبەرەکە بە حوکمی یاسا پەیوەندی بە وەزیفەوە نەماوە با لە دائیرەکەشیدا مابێتەوە و چاوەڕانی گەڕانەوەی ڕەزامەندییەکەی بکات، بێگومان هێشتنەوەی فەرمانبەر لە وەزیفەکەی بەم پاساوە سەرپێچی یاسایە و دائیرەی فەرمانبەرەکە دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیەوە، چونکە دوای گەڕانەوەی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە دەکەوێتە دوای تەواوکردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی ، ئەوا دائیرەکە ڕووبەڕوی ئیشکالیەتی مامەڵەکردن دەبێتەوە لەگە ماوەی نێوان تەواوکردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی و دووبارە دەستبەکاربونەوەی فەرمانبەرەکە، کە لەبەر ئەوەی لە یاساکەدا گریمانە کراو نیە بۆیە حوکمی تایبەتی بۆ دانەنراوە، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا یاسادانەر زاراوەی درێژکردنەوە (تمدید)ی بەکارهێناوە کە ئەمەش پێشبینی پچڕانی ناکرێت و ئەوەمان پێدەڵێت کە دەبێت پێش کۆتایی هاتنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی فەرمانبەرەکە و لەکارترازانی بە حوکمی قانون، ڕەزامەندییەکەی پێگەیشتبێتەوە.

**سێهەم:** بۆچارەسەکردنی ئەم بابەتە دەبێت دائیرەی تایبەتمەند بە ماوەیەکی زەمەنی لانی کەم شەش مانگ پێشتر داواکاریەکەی بەرز بکاتەوە بۆ وەزارەت و لەلایەن خۆشیەوە وەزیر وەک پێشنیار لە زووترین کاتدا بیخاتە بەردەم سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، هەروەک بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت ماوەیەکی زەمەنی دەستنیشان بکات بۆ سەرجەم وەزارەت و لایەنە نەبەستراوەکان بەوەزارەت کە نابێت داواکاری درێژکردنەوەی تەمەنی یاسایی خانەنشینی پێش (٤) مانگ کەمتر لە تەواوکردنی تەمەنی یاسایی فەرمانبەرەکە بگاتە ئەنجومەن.

## (٤)
## جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕیی بەسەر رابردوودا (أثر الرجعی)

بنەمای جێبەجێنەکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان بەسەر رابردوودا (مبدأ عدم رجعیة القرارات الاداریة)، یەکێکە لەو بنەما یاسایانەی کە هەڵگری بەهایەکی دەستووریە و بەهیچ شێوەیەک رێگەپێدراو نیە کە دەسەلاتی کارگێڕی ئەم بنەمایە پێشێل بکات بە هەر پاساوێک، کە لە خوارەوە لە دوو خاڵدا سەرنجی لە بارەوە تۆمار دەکەین:

**یەکەم: لەرووی بابەتەوە (محل القرار)**

جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕی بەسەر رابردوودا، زەوتکردنی مافە بەدەستهاتووەکانە ، کە ئەمەش ئاسەوارێکە پێچەوانەی یاسایە و رێگە پێدراو نیە کە دەسەڵاتی کارگێڕی بە بڕیارێک دەستببات بۆ مافە بەدەستهاتووەکان (الحقوق المکتسبة).

**دووەم: لەرووی دەسەلاتەوە**

جێبەجێکردنی بریاری کارگێڕی بەسەر رابردوو ، دەستدرێژکردنە سەر تایبەتمەندییەکانی دەسەلاتی یاسادانانە، چونکە تەنها دەسەلاتی یاسادانان دەتوانێت بریار بدات بە جێبەجێکردنی بڕیارێک بەسەر رابردوودا.، لەسەر ئەم بنەمایەش ، هەر بریارێک بەسەر رابردوودا جێبەجێ بکرێت بەبریارێکی نەبوو (معدوم) دادەنرێت، لەبەر ئەوەی دەسەلاتی جێبەجێکردنی دەستدرێژکردۆتەوە سەر تایبەتمەندی دەسەلاتی یاسادانان.

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە ، جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕی بەسەر رابردوودا، هیچ سەنەدێکی یاسایی نیە جگە لەوەی لەرووی بابەتی بریارەکەوە (محل القرار) بریارەکە لەکەدار دەکات بە لەکەیەکی قورس (عیب جسیم) و لەرووی دەسەلاتەوە بڕیارەکە لەکەدار دەکات بە لەکەی

نەبوونی دەسەلاتی (عیب عدم اختصاص الجسیم) و دواجار بریارەکە مەعدوم دەکات و لە مەرتەبەی بریاری کارگێڕی دەیهێنێتە خوارەوە بۆ ئاستی کارێکی ماددەی دەسەلاتی جێبەجێکردن[1].

[1] بۆ نووسینی ئەم بابەتە سود وەرگیراوە لە بابەتێکی دکتۆر غازی فەیسەل مەهدی بە ناونیشانی (مبدأ عدم رجعیة القرارات الاداریة)کە لە ئەکاونتی تایبەتی بەرێزیان بڵاوی کردۆتەوە

## (٥)
## لیژنەی لێکۆڵینەوە و لیژنەی بە دواداچوون

لیژنەی لێکۆڵینەوە و لیژنەی بە دواداچوون بریتین لەو لیژنانەی کە بە گوێرەی پێویست و ئەو دۆخانەی رووبەرووی دائیرەکان دەبێتەوە پێکدەهێنرێن، بەڵام هەندێکجار تێکەڵکردن روودەدات لە نێوان کاروبارەکانی ئەو دوو جۆرە لیژنەیەدا ، بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین لە میانەی چەند سەرنجێکی یاساییەوە جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆرە لیژنەیە روون بکەینەوە:

**یەکەم: لەرووی دەسەلاتی پێکهێنانەوە**

لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی کە سەنەدە قاتونییەکەی دەگەرێتەوە بۆ ماددەی (١٠/یەکەم) لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ، ئەوانەی دەتوانن ئەم لیژنەیە پێکبهێنن بریتین لە وەزیر و بریکاری وەزارەت و ئەوانەی پلەی بریکاری وەزارەتیان هەیە و دامەزراوەیەکی کارگێڕی بەرێوەدەبەن وەک پارێزگار یان سەرۆکی زانکۆ و بەرێوەبەری گشتی ، لەگەل ئەو فەرمانبەرەی کە وەزیری تایبەتمەند دەسەلاتی دەداتێ، بەلام لیژنەی بە دواداچوون یاسایەکی دیاریکراو رێکی نەخستووە و بە گوێرەی پێداویستی کاروباری دائیرەکان پێکدەهێنرێت هەر دامەزراوەیەکی کارگێڕی دەتوانێت پێکیبهێنێت بۆ ئەو مەبەستەی کە خۆی دەیەوێت.

**دووەم: لەرووی شکلەوە**

لیژنەی لێکۆڵینەوە لەرووی شکلەوە دەبێت رەچاوی ژمارەی ئەندامانی لیژنەکە و شێوازەکانی کارکردن و ناونیشانی وەزیفی ئەندامانی لیژنەکەی تیا بکرێت وەک ئەوەی لە ماددەی (١٠)ی یاسای بەرزەفتکردندا هاتووە

و گەر هاتوو رەچاوی ئەو مەرجانە نەکرێت لە پێکهێنان و رێککارەکانی لیژنەکە، ئەوا کاروبارەکانی لیژنەکە لەکەدار دەبێت، بەو مانایەی کە دەسەلاتی کارگێڕی لە پێکهێنانی ئەم لیژنەیە لەروی شکلیەوە دەسەلاتی کۆتوبەندکراوە، بەلام لیژنەی بە دواداچوون هیچ مەرجێکی شکلی لە بارەوە نەهاتووە کە یاسایەک دەقی لەسەر هێنابێت، چ لەرووی ژمارەی ئەندامانی لیژنەکە یان ناونیشانی وەزیفی ئەندامانی لیژنەکە یان شێوازەکانی کاری لیژنەکە، بەو مانایەی کە دەسەلاتی کارگێڕی لە پێکهێنانی ئەم لیژنەیە لەروی شکلیەوە دەسەلاتی تەقدیرییە.

**سێهەم: لەرووی تایبەتمەندێتی لیژنەکانەوە**

لەرووی تایبەتمەندێتیەوە لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕی تایبەتمەندە بە لێکۆڵینەوەکردن لە پەیوەندی نێوان فەرمانبەر و ئەو سەرپێچییەی دراوەتە پاڵی و هەروەها وەرگرتنی وتەی فەرمانبەرەکە و پێشنیارکردنی سزای بەرزەفتکاری بۆ فەرمانبەرەکە یان داخستنی دۆسیەکە یان هەواڵەکردنی بۆ دادگای تایبەتمەند[٢] یاخود پێشنیاری دەستپێکێشانەوە . بەلام لیژنەی

---

[٢] هەندێکجار ئەو پرسیارە دەکرێت کە مەبەست لە دادگای تایبەتمەند (المحكمة المختصة) چیە کە بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٠/سێیەم) لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە(١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ناوی هاتووە و فەرمانبەرەکەی بۆ هەواڵە دەکرێت؟. لە وەڵامدا دەڵێین لەبەر ئەوەی کە ماددە و بڕگەی ئاماژە پێکراوە باسی لەوە کردووە گەرهاتوو ئەو کردەوەی فەرمانبەرەکە ئەنجامی دابوو تاوانێکی پێکدەهێنا لەبەرەنجامی وەزیفەکەیەوە یان بەسیفەتە رەسمیەکەی ئەنجامی دابوو، ئەوا هەواڵەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت کە بریتییە لە دادگای لێکۆڵینەوەی سزایی کە سەرەتای دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەیە لەو تاوانە سزاییەی کە فەرمانبەرەکە ئەنجامی داوە و لەم بوارەشدا بەگوێرەی یاسای بنەما دادگاییە سزاییەکان ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو دادوەر پاش لێکۆڵینەوە

دواداچوون ناتوانێت وتەی فەرمانبەر وەربگرێت یان لێکۆڵینەوە بکات و زیاتر کاروبارەکانی بە دواداچوونی نوسراو و پەراوەکانە کە دواتر ئەنجامی بە دواداچوونەکانی و پێشنیارەکانی دەخاتە بەردەم ئەو لایەنەی کە پێکهێناوە.

**چوارەم: پێکهێنانی لیژنە لە نێوان چەند دائیرەیەکی جیاوازدا**

لیژنەی لێکۆڵینەوە لیژنەیەکی تایبەتمەندەو تەنها دەتوانرێت لە چوارچێوەی یەک وەزارەتدا لەلایەن وەزیرەوە پێکبهێنرێت ، یان لەلایەن بەرێوەبەری گشتیی بۆ سنوری بەرێوەبەرایەتییەکەی پێکبهێنرێت، بەو مانایەی جائیز نیە لە نێوان دوو وەزارەتی جیاواز یان دوو دایرەی جیاواز پێکبهێنریت، بەلام دەکرێت لیژنەی بە دواداچوون لە نێوان چەند دائیرەیەکی جیاوازدا پێکبهێنرێت، گەرهاتوو فەرمانی لیژنەکە لەلایەن لایەنێکی بالاوە دەرکرابێت، بۆنمونە پێکهێنانی لیژنەی بە دواداچوون لەلایەن پارێزگارەوە لە فەرمانبەرانی چەند دائیرەیەکی جیاوازی سنووری پارێزگاکە.

---

لە دۆسیەکە، بریار لە چارەنووسی فەرمانبەرەکە و دۆسیەکەی دەدا بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٣٠)یاساکە، هەروەها لەرووی تایبەتمەندی شوێنەوە(اختصاص المكاني) ئەوا فەرمانبەرەکە هەواڵەی ئەو دادگایە دەکرێت کە لەرووی تایبەتمەندی شوێنەوە دەتوانێت دۆسیەکە ببینێت ئەمەش بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٥٣)ی هەمان یاسا، بەکورتی مەبەست لە دادگای تایبەتمەند، بریتییە لەو دادگایەی کە لەرووی تایبەتمەندی بابەتیی (الاختصاص الموضوعي) و هەروەها تایبەتمەندی شوێنی (الاختصاص المكاني) دەسەلاتی بینینی داواکەی هەیە. خۆ گەرهاتوو فەرمانبەرەکە هەواڵەی دادگایەک کرا کە تایبەتمەند نەبوو، ئەوا بە پێی ماددەی (٥٣/ ج)ی یاساکە دەبێت دادوەر پەراوی لێکۆڵینەوەکە هەواڵەی دادگای تایبەتمەند بکات.

## (٦)

## هەواڵەکردنی فەرمانبەر بۆ لێکۆڵینەوە

هەندێک جار لە راپۆرتەکانی چاودێری دارایی ، داوای پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە دەکرێت لەسەر دۆسیەیەک یان کێشەیەک بێ ئەوەی تەشخیصی فەرمانبەرێکی دیاریکراو بکرێت و ناوی بهێنرێت، هەروەک لەلایەن خۆشیانەوە وەک نەریتێکی بەربڵاو لە نێو فەرمانگەکاندا، کاتێک بڕیاری پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە دەدرێت، لیژنەکە لەسەر کێشەیەک یان دۆسیەیەک پێکدێت بێ ئەوەی ناوی فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ لێکۆڵینەوەی تێدا بهێنرێت، رەنگە ئەم بابەتە لەرووی واقیعی کردارییەوە زۆر جار رووبەرووومان بووبێتەوە ، لێرەدا دەپرسین ئایا دروستە بێ ناوهێنانی فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ لێکۆڵینەوە ، لیژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر دۆسیەیەک یان کێشەیەک پێکبهێنرێت؟ لە خوارەوە هەوڵدەدەین چەند سەرنجێکی قانونی لەم بارەیەوە تۆمار بکەین:

**یەکەم:** لیژنەی لێکۆڵینەوە تایبەتمەندە بە لێکۆڵینەوەکردن لە راستی پەیوەندی نێوان فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ لێکۆڵینەوە لەگەل ئەوسەرپێچیەی (المخالفة) دراوەتەوە پاڵی، کە ئایا ئەو فەرمانبەرە ئەو سەرپێچییەی ئەنجامداوە، هۆکاری ئەنجامدانی چی بووە ؟ چ کاتێک ئەنجامی داوە و لە کوێ ئەنجامی داوە.[٣]

**دووەم:** لەسەر بنەمای خاڵی یەکەم پێویستە ئەو سەرپێچییەی کە دراوەتە پاڵ فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر بنەمای گومان یان

---

[٣] حسن محمد دحام، أصول التحقيق الاداري في ظل القوانين العراقية، ط١، مطبعة بغداد، ٢٠١٧، ص٧.

دژایەتیکردن دانەمەزرابێت، بەڵکو پێویستە دەسەلاتی کارگێڕی بەڵگەی بنبڕ و یەکلاکەرەوەی لابێت ئەو سەرپێچییە ئەنجام دراوە لەلایەن فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ لێکۆڵینەوە [٤].

**سێهەم:** پێویستە فەرمانبەر پێش وەختە ئاگادار بکرێتەوە لەوەی هەواڵەی لیژنەی لێکۆڵینەوەکراوە لەسەر ئەو سەرپێچییەی کە لە فەرمانەکەدا هاتووە، بێگومان ئەمەش زەمانەتێکە بۆ فەرمانبەرەکە تا بزانێت لەسەر چی لێکۆڵینەوەی لەگەل دەکرێت بۆ ئەوەی بەڵگە و نوسراوی پێویست کۆ بکاتەوە بۆ سەلماندنی بێتاوانی خۆی لەبەردەم لیژنەکەدا. [٥]

**چوارەم:** ناوهێنانی فەرمانبەر و سەرپێچییەکەی لە فەرمانی کارگێڕی پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە ئاسانکاری دەکات بۆ لیژنەک بەمەبەستی تەبلیغکردنی فەرمانبەر بە ئامادەبوونی لەبەردەم لیژنەکە و دیاریکردنی شوێن و کاتی لێکۆلینەوە و بۆ ئەم بابەتەش لیژنەکە پسولەی پێراگەیاندنی فەرمانبەر بۆ ئامادەبوونی لەبەردەم لیژنەکە ئامادە دەکات.

لەسەر بنەمای ئەو خالانەی لای سەرەوە ، پێویستە لە فەرمانی پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوەدا ناوی فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ لێکۆڵینەوە بهێنرێت، لەبەر ئەوەی لە عێراق و هەرێم فەرمانی پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە و فەرمانی هەواڵەکردنی فەرمانبەر بۆ لێکۆڵینەوە یەک فەرمانە، لە هەمانکاتدا کاری لیژنەی لێکۆڵینەوە نیە تا بە دوای سەرپێچی کارگێڕیدا بگەرێت و لێکۆڵینەوەی لەو بارەوە بکات و بە راست و

---

[٤] د. صعب ناجي عبود، المرشد العملي في اجراءات التحقيق الإداري و ضماناته، منشورات مكتبة السنهوري، بغداد، ط١، ص١٠.

[٥] د. عثمان سلمان غيلان العبودي، شرح أحكام قانون انضباط موظفي الدولة والقطاع العام رقم ١٤ لسنة ١٩٩١، ط١، بغداد، ص٢٧٢.

چەپدا فەرمانبەر بانگهێشت بکات و لێکۆڵینەوەی لەگەل بکات. لەسەر ئەم بنەمایەش پێویستە دەسەلاتی کارگێڕیی لە بوونی سەرپێچییەکە دڵنیابێت لەگەل ئەو فەرمانبەرەی کە سەرپێچییەکەی ئەنجامداوە، ئەو کات لیژنەی لێکۆڵینەوە پێکبهێنێت، نەک لەسەر دۆسیەیەک یان کێشەیەک کە نازانرێت کێ سەرپێچی تێدا کردووە لیژنەی لێکۆڵینەوە پێکبهێنرێت.

## (٧)

## بەرپرسیاریتی لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی

لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی بە پێی ماددەی (١٠/یەکەم) لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ پێکدەهێنرێت بەمەبەستی لێکۆڵینەوەکردن لە پەیوەندی نێوان ئەو سەرپێچیەی دراوەتە پاڵ فەرمانبەر لەگەل خودی فەرمانبەرەکەدا کە ئایا فەرمانبەرەکە ئەو سەرپێچییەی ئەنجام داوە یا نا ، بۆ ئەوەی دواتر پێشنیار بکات بە داخستنی دۆسیەکە و سزانەدانی فەرمانبەرەکە یان پێشنیار بکات بە سزادانی فەرمانبەرەکە .. لەسەر ئەم بنەمایەش ، لیژنەی لیژنەی لێکۆڵینەوە ئەرک و بەرپرسیارێتییەکی نیمچە قەزایی دەکەوێتە سەرشان و پێویستە ئەندامانی لیژنەکە بە تەواوی پیشەیی و بەرپرسیارێتیەوە ئەرکەکانی سەرشانیان جێبەجێ بکەن و کەمتەرخەمی نەنوێنین، لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات کە ئایا دەکرێت لێپرسینەوە و سزای ئەندامانی لیژنەی لێکۆڵینەوە بدرێت گەرهاتوو نەیانتوانی لێکۆڵینەوەکە بەباشی ئەنجامبدەن؟ یاخود نەیانتوانی پێشنیارگەلێکی قەناعەت پێهێنەر پێشکەشی ئەو لایەنە بکەن کە لیژنەکەی پێکهێناوە؟ لە خوارەوە بە چەند سەرنجێک روونکردنەوە لەم بارەیەوە دەدەین:

**یەکەم:** بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٠/یەکەم) لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت، پێویستە ئەندامانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کەسانی خاوەن شارەزایی (ذوي الخبرة) پێکبهێنرێت، ئەمەش وەک مەرجێکی شکلی جەوهەری هاتووە و دەسەلاتی کارگێڕیی دەبێت پێوەی پابەند بێت، کە بەبروای ئێمە ئەم مەرجە هەنگاوی یەکەم و بناغەی پتەوی سەرکەوتنی کاروبارەکانی لیژنەکەیە، لەپیرەو نەکردنی ئەم مەرجە

لەلایەن ئەو دەسەڵاتەی کە لیژنەکەی پێکهێناوە بەرپرسیارێتی باش ئەنجام نەدانی کاروبارەکانی لیژنەکە دەکەوێتەوە . بێگومان مەبەستیش لە خاوەن شارەزایی، بەو مانایە دێت کە ئەندامانی لیژنەکە لە بابەتی لێکۆڵینەوەکەدا خاوەن شارەزایی پێویست بن.

**دووەم:** لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی پاش ئەنجامدانی کارەکانی ، پێشنیار دەخاتە بەردەستی ئەو لایەنەی کە پێکیهێناوە ، بەو مانایەی کە لیژنەکە خۆی بڕیار لە دۆسیەکە نادات، بەڵکو هەموو ئەوەی کە لیژنەکە ئەنجامی دەدات بریتییە لەو پێشنیارانەی کە لەبەرەنجامی لێکۆڵینەوەکەیانەوە پێی دەگەن و ئەم پێشنیارانەش نابنە بڕیار و شیاوی تانەلێدان نابن، تا ئەو کاتەی کە لەلایەن ئەو دەسەڵاتە کارگێڕییەی لیژنەکەی پێکهێناوە پەسەند دەکرێن و دەبن بڕیاری کارگێڕیی ، کاتێکیش کە لایەنی تایبەتمەند پێشنیارەکانی پەسەند کرد، بەبروای ئێمە دەبێتە بڕیاری خودی ئەو لایەنە و بابەتی لیژنەکە و پێکهاتن و ئەنجامدانی کارەکانی دواجار دەبنە ڕێککارێکی شکلی جەوهەری بۆ خودی پایەی شکل و ڕێککارەکان بڕیارەکە (ركن الشكل والاجراءات) و بە نەبوونی ئەم ڕێککارە بڕیاری دەرچوو لە لایەن دەسەلاتە کارگێڕییەکەوە لەکەدار دەبێت بە لەکەی شکل و ڕێککارەکان .

**سێیەم:** ئەندامانی لیژنەی لێکۆڵینەوە پێویستە لەرووی کات و ئەو ڕێککارانەی کە گرتویانەتە بەر لە میانەی لێکۆڵینەوەکەیانەوە و هەروەها ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەرشانیان و پەیرەوکردنی یاسا و ڕێنماییەکانەوە کاری پێویستیان ئەنجام دابێت و کەمتەرخەمیان نەنواندبێت لەئەنجامدانی ئەرکەکانی سەرشانیان یاخود ڕێککارێکی گرنگیان پشتگوێ نەخستبێت، کە لەم کاتەدا هەمان پابەندی کەسێکی ئاسایی ئەم بوارەیان دەکەوێتە

سەرشان، ئیتر مەرج نیە کە لە میانەی ئەنجامدانی کاروبارەکانی لیژنەکە و ئەو پێشنیارانەی کە پێشکەشی دەکەن، قەناعەت بهێنێت بە لایەنەی کە لیژنەکەی پێکهێناوە، خۆگەر هاتوو ئەو لایەنەی کە لیژنەکەی پێکهێناوە قەناعەتی بە پێشنیارەکانی لیژنەکە نەکرد، ئەوا لەم کاتەدا دەتوانێت لیژنەیەکی دیکە پێکبهێنت و کۆنووسی لیژنەی پێشوو پەسەند نەکات، هەروەها رێگەپێدراو نیە ئەندامانی لیژنەکە نیە سزا بدرێن لەسەر ئەوەی کە پێشنیارەکانیان قەناعەت پێهێنەر نەبووە بۆ ئەو لایەنەی پێکیهێناوە، هەروەک لەلایەن خۆیەوە دادگای قەزای فەرمانبەران لە عێراق لە بڕیاری ژمارە(٧٩٩/ج/٢٠١٧ لە١٥/٤/٢٠١٨) دووپاتی ئەم بابەتەی کردۆتەوە.

**چوارەم:**بەبڕوای ئێمە گەرهاتوو ئەندامانی لیژنەکە کەمتەرخەمبوون لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان وەک ئەوەی کە سستیان نواند لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و کاروبارەکانی لێکۆڵینەوەکەیان دواخست بێ هەبوونی هیچ جۆرە پاساوێکی بەجێ، یان رێککارە بنەڕەتییەکانی کاروباری لیژنەکەیان پەیرەو نەکرد وەک ئەوەی یاساکە دەقی لەبارەوە هێناوە وەک ئەوەی لێکۆڵینەوەکەیان بە نووسین ئەنجام نەدابوو، یان فەرمانبەرەکەیان بانگ نەکردبوو بۆ بەردەم لیژنەکەیان تا گوێ لە وتەکانی بگرن و وتەکانی تۆمار بکەن، ئەوا لەم کاتەدا دەکرێت لێپرسینەوەیان لەگەل بکرێت، چونکە ئەنجامدانی کاروبارەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە ، یەکێکە لە ئەرکە وەزیفییەکانی سەرشانی فەرمانبەر و پێویست دەکات بە رێکوپێکی و بێ کەمتەرخەمی و پشتگوێ خستن ئەنجام بدرێت بەو شێوەیەی کە یاساکە دەقی لە بارەیەوە هێناوە .

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە ، گەرهاتوو لیژنەی لێکۆڵینەوە ئەرکەکانی خۆی بە پیشەیی و وەک ئەوەی یاساکە دەقی لە بارەیەوە هێناوە ئەنجامدا ئەوا لەم کاتەدا ئەرکی سەرشانی خۆیان جێبەجێکردووە و مەرج نیە ئەو پێشنیارانەی کە کردوویانە قەناعەت پێهێنەر بێت بۆ ئەو لایەنەی کە لیژنەکەی پێکهێناوە و بەم جۆرە رێگە پێدراو نیە کە لێپرسینەوەیان لەگەل بکرێت، بەلام گەرهاتوو لیژنەکە لە میانەی ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەرشانیدا کەرمتەرخەمی نواند و رێککارەکانی دەق لەسەرهاتووی پشتگوێخست و سستی نواند لە ئەنجامدانی کاروبارەکانیدا، ئەوا لەم کاتەدا دەکرێت لێپرسینەوەیان لەگەل بکرێت .

## (٨)

## دەسەلاتی کارگێڕی و مەشروعیەتی بڕیارەکان

هەندێکجار لە دائیرەکاندا، بڕیار دەدرێت بە گواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەرێک یان بەخشینی لە پۆستێک، بەلام دواتر فەرمانبەری پەیوەندیدار کە ڕاژەکەی گوازراوەتەوە یان لە پۆستەکەی بەخشراوە دادخوازی (تەزەلوم) دەکات ئیتر لای ئەو لایەنە بێت کە بڕیارەکەی دەرکردووە یان سەرووتربێت، لەم کاتەدا ئەوە بەدیکراوە کە هەندێک لە دائیرەکان لیژنەی لێکۆڵینەوە یان لیژنەی دیکە بۆ ئەم بابەتە پێکدێنن.. لێرەدا دەپرسین ئایا پێکهێنانی لیژنە تاچەند ڕێککارێکی دروستە؟ ئایا ئیدارە خۆی بێ گەڕانەوە بۆ لیژنەی لێکۆڵینەوە ناتوانێت بڕیار لە ڕاستی و دروستی بڕیاری پێشووتری بدات، بۆ وەلامدانەوەی ئەم بابەتە لە خوارەوە چەند سەرنجێکی یاسایی تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** بە گوێرەی ئاراستە فیقهییەکان و ڕێسا گشتییەکان ، دەسەلاتی کارگێڕی دەتوانێت لە هەندێک باردا بڕیارەکانی خۆی هەڵوەشێنێتەوە (الغاء) یان بیان کشێنێتەوە (سحب) ، بێگومان ئەمەش بەرچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی و کەوتنەوەی ماف بۆ تاکەکان ، کە لێرەدا دەرفەتی چوونە ناو ئەم وردەکارییەمان نیە.

**دووەم:** پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی یان هەر لیژنەیەکی دیکە بۆ پێداچوونەوە بە بڕیارێکی دەسەلاتی کارگێڕیی و وەستانەوە لەسەر مەشروعیەتی بڕیارەکە، هیچ بنەما و پاڵپشتیکی قانونی نیە، چونکە لەلایەک ئەم بابەتە لە تایبەتمەندی لیژنەی لێکۆڵینەوە نیە و لە لایەکی دیکەش هیچ لیژنەیەکی دیکە ناتوانێت و مومارەسەی ئەم تایبەتمەندییە

بکات، چونکە ئەوە تایبەتمەندی قەزای کارگێڕییە، هەروەها ناکرێت دەسەلاتی کارگێڕی لە یەک کاتدا هەم حەکەم و هەم لایەن بێت.

**سێهەم:**دەسەلاتی تایبەتمەند بە چاودێرەی مەشروعیەتی بریاری کارگێڕی، بریتییە لە قەزای کارگێڕی بە هەردوو باڵی قەزای وەزیفی و قەزای کارگێڕی ، ئەم تایبەتمەندییەش بە یاسا رێکخراوەو جائیز نیە دەسەلاتی کارگێڕیی لەرێگەی لیژنەوە هەستێ بە چاودێری کردنەکە و بزانێت بریارەکەی مەشروع بووە یان نا ، بەلام ئەمەش ناکاتە ئەوەی کە دەسەلاتی کارگێڕی گەرهاتوو بە پێی یاسا دادخوازی ئاراستەکرا، بابەتەکە بخاتە بەردەم لیژنەیەک یان کەسانی شارەزا بۆ وەرگرتنی بیروڕایان، کە ئەمە تایبەتە بەو بریارانەی بە دەقی یاسا دەبێت تەزەلومیان لێ بکرێت وەک بریاری سزادانی فەرمانبەر بە گوێرەی یاسای بەرزەفتکردن یان ئەو بریارانەی دەچنە چوارچێوەی تایبەتمەندی دادگای کارگێڕیەوە..

لەسەر بنەمای ئەو خالانەی لای سەرەوە ، ئەو فەرمانبەرەی کە بریاری گواستنەوەی راژەکەی دراوە یان بەخشراوە لە پۆستەکەی ، باشتر وایە راستەوخۆ لەبەردەم دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەران داوا تۆمار بکات، نەک تەزەلوم بکات، چونکە تەزەلوم کردن بۆ ئەم بابەتانە جەوازییە و رەنگە فەرمانبەرەکە بە هۆی چاوەری کردنی وەلامی تەزەلومەکەی ماوەی تانەدان لە بریارەکەی لە دەست بچێت و دواجار داواکە لەرووی شکلەوە رەتبکرێتەوە.

## (٩)

## مۆڵەتی درێژخایەن و دەرماڵەکان

هەندێکجار فەرمانبەر مۆڵەتی خوێندن یان دووگیانی یاخود دایکایەتی یان مۆڵەتی نەخۆشی یا مۆلەتی ئاسایی وەردەگرێت کە ماوەی زیاتر بێت لە یەک مانگ، لەم کاتەدا گرفت دروست دەبێت لە چۆنیەتی خەرجکردنی دەرماڵەکانیدا، هەندێکجار لەگەل وەرگرتنی مۆلەتەکەی تەواوی ئەو دەرماڵانەی لێ دەبڕن کە شایستەی بووە و هەندێکجاریش دوای مانگێک لێی دەبڕن، بۆ روونکردنەوەی ئەم بابەتە لە خوارەوە چەند سەرنجێکی یاسایی دەخەینەڕوو:

**یەکەم:** دەرماڵەکانی بڕوانامە و هاوسەرێتی و منالْ، بریتین لەو دەرماڵانەی کە جێگیرن و بە درێژایی ماوەی مۆلەتەکە بۆ فەرمانبەر خەرجدەکرێن ئیتر ماوەی مۆلەتەکەی هەرچەند بێت.

**دووەم:** دەرماڵەکانی دیکەی مەترسی و دەرماڵەی پایە ئەوا لەم کاتەدا ئەم دەرماڵانە بۆ فەرمانبەرەکە خەرجدەکرێت بۆ مانگی یەکەمی مۆلەتەکەی و لە پاش کۆتایی هاتنی مانگی یەکەم ئیتر ئەم دەرماڵانە دەبڕدرێن و بۆ فەرمانبەرەکە خەرجناکرێن ، هەروەک لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی شورای دەولەت لە عێراق لە بریاری ژمارە (٧١ / ٢٠١٤) دووپاتی کردۆتەوە و لە هەمانکاتدا وەزارەتی دارایی عێراقیش لە نوسراوی ژمارە (٢٥٨١٤) لە١٥ / ١١/ ٢٠١٧ دووپاتی کردۆتەوە و تەنانەت وەزارەتی دارایی عێراق جەختی لەوەش کردۆتەوە کە دەرماڵەی جوگرافی هەمان حوکمی دەرمالەی ترسناکی یان پایەی هەیە و تا مانگی یەکەمی مۆلەتەکە بۆ فەرمانبەر خەرجدەکرێت و لەدوای ئەوە لێی دەبڕدرێت.

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە ، رێگە پێدراو نییە کە دەرمالەی فەرمانبەر لە کاتی وەرگرتنی مۆڵەت بۆ ماوەی زیاتر لە یەک مانگ هەموو ببڕدرێت هەروەک هەندێک لە دائیرەکانی پەیرەوی دەکەن، بەڵکو دەبێت ئەو دەرماڵانەی ناویان هات لای سەرەوە بۆیان خەرج بکرێت بۆ ماوەی مانگی یەکەمی مۆڵەتەکەی و دواتر لێیان ببڕدرێت. بۆ نمونە ئەگەر خانمە فەرمانبەر مۆڵەتی لە دایکبوونی (الولادة) وەرگرتبوو کە ماوەکەی (٥١) رۆژە ئەوا لەم کاتەدا دەرمالەکانی بۆ خەرجدەکرێت بۆ ماوەی مانگی یەکەمی مۆڵەتەکەی پاشماوەکەی لێ دەبڕێت.

## (١٠)

## ئەنجومەنی شورای هەرێم و
## تانەدان لە بڕیارە کارگێڕییە تەنزیمییەکان لە هەرێمی کوردستان

بڕیارە کارگێڕییە تەنزیمییەکان (القرارات الإدارية التنظيمية) بریتین لەو بڕیارانەی کە رێسای گشتی داماڵراو (قواعد عامة مجردة) لە خۆدەگرن و گوفتار لەگەڵ تاکەکان دەکەن بە سیفەتەکانیان نەک بە زاتی خۆیان، بۆ نمونە بڕیارێکی تەنزیمی دەردەچێت بۆ پێدانی دەرماڵەی یاسایی بە فەرمانبەرانی یاسایی ، واتە لێرەدا بریارەکە ئاراستەی ئەوانە کراوە کە ناونیشانی یاساییان هەڵگرتووە، لەم بەرەنجامەشەوە ئەم جۆرە بریارانە لەرووی بابەتەوە هەڵگری رێسای گشتی داماڵراون کە لەمەشدا وەک یاسای ئاسایی وان، بەلام لەلایەن دەسەلاتی کارگێڕییەوە دەردەچن، لەسەر ئەم بنەمایەش دەتوانین بڵێین کە پێرەو و رێنماییەکانی دەرچوو لە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکانەوە ، بریاری تەنزیمین.

قەزای کارگێڕیی لە هەرێمی کوردستان هەمان هەنگاوی قەزای کارگێڕیی لە عێراقی هەڵگرتووە کە تا ساڵی ٢٠١٣ و دەرچوونی یاسای هەمواری پێنجەمی یاسای ئەنجومەنی شورای دەولەت پیادەی کرد، بەو مانایەی کە ئەنجومەنی شورای عیراق کاتێک تانە بدرایە لە بریارێکی تەنزیمی سەیری نەدەکرد بەو پاساوەی کە لە تایبەتمەندی ئەنجومەنەکە نیە ، لە کاتێکدا لایەنی فیقهی بە پێچەوانەی ئەم ئاراستەیەوە سەیری بابەتەکەی دەکرد، بەلام لە پاش دەرچوونی یاسای هەمواری پێنجەمی یاسای ئەنجومەنی شورای دەولەت، یاسادانەر بە دەقی راشکاوانە بریارە تەنزیمییەکانی ملکەچ کرد بۆ چاودێری قەزای کارگێڕیی کە رێگە

پێدراوە تانەیان لێ بدرێت. بەم جۆرەش لەسەر ئاستی عێراق بابەتەکە یەکلاکرایەوە.
بەلام لە هەرێمی کوردستان و لە پاش دەرچوونی یاسای ئەنجومەنی شورا ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ ، ئەم ئەنجومەنە هەمان ئیجتیهادی ئەنجومەنی شورای دەولەتی عێراقی دووبارەکردۆتەوە و خۆی دەگرێتەوە لەسەیرکردنی بریارە کارگێڕییە تەنزیمیەکان بەو پاساوەی کە بە دەقی راشکاوانە لە یاساکەدا ناوی نەهاتووە، بەم هۆیەشەوە ئەگەر تانە لە پێرەو یان رێنماییەک بدرێت ئەوا ئەنجومەنەکە لەسەر ئاستی مەشروع بوونیان ناوەستێتەوە و بریاری لە بارەوە نادات، کە بەبروای ئێمە ئەمە ئاراستەیەکی دروست و گونجاو نیە لەبەر ئەم ئیعتبارانەی لای خوارەوە:
**یەکەم:** بە گوێرەی مادەی (١٠٠)ی دەستور رێگە پێدراو نیە کە هیچ کارێک یان بریارێکی کارگێڕیی پارێزراو بێت لە تانە لێدان و بەگوێرەی ئەم ماددەیەش بەبروای ئێمە ئەنجومەنی شورای هەرێم پابەندە بە دیتنی ئەو تانوتانەی کە ئاراستەی بریارە تەنزیمییەکان دەکرێت.
**دووەم:** ئەم ئاراستەیە لەگەل سروشتی قەزای کارگێڕیی ناگونجێت کە رەقابەتی کاروبارە یاساییەکانی دەسەلاتی کارگێڕیی دەکات ، بەو مانایەی کە ئەنجومەنەکە دەستی هەڵگرتووە لە چاودێری کردنی ئەم جۆرە بریارانە کە ئەمەش کۆک نیە لەگەل ئامانجەکانی قەزای کارگێڕیدا.
**سێیەم:** بە گوێرەی ئەوەی ئێمە بە دواداچوونمان کردوە، لە حاڵەتێکدا کە بابەتێکی لەم چەشنە هاتبێتە بەردەستی ئەنجومەنەکە، ئەوا ئەنجومەن ئاسەواری بریارە کارگێڕە تەنزییمە تانە لێدراوەکەی لەسەر پێگەی یاسایی کەسەکە لابردووە بێ ئەوەی بریاری دابێت لە چارەنووسی بریارە

تەنزیمییە کە وەک ئەوەی کە لە بریاری ژمارە (٢٠/دەستەی گشتی /کارگێڕیی/٢٠٢٠) ی ئەنجومەندا هاتووە .کە ئەمەش لەگەڵ سروشتی داوای هەڵوەشاندنەوە (دعوى الالغاء) یەک ناگرێتەوە کە لەم جۆرە داوایەدا بریار دەدات بە هەڵوەشاندنەوەی بریارەکە یان پەسەندکردنی یاخود هەموارکردنەوەی (تعدیل)ی بریارەکە ، کە ئەوەی ئەنجومەن لێرەدا بۆی رۆیشتووە هیچ یەک لەوانە نیە.

## (١١)

## چۆن داوای رادەربڕین(مشوەرت) لە ئەنجومەنی شورای هەرێم دەكرێت؟

بەگوێرەی ئەحكامی ماددەی (٨) لە یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێم ژمارە (١٤)ی ساڵی٢٠٠٨ ئەنجومەنی ناوبراو یەكێک لەو تایبەتمەندییانەی لە ماددەی (٦)ی یاساكەدا هاتووە و مومارەسەری دەكات بریتییە لە پێدانی راوبۆچوون و مشوەرتی قانونی بە وەزارەت و لایەنەكانی نەبەستراوە بە وەزارەتەوە ، كە لە خوارەوە لەم بارەیەوە چەند روونكردنەوە و سەرنجێک دەخەینەروو:

**یەكەم:** یاساكە بەمەبەستی پێشكەشكردنی داواكاری لەلایەن وەزارەت و لایەنەكانی نەبەستراوە بە وەزارەتەوە چەند مەرجێكی شكلی داناوە كە پێویستە رەچاو بكرێن، بەپێچەوانەوە ئەنجومەنەكە وەڵام ناداتەوە كە مەرجەكانیش بریتین لە:

١- پێویستە نوسراوی داواكاری رادەبڕینەكە بە واژۆی وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆكی لایەنی نەبەستراوەبێت بە وەزارەت.

٢- دەبێت ئەو وەزارەتە یان لایەنەی داوای رادەبڕینەكە دەكات، هاوپێچ لەگەل داواكارییەكەیدا راوبۆچوونی بەرێوەبەرایەتی كاروباری یاسایی وەزارەتەكەی لەگەلدا هاوپێچ كردبێت كە ئایا بەرێوەبرایەتی كاروباری یاسای سەبارەت بەبابەتی رادەربڕینەكە بۆچوونی چۆنە و ئاستی لێكدانەوە و شرۆڤەكردنی بۆ بابەتەكە چۆنە؟

**٣-** دەبێت ئەو بابەتەی داواکراوە راوبۆچوونی لە بارەوە بدرێت نەخرابێتە بەردەم قەزای تایبەتمەند وەک داوایەکی یاسایی یاخود رێگەی تانەی لێدانی تایبەتی نەبێت.

**دووەم:** راوبۆچوون و مشوەرتەکە پەیوەندیدارە بە روونکردنەوەی حوکمە قانونیەکان کە لە وەزارەت یا دەستەکەدا لێکدانەوە یان بۆچوونی جیاوازی لە بارەوە دروستبووە و وادەخوازرێت لایەنێکی شارەزا و تایبەتمەندە قسەی کۆتایی لە بابەتەکەدا بکات.

**سێهەم:** بوونی ئەم تایبەتمەندییە گرنگی زۆری هەیە سەبارەت بە جێبەجێکردنی دەقی یاساکانی بواری وەزیفەی گشتی تا بەو شێوەی یاسادانەر یاساکاری کردووە جێبەجێ بکرێن و دووربن لە ویست و ئارەزووی دەسەڵاتی جێبەجێکردن. کە ئەمەش پاڵپشت و هاوکارییەکی زۆر باش دەبێت بۆ سەروەری یاسا وجێبەجێکردنی دەقی یاساکان وەک خۆی.

چوارەم: لەبەرەنجامی دانی راو مشوەرتی یاسایی بنەمای قانونی (المبادئ القانونية) دروست دەبێت کە رووی پراکتیکی دەقی یاساکانن بە تایبەت لە بواری وەزیفەی گشتیدا و سوودو کەڵکی زۆر دەگەیەنێت بە بواری یاساو قەزای کارگێڕی ، سەرەرای ئەو وەزارەت و فەرمانگەی داوای راوبۆچوونەکەیان کردووە.

بەو هیوایەی وەزارەتەکان چالاکانە کەڵک و سوود لەم بوارە وەربگرن بۆ جێبەجێکردنی حوکمی یاسا تایبەتمەندەکان و خۆیان یەک لایەنە ئیجتیهاد نەکەن لەبارەی دەقی یاساکانەوە ، کە لەسەر ئاستی عێراق ئەم بابەتە بەشێوەیەکی زۆر چالاکانە لەلایەن وەزارەتەکانی پەیرەو دەکرێت.

## (١٢)

## پابەندیی (التزامات) فەرمانگەکان لە کۆتایی هێنان بە تەنسیبی فەرمانبەر

تەنسیب یەکێکە لەو ڕێککارانەی کە یاسادانەر لە یاسای میلاکاتی ژمارە (٢٥)ی ساڵی ١٩٦٠ و ڕێنمایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧٩ ڕێکیخستووە بۆ مەبەستی پڕکردنەوەی میلاک بۆ ماوەیەکی کاتی لەو حاڵەتەی کە بە گواستنەوەی ڕاژە یاخود ڕێگەکانی دیکە چارەسەری میلاکە چۆڵەکە ناکرێت ، لەسەر ئەم بنەمایەش بۆمان دەردەکەوێت کە تەنسیب بەدەرکردنە (استثناء) و لە بەرتەسککترین دۆخدا پەنای بۆ دەبرێت و دەبێت بۆ ماوەیەکی کاتی دیاریکراوبێت کە لە فەرمانی تەنسیبەکەدا دەستنیشان دەکرێت. بەڵام هەندێکجار فەرمانگەکان پابەند نابن بەو ماوەی کە لە بریاری تەنسیبەکەدا هاتووە وەک ئەوەی ئەو فەرمانگەیەی کە فەرمانبەرەکەی بۆ تەنسیب کراوە ئامادە نیە دوای کۆتایی هاتنی ماوەی تەنسیبەکە لەکارترازان بۆ فەرمانبەرەکە بکات یان فەرمانگەی ئەسڵی فەرمانبەرەکە بە دواداچوون ناکات بۆ ماوەی تەنسیبی فەرمانبەرەکە و زۆری بەسەردا دەڕوات و کۆتایی پێ ناهێنرێت، بۆیە لە خوارەوە چەند خاڵێک تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** تەنسیب بۆ ماوەیەکی کاتییە و بۆ حاڵەتێکی زۆر پێویستە ودەبێت ئەو دائیرەی کە فەرمانبەرەکەی بۆ تەنسیبکراوە هەوڵبدات لە ماوەی تەنسیبەکە چارەسەری میلاکە چۆلەکەی بکات و زوو کۆتایی بە تەنسیبەکە بهێنێ نەک چاوەڕێی نوێکردنەوەی ماوەی تەنسیبەکە بکات.

**دووەم:** بە گوێرەی خاڵی (٤) لە ڕێنمایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧٩ هەردوو فەرمانگەی تەنسیب لێکراو تەنسیب بۆکراو پابەندن بە کۆتایی هێنان بە تەنسیبەکە لەگەل کۆتایی هاتنی ماوەی تەنسیبەکە، بەپێچەوانەوە

بەپرسیارێتی یاساییان دەکەوێتە ئەستۆ مەگەربێتوو پێش کۆتایی هاتنی ماوەی تەنسیبەکە و بە گوێرەی ڕێنماییەکە تەنسیبەکە درێژکرابێتەوە.
**سێهەم:** تەنسیب بۆ ئەو ماوەیە کە لە بڕیاری تەسیبکردنەکە هاتووە بە کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیە فەرمانبەرەکە بەکارترازاو دادەنرێت بە حوکمی قانون و بابەتی لەکارترازان و دووبارە دەستبەکاربونەوە دوو بابەتی شکلین و بریارەکانیان بریاری ئاشکرا کارن (کاشف) نەک دروستکار (منشأ).
**چوارەم:** خۆگرتنەوەی ئەو دائیرەی کە فەرمانبەرەکەی بۆ تەنسیبکراو لە دەستهەڵگرتن لە فەرمانبەرە تەنسیبکراوەکە سەرەرای کۆتایی هاتنی ماوەی تەنسیبەکە ، پێچەوانەی یاسایە و دائیرەکە رووبەری بەرپرسیارێتی دەکاتەوە و کارەکانی فەرمانبەرەکەش لەدەرەوەی ماوەی تەنسیبەکە لەکەدار دەکات بەلەکەی نەبوونی دەسەڵات.
لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە ، تەنسیب رێککارێکی کاتییە و بۆ زەمەنێکی کاتی دیاریکراو دانراو بۆ پرکردنەوەی میلاکێک کە بە رێگە ئاساییەکانی دیکە لەو دەموودەستەدا پڕ ناکرێتەوە و دەبێت دائیرەی تەنسیب بۆکراو بە زووترین هەوڵی پڕکردنەوەی میلاکە چۆلەکەی بدات و ئەم رێککارە دەبێت لە بەرتەسکترین بواردا جێبەجێ بکرێت.
**دووەم:** ئایا فەرمانبەری تەنسیبکراو دەتوانێت کۆتایی بە تەنسیبەکەی بهێنێ
وەک پێشتر روونمان کردەوە کە تەنسیب بۆ حاڵەتی زۆر پێویستە و چارەسەری چۆڵی میلاکێکی پێدەکرێت کە بەرێگەی گواستنەوەی راژە یان پلەبەرزکردنەوە چارەسەر نەکرێت، لەسەر ئەم بنەمایەش مەرج نیە کە تەنسیبکردنەکە لەسەر رەزامەندی فەرمانبەرەکە بێت، بەڵکو دەکرێت

پرس به فەرمانبەرەکە نەکرێت، بە مەرجێک تەنسیبەکردنەکە لەسەر بنەمای پێداویستی بابەتیی (موضوعی) بێت نەک وەک سزادان بەکاربهێنرێت . لەبەر ئەوە هەر جۆرە کۆتایهێنانێک بە تەنسیب پێش وادەی دیاریکراوی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ خودی ئەو دائیرەی کە تەنسیبەکەی بۆ کراو، گەرهاتوو دائیرەکە زەرورەتی بە تەنسیبەکە نەما، یاخود میلاکە چۆڵەکەی بەو شێوەیەی یاسا دەقی لە بارەوە هێناوە پڕ کردەوە، ئەوا لەم کاتەدا دەتوانێت کۆتایی بە تەنسیبکردنەکە بهێنێت، لەبەر ئەوە فەرمانبەرەکە یەکلایەنە ناتوانێت تەنسیبەکە کۆتایی پێ بهێنێ و بگەڕێتەوە دائیرەی ئەسڵییەکەی خۆی، بەڵکو دەبێت چاوەڕێیی کۆتایی هاتنی تەنسیبەکەی بکات بەو ماوەیەی بۆی دەستنیشانکراوە یان بە هۆی پڕکردنەوەی میلاکە چۆلەکەوە لەلایەن ئەو دائیرەیەی بۆی تەنسیبکراوە .

## (١٣)

## ڕێکخستنی یاسایی پشووە فەرمییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان

بەگوێرەی ماددەی (١٢/دووەم) لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ پشووە فەرمییەکان بە یاسا ڕێکدەخرێت، بە گەڕانەوەش بۆ مێژووی یاساکاری لە عێراقدا بۆ بابەتی پشووە فەرمییەکان، بۆمان دەردەکەوێت کە شەش یاسا بۆ ئەم بابەتە دەرکراوە، کە ئەوانیش بریتین لە یاسای پشووە فەرمییەکانی ساڵی ١٩٢٣ و یاسای پشووە فەرمییەکانی ژمارە (٢٧)ی ساڵی ١٩٣١ و یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ١٩٤١ و یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٥٨ و یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٦٣ و یاسای ژمارە (١١٠)ی ساڵی ١٩٧٢ و لەچەند ساڵی ڕابردووشدا پرۆژەیەک تایبەت بە پشووە فەرمییەکان لە پەرلەمانی عێراق خوێندنەوەی یەکەمی بۆکرا، بەلام بەپێی بە دواداچوونەکانمان تا ئێستا ئەو یاسایە دەنگی لەسەرنەدراوە.

لەبەرەنجامی ئەوەی لای سەرەوە مان بۆ دەردەکەوێت کە بابەتی پشووەکان بە یاسا ڕێکخراوە و بە سەرنجدان لەو یاسایانەی کە بۆ ئەم مەبەستە دەرکراوە دەردەکەوێت کە ئەو یاسایانە بەدەر نەبوون لەکاریگەری ئەو ڕژێمە سیاسییەی کە لەو کاتەدا جڵەوی حوکمرانی بەدەست بووە و یاساکەی دەرکردووە.

بەگەڕانەوە بۆ دواهەمین یاسای تایبەت بەم بوارە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕۆژانی پشوو لەسەر ئاستی عێراق بە شێوەیەکی گشتی بریتین لە:

١ـ ڕۆژانی هەینی و شەمە ( ڕۆژانی شەممە بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠٥ی ئەنجومەنی وەزیران زیادکرا بۆ ڕۆژانی پشووەکان ئەوەش پاڵپشت بە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی ڕاگوزەر)

٢ـ سێ ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان (١-٣) ی مانگی شەوال.

٣ـ چوار رۆژی جەژنی قوربان (١٠-١٣)ی مانگی ذالحجة
٤ـ رۆژی (١)ی موحەرەم سەری ساڵی کۆچی
٥ـ رۆژی (١٠) موحەرەم رۆژی عاشورا
٦ـ رۆژی (١٢)ی رەبیعی یەکەم لە دایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام درودی خوای لەسەربێت.
٧ـ رۆژی چواردەی تەمموز کۆتایی هێنان بە دەسەلاتی پاشایەتی.
٨ـ رۆژی (٦)ی کانونی دووەم رۆژی سوپا
٩ـ رۆژی (٢١)ی ئازار نەورۆز
١٠ـ رۆژی (١)ی کانونی دووەم سەری ساڵی زاینی
١١ـ رۆژی (١)ی ئایار جەژنی کرێکاران
١٢ـ رۆژی (٢٥)ی کانونی یەکەم رۆژی لە دایکبوونی حەزرەتی مەسیح، لەسەرەتاوە تایبەت بوو تەنها بە مەسیحییەکان بەپێی یاسای ژمارە (١١٠)ی ساڵی ١٩٧٢.

جگە لەو رۆژانەی کە لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا ، لە هەرێمی کوردستان چەند رۆژێکی دیکە کراون بە پشوو کە لە خوارەوە دەیخەینەڕوو:
١ـ رۆژی ( ٣/٥ ) ی هەموو ساڵێك - رۆژی دەستپێکردنی راپەرینی گەلی کوردستان، ئەمەش بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (١) لە ١٩٩٨/٣/١٨ی پەرلەمانی کوردستان
٢ـ رۆژی (٣/١٤)ی هەموو ساڵێک وەک جەژنی نیشتمانی و نەتەوەیی، ئەمەش بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (١) لە ١٩٩٧/٣/١١ی پەرلەمانی کوردستان.
٣ـ رۆژی (٣/١١)ی هەموو ساڵێک رۆژی رێکەوتنامەی( ١١ ئازار ) بەپێی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٢) لە ١٩٩٨/٣/١٨.

٤ـ پشوو بۆ ماوەی (٣) رۆژ بۆنەی نەورۆزەوە لە هەموو ساڵێکدا لەرۆژی( ٣/٢١)ەوە ، ئەمەش بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (٢) لە ١٩٩٧/٣/١١ی پەرلەمانی کوردستان.

٥ـ رۆژی چوار شەممەی یەکەمی مانگی نیسان بە رۆژژمێریی رۆژهەڵاتیی، ئەمەش بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (٦)ی لە ٢٠١٠/١٠/٢٦ی پەرلەمانی کوردستان.

٦ـ رۆژی ٩ی نیسانی هەموو ساڵێک وەک رۆژی ئازادکردنی عێراق ، ئەمەش بە گوێرەی یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٠٣ی پەرلەمانی کوردستان

## (١٤)

## پێگەی یاسایی ئەو بڕیار و پێرەو و ڕێنماییانەی ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕی و دارایی دەری دەکەن

مشتومڕێکی یاسایی بەرچاو هەیە سەبارەت بەو بڕیار و پێرەو و ڕێنماییانەی کە لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە دەردەچێت بۆ ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕی و دارایی سنووری پارێزگاکە، کە ئایا لە چوارچێوەی چ کاروبارێکدا دەردەکرێن و ئایا ناکۆک و پێچەوانە نابنەوە لەگەل تایبەتمەندییەکانی حکومەتی هەرێم لەو کاروبارانەدا؟

بە گەرانەوە بۆ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، جگە لەو دەسەلاتە تەشریعی و چاودێرییەی کە یاساکە دەقی لەسەرهێناوە و داویەتی بە ئەنجومەنی پارێزگاکان، لە هەمانکاتدا لە ماددەی (٥)ی یاساکە و هەروەها لە ماددەی (٦/ هەشتەم) ی یاساکەدا دەسەلاتی دەرکردنی بریار و رێنمایی و پێرەوی داوە بە ئەنجومەن بۆ ڕێکخستنی کاروباری دارایی و کارگێڕی پارێزگاکە، بەڵام یاساکە لە دەقی ماددەی (٥) و لە کۆتایی ماددەکەدا ئەو دەسەلاتەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی گرێداوە بەوەی کە نابێت ئەو بریار و پێرەو رێنماییانەی دەری دەکەن ناکۆک و دژ یەک بوەستێتەوە لەگەل دەستوورو یاسابەرکارەکانی هەرێمی کوردستان ـ بێگومان بە رێنمایی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەشەوە ــ ، بۆیە بەبڕوای ئێمە:

ئەنجومەنی پارێزگاکان دەسەلاتی دەرکردنی بڕیار و پێرەو رێنماییەکیان نیە لە بوارێکدا کە دەستوور یاخود یاسا بەرکارەکانی هەرێم ئەو بوارەیان رێکخستبێت و لە دەقی یاساکاندا تایبەتمەندی رێکخستنەکەیان دابێت بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزارەتەکان یان

لایەنەکانی نەبەستراوە بە وەزارەت، جگە لەمانە ئەوا دەکرێت ئەنجومەنی پارێزگا بریار و پێرەو رێنمایی بۆ رێکخستنی کاروبارێکی کارگێڕی یان دارایی دەربکات کە هیچ یەک لە دەستوور یان یاسا بەرکارەکانی هەرێم دەقیان لەسەر نەهێنابێت و لایەنی تایبەتمەندییان دەستنیشان نەکردبێت بۆ رێکخستنی ئەو بوارە، بە پێچەوانەوە ئەوا هەر بڕیار و پێرەو رێنماییەکی ئەنجومەن گەرهاتوو بۆ رێکخستنی کاروبارێکی کارگێڕی یان دارایی دەرکرا و پێشتر دەستور یان یاسا لایەنی تایبەتمەندی بۆ دەستنیشان کردبوو، لەم کاتەدا بریار و پیرەو رێنماییەکە یاسایی و ناکۆک دێتەوە لەگەل ئەحکامی ماددەی (٥)ی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان و هەروەها دەقی دەستور یان ئەو یاسا تایبەتمەندەی بوارەکەی رێکخستووە و لەکەدار دەبێت (معیب) بە لەکەی نەبوونی دەسەلات.

لەسەرئەم بنەمایەش دەتوانین بلێین رۆلی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەم بوارەدا رۆلێکی تەکمیلییە و دەتوانن بڕیار و پێرەو رێنمایی دەربکەن بۆ رێکخستنی ئەو کاروبارانەی کە دەستوور یان یاسا بەرکارەکانی هەرێم رێکیان نەخستووە ، بێگومان ئەمەش بەرچاوکردنی سروشت و واقیعی خودی ئەو پارێزگایە.

## (١٥)

## ئەژمارکردنی خزمەتی پارێزەرایەتی بۆ خزمەتی وەزیفی

یاسادانەر لە هەرێمی کوردستان لە بەندی (چوارەم)ی مادەی (٣)ی یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٩ دەقی لەسەر ئەژمارکردنی خزمەتی پارێزەرایەتی هێناوە و تیایدا هاتووە :" ماوەی پارێزەرایەتی بە راژەیەکی شایستە دادەنرێت بۆ مەبەستەکانی دامەزراندن و سەرمووچە و پلەبەرزکردنەوە و خانەنشینی لە فەرمانگە فەرمییەکان و کەرتی هاوبەش (قطاع مختلط).

سەبارەت بە ئەژمارکردنی خزمەتی پارێزەرایەتی بۆ مەبەستی سەرمووچە و پلەبەرزکردنەوە خانەنشینی، ئەوا پێویستە فەرمانبەرەکە بەڵگەی پێویست پێشکەش بکات لە دادگای تایبەتمەندەوە و تیایدا ژمارەی ئەو داوایانەی کە بینیویەتی و دادبینی تیاکردووە لە خۆی بگرێت گەرهاتوو ماوەی خزمەتەکەی زیاتر بوو لە یەک ساڵ و پێویست ساڵانە لانی کەم یەک داوا هەبووبێت، بەڵام گەرهاتوو ماوەی خزمەتەکەی لە یەک ساڵ کەمتر بوو، ئەوا لەم کاتەدا دەتوانێت پشت ببەستێت بە پشتگیری پەیوەندی کردنی بە سەندیکای پارێزەرانەوە بۆ ئەژمارکردنی ماوەی خزمەتەکەی ، هەروەک لەلایەن خۆیەوە دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای هەرێم لە بڕیاری ژمارە (١٠٤/ دەستەی گشتی / بەرزەفتکاری/٢٠١٢ لە ٢٠١٢/١٢/٥) دووپاتیکردۆتەوە . لەسەر ئەم بنەمایەش تەنها پەیوەندی کردن بە سەندیکای پارێزەران بێ هەبوونی بەڵگە لەسەر بینینی داوا بە خزمەت ئەژمارناکرێت کە هەریەک لە قەزای ئیداری هەرێم و عێراق لەسەر ئەم بابەتە کۆکن.

دەربارەی لێوەرگرتنی راگیراوەکانی خانەنشینی لە راژەی پارێزەرایەتی، گەرهاتوو فەرمانبەرەکە لەماوەی پارێزەرێتیەکەیدا راگیراوەکانی خانەنشینی دابوو بە سەندیکای پارێزەران، ئەوا رێگە پێدراو نییە کە جارێکی دیکە پشکی راگیراوی خانەنشینی لێ وەربگیرێت لەلایەن دائیرەی خانەنشینیەوە ، چونکە رێگە پێدراو نیە لە پای یەک خزمەت فەرمانبەرەکە دووجار راگیراوەکانی خانەنشینی بدات، بەڵام گەرهاتوو خزمەتەکە لە دەرەوەی عێراقی پێشکەشکرابوو، ئەوا لەم کاتەدا پێویستە پشکی خانەنشینییەکە بدات هەروەک ئەنجومەنی شورای هەرێم لە بیرورا دەربڕینی ژمارە(٢٠١١/٢٨ لە ٢٠١١/١٠/١١) دووپاتیکردۆتەوە

## (١٦)

## ئاسەواری سزای بەرزەفتكاریی لەسەر ئەو فەرمانبەرەی كە پلەبەرزكردنەوەی نەماوە

بەگوێرەی ئەحكامی ماددەی (٨) بڕگەكانی یەكەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە یاسای بەرزەفتكردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و كەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١، هەر فەرمانبەرێک سزای بەرزەفتكاریی بدرێت بە یەكێک لەو سزایانەی لە ماددەكەدا هاتووە و بەپێی ئەو رێككارانەی لە یاساكەدا دەستنیشانكراوە، ئەوا بە گوێرەی ئەو ماوانەی كە لە برگەكانی ئاماژە پێكراوی ماددەی (٨) هاتووە پلەبەرزكردنەوەی دوادەكەوێت، ئەمەش ئەوەمان بۆ دووپات دەكاتەوە كە ئاسەواری سزای بەرزەفتكاریی لەسەر دواخستنی پلەبەرزكردنەوە(الترفیع)ی فەرمانبەرە سزا دراوەكەیە نەک دواخستنی سەرمووچەكەی(العلاوة) وەک لە هەندێک لە دائیرە حكومییەكاندا پەیرەو دەكرێت و سەرمووچەی فەرمانبەرەكەی پێ دوادەخەن بەپێی جۆری سزاكە، ئەم بۆچوونەش هەریەک لە ئەنجومەنی شورای هەرێم لە بیرورا دەربڕینی ژمارە (١) لە ٢٠١٩/٣/٧جەختی لەسەر كردۆتەوە و هەروەها ئەنجومەنی شورای دەوڵەتی عێراقیش لە بڕیارەكانی ژمارە (٣٤/ ٢٠٠٩ لە ٢٠٠٩/٥/١٨) و (٣٥/ ٢٠١٥ لە ٢٠١٥/٣/٢٢) و هەروەها وەزارەتی دارایی عێراقی بە نوسراوی ژمارە (٨٨٩٩٦ لە ٢٠١٦/٨/١٧) دووپاتیان كردۆتەوە، لەسەر ئەو بنەمایەش بۆمان دەردەكەوێت كە جێبەجێكردنی سزای بەرزەفتكاریی كاریگەری لەسەر دواخستنی پلەبەرزكردنەوە دروستدەكات و بە هیچ شێوەیەک كایگەری لەسەر دواخستنی سەرمووچە دروست ناكات، بەو مانایەی گەر فەرمانبەرەكە پلەبەرزكردنەوەی هەبوو ئەوا ئاسەواری

سزاکەی لەسەر جێبەجێ دەکرێت و پلەبەرزکردنەوەکەی دوادەکەوێت بەگوێرەی سزاکە مەگەربێتوو رێگرییەکی یاسایی هەبێت . بەڵام ئەو پرسیارەی کە لێرەدا گرنگە وەڵام بدرێتەوە ئەوەیە گەرهاتوو فەرمانبەرەکە پلەبەرزکردنەوەی راوەستابوو لەروی یاساییەوە، ئایا لەم کاتەدا ئاسەواری سزاکە دەکرێت لەسەر دواخستنی سەرمووچەی فەرمانبەرەکە جێبەجێ بکرێت؟

لەم بارەیەوە ئەنجومەنی شورای هەرێم لە بیروڕادەربڕینی ئاماژە پێکراوی لای سەرەوەدا دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە رێگە پێدراوە بە دەسەڵاتی کارگێڕیی گەرهاتوو پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەرەکە مەحاڵ (تعذر) بوو، ئەمەش پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (٩) لە یاسای مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨، ئەوا لەم کاتەدا ئاسەواری سزا بەرزەفتکارییەکە لەسەر دواخستنی سەرمووچەکە جێبەجێ بکات ، هەروەک وەزارەتی دارایی عێراقیش لە نوسراوی ئاماژە پێکراوی لای سەرەوەدا بە هەمان شێوە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە:" لەبەر ئەوەی ئەو فەرمانبەرەی کە سزادراوە، پلەبەرزکردنەوەی لە پلەیەکی دیاریکراودا وەستاوە بە پێی یاسا، بۆیە لەم کاتەدا ئاسەواری سزا بەرزەفتکارییەکە لەسەر دواخستنی سەرمووچەکەی جێبەجێ دەکرێت".

## (١٧)

## چ دەسەڵاتێک تایبەتمەندە بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان؟

بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٧٧) لە پەیرەوی ناوخۆ وەک بەشێک لە کاری یاسادانان (تشریع) دێتە ژماردن و دەبێت هەمان ئەو رێککارانەی بۆبگیرێتە بەر کە بۆ دەرچواندنی یاساکانیش دەگیرێنە بەر و لەلایەن خۆشیەوە ئەنجومەنی شورای هەرێم لە بریاری ژمارە (٨٩/ دستەی گشتی /کارگێڕی/٢٠١٤) لە ٢٠١٤/٥/٢١ جەختی لەسەر کردۆتەوە کە ئەو بڕیارانەی لە پەرلەمانی کوردستانەوە لەرێگەی دەنگدانەوە دەردەچن ، دەچنە چوارچێوەی کاروباری پەرلەمانی و ملکەچ نین بۆ چاودێری قەزای کارگێڕی، هەروەک بریارەکانیش ملکەچ نین بۆ تانە لێدان لەبەردەم دەسەلاتی دادوەری ئاسایی (القضاء العادی) ، کەواتە لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات کە ئایا بریارەکانی پەرلەمانی کوردستان چۆن دەتوانرێت هەڵبوەشێنرێنەوە ، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، هەوڵدەدەین لە خوارەوە لە رێگەی چەند سەرنجێکی یاساییەوە تیشک بخەینە سەر ئەم بابەتە:

**یەکەم:** یەکێک لەسەرچاوەکانی مەشروعیەت بریتییە لە دەسەلاتی یاسادانان کە ئەم دەسەلاتە رەوایەتی بە کاروبارەکان دەدات و رێگە پێدراو نیە کە پەرلەمان خودی خۆی کاروبارەکانی نا مەشروع بن ، بەم هۆیەشەوە ناکرێت دەسەلاتێکی دیکە وەک رەقیب چاودێری کارەکانی بکات مەگەربێتوو لە دەستوردا دەقی لەسەر هاتبێت هەروەک لە ماددەی (٩٣/ یەکەم) ی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ دا هاتووە دەربارەی پەرلەمانی عێراقی. کە دادگای باڵای فیدرالی تایبەتمەندە بە چاودێری

دەستوریی بوونی یاسا و رێسا بەرکارەکان، بەڵام لە هەرێم لەبەر ئەوەی دەستوورمان نیە، بۆیە دادگایەکی لەم جۆرەشمان نیە، بەم هۆیەشەوە رووبەرووی بۆشاییەکی یاسایی دەبینەوە لەم بوارەدا کە دامەزراوەیەکی دەستووریمان نیە تایبەتمەندبێت بە پیادەکردنی چاودێری بەسەر کاروباری یاساکاریی (تشریع) پەرلەمان و تانە دان لە دەقی ماددەی یاسای و بریارەکانی دەرچوو لە پەرلەمانی کوردستان. هەرچەند دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق لە بڕیاری ژمارە (٣٩/ فیدراڵی ٢٠٠٩ لە١٢/١٠/٢٠٠٩) دووپاتی ولایەتی خۆی لەم بارەیەوە کردۆتەوە ، بەڵام دادگای ناوبرا دواتر لەم ئاراستەیەی گەڕایەوە بە تایبەت دوای دەرچوونی یاسای ژمارە(١٧)ی ساڵی ٢٠١٣ ی یاسای هەمواری پێنجەمی یاسای ئەنجومەنی شورای دەوڵەت ژمارە(٦٥)ی ساڵی ١٩٧٩.

**دووەم:** بە گەرانەوە بۆ یاسای ژمارە (١)ی سالی ١٩٩٢ و هەروەها پیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، هیچ میکانیزم و رێککارێکی شکلی نەهاتووە دەربارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بریارانەی پەرلەمانی کوردستان کە لەکەی (عیب) نا مەشروعبوونی لەسەر بێت، تا لەو رێگەیەوە چارەسەری بابەتەکە بکرێت، چونکە هیچ یەک لە یاسا و پیرەوکە گریمانەی (افتراض)ی ئەم بابەتەیان نەکردووە تا حوکمی تایبەتی بۆ دابڕێژن. جگە لەو رێککارانە نەبێت کە لە ئەحکامی ماددەی (٩٦)ی پێرەی ناوخۆدا هاتووە سەربارەت بە دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێم بۆ رەتکردنەوە یان پەسەندکردنی یاسا و بریارەکانی پەرلەمان بە پێی ئەوەی کە لە دەقی پێرەوەکەدا هاتووە.

**سێهەم:** لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە ، دەتوانین بڵێن کاتێک کە بریارێک لە پەرلەمانی کوردستانەوە و بە دەنگدان دەردەچێت، رێگە

پێدراو نیە کە تانە (طعن) لێ بدرێت چ لەلای سەرۆکی پەرلەمان یان دەسەلاتی دادوەری ، لەبەر ئەوەی هیچ لایەکیان تایبەتمەند (مختص) نین بە بینینی ئەو جۆرە تانوتانە و هەروەها یاسا و پێرەوەکە هیچ جۆرە شکلیەتێکی بۆ دەستنیشان نەکردووە تا دواجار لەم ریگەیەوە بریار بدرێت بە هەڵوەشاندنەوەی بریارە پەرلەمانییەکە، بۆیە بە بروای ئێمە تاکە رێگە بۆ هەڵوەشاندنەوەی بریارێکی پەرلەمان، هەڵوەشاندنەوەی بریارەکەیە بە هەمان ئەو شێوەیەی کە بریارەکەی پێشتری پێدەکراوە ، بەو مانایە پێویستە دووبارە پەرلەمان بە پێی رێککارەکانی هاتوو لە پیرەوی ناوخۆ ، پرۆژە بریارێک بخاتە دەنگدان بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بریارەی کە پێشتر دەری کردووە، کە پێشتر پەرلەمان لەم بارەیەوە پێشینەی هەیە وەک چۆن کاتی خۆی پەرلەمانی کوردستان بە بڕیاری ژمارە (١٢) لە ٢٠٠٢/١٠/٣ بڕیاریدا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانی ژمارە (٣١) لە ١٩٩٧/١١/٦ )، بەپێچەوانەوە، بەبروای ئێمە ناکرێت لەبەر هەبوونی لەکە لە رێککار یا دەسەلاتەکاندا ، بریارێکی پەرلەمان بە نارەوا (باطل) دابنرێت و بگوترێت کاری پێناکرێت.

## (١٨)

## دەربارەی مۆڵەتی کەڵەکەبووی فەرمانبەری دەستلەکارکێشراوە

بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (چل و نۆیەم) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٤ ، فەرمانبەری دەستلەکارکێشراوە هەموو مۆڵەتە ئاسایی و نەخۆشیەکانی لەدەستدەدات مەگەربێتوو دەست لەکارکێشانەوەکەی بۆ مەبەستی دامەزراندن بێت بۆ پۆستی وەزیر یان بۆ هەڵبژاردنی ...

لەسەر بنەمای ئەم ماددەیە، ئەم سەرنجانەی لای خوارەوە تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** وەک ئەسڵی گشتی و بە گوێرەی بڕگەی یەکەمی ماددەکە ئەو فەرمانبەرەی کە دەستلەکارکێشانەوەی کردووە لە وەزیفەکەی تەواوی مۆڵەتە ئاسایی و نەخۆشیەکانی لەدەستدەدات، ئیتر ئایا دەستلەکارکێشانەوەکەی راشکاوانە بووبێت بەڵام بێ رەزامەندی دائیرەکەی یان دەستلەکارکێشانەوەی حوکمی بووبێت بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (سی و حەوتەم) لە یاسای راژەی شارستانی یاخود یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٢ ی پەرلەمانی کوردستان، دەربارەی حاڵەتەکانی دابڕانی (انقطاع) فەرمانبەر و دانانی بە دەستلەکار هەڵگرتوو (اعتباره مستقیلا).هەروەک لەلایەن خۆیەوە دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای دەوڵەت لە عێراق لە بڕیاری ژمارە (١٣٥/ بەرزەفتکاری / پێداچوونەوە/٢٠٠٦ لە ٢٠٠٦/٥/٢٩) دووپاتی کردۆتەوە کە ئەو فەرمانبەرەی دەستیلەکارکێشاوەتەوە یان بە بەدەستلەکارکێشراوە دانراوە

شایستەی مووچەی مۆڵەتە کەڵەکەبووەکانی نابێت لە کاتی دووبارە گەڕانەوەی بۆ وەزیفە و هەواڵەکرانی بۆ خانەنشینی ... [٦]

**دووەم:** لە دەستدانی مۆڵەتەکان هەردوو بوارەکە دەگرێتەوە ، واتە شایستەی مافی وەرگرتنی مووچەی مۆڵەتە کۆکراوەکانی نابێت، یاخود ناتوانێت کەڵکیان لێ وەربگرێت بۆ حاڵەتی دووبارە دامەزراندنەوە ، بەو مانایەی ئەو مۆڵەتانەی کە کۆی کردونەتەوە لە دامەزراندنی یەکەمیدا ناتوانێت لە حاڵەتی دووبارە دامەزراندنەوەی بیخاتە سەر رەسیدی مۆڵەتە کۆکراوەکانی لە دووبارە دامەزراندنەوەیدا.

**سێیەم:** یاسادانەر لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (چل و نۆیەم) چەند بەدەرکردنێکی هێناوە لەسەر ئەسڵی ماددەکە کە بەگوێرەی ئەو بەدەرکردنانە فەرمانبەرەکە دەتوانێت سودمەندبێت لە مۆڵەتە کۆکراوەکانی ئیتر چ بە وەرگرتنی مووچەکەی بێت یاخود بۆ دووبارە ئەژمارکردنەوەی لە حاڵەتی دامەزراندنەوەیدا، کە ئەوانیش بریتین لە:

١- گەڕهاتوو دەستلەکارکێشانەوەکە بۆ مەبەستی دامەزراندن بوو بۆ پۆستی وەزیر.
٢- گەڕهاتوو دەستلەکارکێشانەوەکە بۆ هەڵبژاردنی بوو بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانی (پەرلەمان).
٣- گەڕهاتوو دەستلەکارکێشانەوەکە بۆ مەبەستی خوێندن بوو یان پسپۆڕیی.

**چوارەم:** تا ساڵی ٢٠٠٧، ئەو فەرمانبەرەی کە بە رەزامەندی دائیرەکەیشی دەستیلەکاردەکێشایەوە ، شایستەی مووچەی مۆڵەتە کۆکراوەکانی

[٦] صباح صادق جعفر الأنباری، مجلس شوری الدولة، ط١، بغداد، ٢٠٠٨، ص٣٤٩.

نەدەبوو، واتە لەم کاتەدا ڕەزامەندی دائیرەکەی لەسەر دەستلەکارکێشانەوەکەی هیچ ئیمیتازێکی پێ نەدەبەخشی ، بەڵام دواتر بە گوێرەی یاسای ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای هەمواری یاسای ڕاژەی شارستانی ، ماف درا بەو فەرمانبەرەی کە بەرەزامەندی دائیرەکەی دەستلەکاردەکێشێتەوە تا شایستەی مووچەی مۆڵەتە کۆکراوەکانی ببێت بە مەرجێک لە (١٨٠) ڕۆژ تیپەڕ نەکات، یان مافی ئەوەی هەیە کە لە حالەتی دووبارە دامەزراندنەوەیدا پاش لە دەست لەکارکێشانەوەی بە ڕەزامەندی دائیرەکەی بۆی ئەژمار بکرێت و بخرێتە سەر ڕەسیدی مۆڵەتەکانی گەڕهاتوو پێشتر مووچەکەی وەرنەگرتبێت، بە مەرجێک دەستلەکارکێشانەوەکەی کەوتبێتە دوای بەرکاربوونی یاسای ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ کە دەکاتە ڕۆژی (٢٠٠٨/٢/١٨).هەروەک لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی دەولەی عێراقی لە بڕیاری ژمارە (٢٠١٧/٨٢) دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە ڕەسیدی مۆڵەتە کۆکراوەکانی ئەو فەرمانبەرەی کە بە ڕەزامەندی دائیرەکەی دەستیلەکارکێشاوەتەوە دەخرێتە سەر ڕەسیدی مۆڵەتەکانی لە کاتی دووبارە دامەزراندنەوەیدا بەمەرجێک پێشتر مووچەکەی وەرنەگرتبێت و ڕێکەوتی دەستلەکارکێشانەوەکەی کەوتبێتە دوای بەرکاربوونی یاسای ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ واتە لە ٢٠٠٨/٢/١٨ بە دواوە .

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە دەتوانین بڵێین ئەو فەرمانبەرەی کە بە ڕەزامەندی دائیرەکەی دەستیلەکارکێشاوەتەوە ئەوا شایستەی مۆڵەتە ئاساییەکانی دەبێت کە کۆی کردونەتەوە ئیتر چ مووچەکەیان وەربگرێت یاخود لە حاڵەتی دووبارە دامەزراندنەوەیدا بیخاتە سەر ڕەسیدی مۆڵەتەکانی، بە مەرجێک دەستلەکارکێشانەوەکە لە دوای ٢٠٠٨/٢/١٨

ئەنجامدرابێت و نابێت مۆڵەتەکانیش لە (١٨٠) رۆژ زیاتر بێت، بەلام دەربارەی ئەو فەرمانبەرانەی کە بێ رەزامەندی دائیرەکەی دەستیانلەکارکێشاوەتەوە یان بە شێوەی حوکمی و لەبەرەنجامی دابرانیان لە وەزیفە بە دەستلەکارکێشراوە دانراون ئیتر بە گوێرەی ماددەی (سی و حەوتەم)ی یاسای راژەی شارستانی بێت یان یاسای ژمارە (١)ی ساڵی **٢٠٠٢**ی پەرلەمانی کوردستان، ئەوا شایستەی مووچەی مۆڵەتە کۆکراوەکانیان نابن یاخود شایستەی ئەژمارکردنی مۆڵەتە کۆکراوەکانیان نابن لە حاڵەتی دووبارە دامەزراندنەوەیاندا.

## (١٩)

## گەرانەوەی فەرمانبەری فەسڵكراو لە روانگەی قەزای كارگێڕییەوە

یاسادانەر دەقی لەسەر ئەوە هێناوە فەرمانبەر بە درێژایی ماوەی مانەوەی لە بەندكردن یان زیندانیكردن فەسڵ دەكرێت گەرهاتوو لە پای تاوانێك حوكم درابوو كە ئابڕوبەر (مخلة بالشرف) نەبوو... ئەم جۆرە فەسڵكردنە كە لە ماددەی (٨/ حەوتەم/ب)ی یاسای بەرزەفتكردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و كەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ دا هاتووە فەسڵێكی وجوبییە و دەسەلاتی كارگێڕیی دەسەڵاتی مەزندەكردن (التقدیر)ی تیایدا نیە، لەبەر ئەوەی فەرمانبەرەكە بە هۆی بەندكردنی یان زیندانیكردنیەوە ناتوانێت دەوامی ئاسایی وەزیفەكەی بكات، بەمجۆرەش یاسادانەر تەكییفی ئەو ماوەیەی كردووە بە فەسڵكردن ، هەروەك چۆن تەكییفی ماوەی راگیران (توقیف)ی كردووە بە دەستپێكێشانەوە(سحب الید) و ماوەی دابڕانی كردووە بە غیاب.. بە گوێرەی ماددەی (٨/حەوتەم)ی ئاماژە پێكراوی لای سەرەوە ئەو فەسڵكردنە بە شێوەی كاتییە و دوای كۆتایی هاتنی ماوەكە، فەرمانبەرەكە دەگەرێتەوە سەر وەزیفەكەی، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە بەشێك لە دائیرەكان، فەرمانبەرەكە ناگەڕێننەوە سەر وەزیفەكە و بەشێوەی هەمیشەیی كۆتایی دێنن بە راژەكەی ، واتە ئاسەواری هەمیشەیی (دائمی) دەدەن بە بریاری فەسڵكردن، لە كاتێكدا یاسادانەر ئاسەواری كاتی (مؤقت)ی پێداوە، بۆ تاوتوێكردنی ئەم بابەتە بە چەند سەرنجێك روونكردنەوە دەدەین:

**یەكەم:** پێویستە لەسەر فەرمانبەری فەسڵكراو بە گوێرەی ئەحكامی ماددەی (٨/حەوتەم/ب) لە یاسای بەرزەفتكردنی فەرمانبەران تا لەگەڵ تەواو بوونی ماوەی بەندكردن یان زیندانیكردنەكەی ، دەستبەجێ داوای

دەستبەکاربونەوە (المباشرة) بکات و هەوڵبدات ماوە دروست نەبێت لە نێوان ئازادبوونی و دەستبەکاربوونەوەیدا و لەبەرامبەریشدا دائیرەکەی پێویستە لەسەری کە دەستبەکاربونەوەی بۆ بکات و ڕێگەپێدراو نیە کە خۆی بگرێتەوە لە وەرگرتنی دەستبەکاربونەوەی فەرمانبەرەکە و تەنانەت لەلایەن خۆیەوە دادگای باڵای کارگێڕیی عێراقی دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە وجوبییە دائیرەکە دەسبتەکاربوونەوەی فەرمانبەرەکە قبوڵ بکات، هەروەک لە بڕیاری ژمارە (**٢٢٣٩** /قەزای فەرمانبەران — پێداچونەوە/٢٠١٨ لە ٢٠١٨/١٢/٢٧) جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە :" کە لەبەر ئەوەی فەسڵکردن سزایەکە ماوەکەی دیاریکراوە بە کۆتایی هاتنی ئەو ماوەی بۆی دیاریکراو و مادەی (٨/حەوتەم)ی یاساکە ئەمەی جێگیرکردووە و بەمجۆرەش دەردەکەوێت کە سزای فەسڵکردن نابێتە هۆی کۆتایی هاتنی پەیوەندی فەرمانبەرێتی، بەڵکو کورت دەبێتەوە لەو ماوەیەی بۆی دیاریکراوە ، بۆیە بە کۆتایی هاتنی ماوە دیاریکراوەکە، پێویستە لەسەر دەسەلاتی کارگێڕیی دەستبەکاربونی فەرمانبەرەکە فەسڵکراوەکە قبوڵ بکات لە وەزیفەکەی". بەمەرجێک کە فەرمانبەرەکە مەرجەکانی دامەزراندنی لە دەست نەدابێت.

**دووەم:** فەرمانبەری فەسڵکراو بەپێی ماددەی (٨/حەوتەم/ب) دەبێت تانە لە بڕیاری ڕەتکردنەوەی دەستبەکاربونەوەکەی بدات نەک تانە لە بریاری فەسڵکردنەکەی بدات، چونکە بریاری فەسڵکردنەکەی بڕیارێکی ئاشکراکارە و ئاسەواری حوکمێکی سزایی پێشووترە و فەرمانبەر ناتوانێت پێچەوانەی بریاری فەسڵکردنەکە بسەلمێنێ گەر نەتوانێت پێچەوانەی حوکمە سزاییەکەی بسەلمێنێ، بۆیە دەبێت لەم خاڵەدا فەرمانبەرەکە بەوریاییەوە مامەڵە بکات.

**سێیەم:** دەسەڵاتی کارگێڕیی لە ماوەی فەسڵکردنی فەرمانبەرەکەدا مافی ڕەفتاکردنی نییە بەو پلە وەزیفییەی کە فەرمانبەرە فەسڵکراوەکە پڕی کردۆتەوە، بەو مانایەی نابێت پڕی بکاتەوە بە دامەزراندنی کەسێکی دیکە بۆ ئەو پلە چۆڵە[٧]، هەروەک لەلایەن خۆیەوە دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای دەوڵەت لە عێراق لە بڕیاری ژمارە(**٦٣٩**/ بەرزەفتکاریی/ پێداچوونەوە /**٢٠١٢** لە **٢٠١٣/٥/٢٦**) دووپاتی کردۆتەوە.

**چوارەم:** گەرهاتوو دەسەڵاتی کارگێڕیی بەو چەشنە مامەڵەی لەگەل فەرمانبەرەکە کرد کە بە هەمیشەیی کۆتایی هێناوە بە پەیوەندی فەرمانبەریێتی فەرمانبەرەکە لە کاتێکدا بە گوێرەی ماددەی (٨/حەوتەم/ب) فەسڵی کردووە بۆ ماوەی مانەوەی فەرمانبەرەکە لە بەندکردن یان زیندانیکردن، ئەوا لەم کاتەدا ئەو دەسەلاتە کارگێڕییە سەرپێچی یاسای کردووە و هەستاو بە خستنەوەی ئاسەوارێکی جیاواز لەو ئاسەوارەی کە یاسادانەر دایناوە، چونکە یاسادانەر ئاسەواری سزاکەی بەو جۆرە داناوە کە فەرمانبەرەکە بەشێوەی کاتی و بۆماوەی بەندکردن یان زیندانیکردنەکەی فەسڵدەکرێت، بەڵام دائیرەکە هەستاو بە خستنەوەی

---

[٧] ئەم ئاراستەیەی قەزای کارگێڕیی لە روانگەی فیقهیەوە رەخنە لێگیراوە، لەو روانگەیەی کە فەسڵکردن دەبێتە هۆ پچڕاندنی پەیوەندی وەزیفی و بەمجۆرەش وەزیفەی فەرمانبەرە فەسڵکراوەکە بە چۆڵی دەمێنێتەوە و بەم هۆیەشەوە دەسەڵاتی کارگێڕیی دەتوانێت کە پاڵێوراوێک دابمەزرێنێ بۆی و هیچ دەقێکی یاسایی نیە کە دووپاتی چۆلبوونی وەزیفە چۆڵەکە بکاتەوە ، هەروەک پێداویستی بەرێوەبردنی میرفەقی گشتی وا دەخوازێت کە ئە وەزیفەیە پڕبکرێتەوە .... بۆ زانیاری زیاتر خوێنەر دەتوانێت بگەرێتەوە بۆ " **د. غازى فيصل مهدى، تعليقات على قرارات محكمة الاداريه العليا، ط١، مكتبة القانون والقضاء، بغداد، ٢٠١٥ ص١٤ الى ١٨**.." بەڵام ئەم بۆچوونە فیقهیەش بەشی خۆی گرفتی هەیە، چونکە بە پڕکردنەوەی میلاکی چۆڵی فەرمانبەرە فەسڵکراوەکە، ئیتر ئەو فەرمانبەرە ناتوانێت لە پاش کۆتایی هاتنی ماوەی بەندکردن یان فەسڵکردنەکەی بگەرێتەوە سەر وەزیفەکەی بە هۆی نەبوونی پلەی وەزیفی چۆڵەوە، کە ئەمەش ناکۆک دێتەوە لەگەل سیفەتی کاتی بوونی (مؤقت)ی فەسڵکردندا.

ئاسەوارێکی دیکە ئەویش کۆتایی هاتنی پەیوەندی فەرمانبەرێتی فەرمانبەرەکەیە لەژێر سایەی دەقی مادده و برگەیەکدا کە ئاسەواری لەم چەشنەی تیا نەهاتووە، بێگومان ئەمەش سەرپێچی روونی یاسایە، لەم بارەیەشەوە دادگای باڵای کارگێریی لە عێراق لە بڕیاری ژمارە (٣٢٦/قەزای فەرمانبەران – پێداچونەوە /٢٠١٨ لە ٢٠١٨/٨/١٦) دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە دەسەڵاتی کارگێڕیی رێگەی پێنەدراوە هەستێ بە گۆرینی ئاسەواری یاسایی مادده و بڕگەی ئاماژە پێکراو، بەڵام گەرهاتوو بۆی دەرکەوت کە ئەو تاوانەی فەرمانبەرەکە ئەنجامی داوە لەبەرەنجامی وەزیفەکەیەوە نەبوو یان بە سیفەتە فەرمییەکەی ئەنجامی نەدابوو، بەڵکو فەسڵکردنەکە لە پای تاوانێکی دیکە بووە کە دەسەلاتی کارگێڕیی پێی وابوو فەرمانبەرەکە بە هۆی ئەو تاوانەی ئەنجامی داوە مانەوەی لە وەزیفە زیان بەبەرژەوەندی گشتی دەگەیەنێت، ئەوا لەم کاتەدا پێویستە بریار دەربچێت بە لەکارلادانی (عزل) ئەمەش دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی بەپێی ئەوەی یاساکە دەقی لەسەرهێناوە.

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە ، رێگە پێدراو نیە کە دەسەلاتی کارگێڕیی ئاسەواری کاتی (مؤقت) ماددەی (٨/حەوتەم/ب) لە یاسای بەرزەفتکردن بگۆریت بۆ ئاسەواری هەمیشەیی، بەڵکو دەبێت بەو جۆرە مامەڵە بکات کە لە خاڵی سێیەمدا رونمان کردەوە .

(٢٠)

## ئايا فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ لێکۆڵینەوە دەتوانێت بێدەنگ بێت و وەڵامی لیژنەی لێکۆڵینەوە نەداتەوە؟

به گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٠/دووەم) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆ گەیشتن بە راستی ئەو سەرپێچییەی دراوەتە پاڵ فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ لێکۆڵینەوە بە شێوەی نووسینەکی (تحریری) لێکۆڵینەوە لە فەرمانبەرەکە دەکات بە ئامادەیی (حضوری) و رووبەروویی (وجاهی) فەرمانبەرەکە ، بێگومان ئەمەش لە میانەی پرسیارکردن لە فەرمانبەرەکە و دواتر وەڵامدانەوەی فەرمانبەرەکە بەو پرسیارانەی کە لەلایەن لیژنەکەوە ئاراستەی دەکرێت، لەم بەرەنجامەشەوە هەم لیژنەکە تەواوی پرسیارەکانی خۆی دەربارەی سەرپێچییەکە ئاراستەی فەرمانبەرەکە دەکات و هەم فەرمانبەرەکەش وەڵام و روونکردنەوەی خۆی پێشکەشی لیژنەکە دەکات و دواتر ئەمە دەبێتە وتەی وەرگیراوی فەرمانبەرەکە وەک بەشێک لە پەراوی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی لێکۆڵینەوەکەدا دەپارێزرێت، بەڵام لێرەدا دەگونجێت ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات گەرهاتوو فەرمانبەرەکە خۆی گرتەوە (امتناع) لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی لیژنەکە و بێدەنگی نواند، ئایا ئەم بابەتە رێگە پێدراوە و لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستەدا دەبێت لیژنەکە چ رێککارێک بگرێتە بەر، بۆ روونکردنەوەی ئەم بابەتە لەروانگەی بریارێکی دادگای باڵای کارگێڕیی عێراقەوە بە ژمارە (١٠٤٥/ قەزای فەرمانبەران- پێداچوونەوە/٢٠١٦ لە ٢٠١٦/٦/٩) سەرنج و تێبینی پێویست تۆمار دەکەین :

**یەکەم:** ماددەی (١٥/پێنجەم) لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی، جەختی لەسەر پێویستی جێبەجێکردن و رەچاوکردنی یاسای بنەما دادگاییە سزاییەکان ژمارە(٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ کردۆتەوە بەو قەدەرەی کە لەگەڵ سروشتی یاسای بەرزەفتکردندا دەگونجێت و لەسەر ئەم بنەمایەش پێویستە لەسەر لیژنەی لێکۆڵینەوەکە تا ڕێنوێنی لە ڕێساکانی لێکۆڵینەوەی داوای سزاییەوە وەربگرێت بەو جۆرەی کە لەگەل سروشتی داوای بەرزەفتکاری دەگونجێت بە تایبەت ئەو ڕێسایانەی کە مافەکانی تۆمەتبار و زەمانەتەکانی ڕێکدەخەن، ئەمەش ئەوەمان بۆ دووپاتدەکاتەوە کە پێویستە لێکۆڵینەوەکە لەگەل فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ لێکۆڵینەوە بە شێوەی نووسینەکی ئەنجام بدرێت و تیایدا وتەی فەرمانبەرەکە جێگیر بکرێت و بوار بدرێت بە فەرمانبەرەکە بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆی بکات بەهەموو ڕێگەیەکی مەشروع .

**دووەم:** گەرهاتوو فەرمانبەرەکە گوێی نەدا بەم زەمانەتە یاساییە و بریاری دا کە بێدەنگی هەڵبژێرێت و وەلامی لیژنەکەی نەدایەوە دەربارەی ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی کرابوو، ئەوا لەم کاتەدا لیژنەی لێکۆڵینەوە ناتوانن ناچاری بکەن لەسەر قسەکردن و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان یان سزای بدەن لەسەر ئەم بێدەنگبوونەی فەرمانبەرەکە.

**سێیەم:** بێدەنگبوونی فەرمانبەر لەم جۆرە حاڵەتانەدا بە دەستبەرداربوون (تنازل) دادەنرێت لەبەرگری کردن لە خۆی و لەم کاتەشدا لیژنەکە لەرێگەی ئەو بەڵگانەی لەبەردەستیاندایە دەتوانن بگەنە حەقیقەتی پەیوەندی نێوان فەرمانبەرەکە و ئەو سەرپێچییەی دراوەتە پاڵی و گەرهاتوو لەم روانگەیەوە بۆیان دەرکەوت کە فەرمانبەرەکە سەرپێچی

کردووە ، ئەوا دەکرێت پێشنیاری سزادانی فەرمانبەرەکە بکرێت یان هەواڵەی دادگا بکرێت بە گوێرەی ماددەی (١٠/سێیەم)ی یاساکە، یاخود گەر هاتوو بەڵگەی پێویست بەردەست نەبوو بۆ سەلماندنی ئەو سەرپێچییەی دراوەتە پاڵ فەرمانبەرەکە ئەوا لەم کاتەدا دەتوانن دۆسیەکە دابخەن و سزای فەرمانبەرەکە نەدەن.

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە، دەتوانین بڵێین بێدەنگبوونی فەرمانبەر و خۆگرتنەوەی لە وەڵامدانەوەی لیژنەی لێکۆڵینەوە بە سەرپێچی بەرزەفتکاریی دانانرێت، بەڵکو وەک دەستبەرداربوون لە مافی یاسایی بەرگری لە خۆکردن دادەنرێت و رێگەپێدراو نیە لەسەر ئەم هەڵوێستە سزای فەرمانبەرەکە بدرێت ، بەڵکو دەبێت لیژنەکە لێکۆڵینەوە لە بەلگەکانی دیکە بکەن بۆ گەیشتن بە راستی ئەو سەرپێچییەی دراوەتە پاڵ فەرمانبەرەکە و دواتر لەسەر ئەم بنەمایەش پێشنیاری سزادانی فەرمانبەرەکە بکەن یان دۆسیەکەی دابخەن.

## (٢١)

## چۆن دائیرەیەک بڕیارێکی خۆی هەڵدوەشێنێتەوە(الغاء) کە پێشتر دەری کردووە

هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری کارگێڕیی(الغاء القرار الإداري) لە لایەن دائیرەوە یەکێکە لە بابەتە هەستیارەکان و هەندێکجار دائیرەکە پەنای بۆ دەبات، هەڵوەشاندنەوەی بریاریش بریتییە لەو رێککارەی لەلایەن دەسەڵاتێکی کارگێڕییەوە دەگیرێتە بەر بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە ئاسەواری بڕیارێکی کارگێڕیی سەبارەت بە داهاتوو، بێ دەستبردن بۆ ئەو ئاسەوارانەی کە لە رابردوودا خستویەتیەوە لە کاتی دەرچوونی بڕیارەکەوە تا کاتی هەڵوەشاندنەوەکەی.

هەڵوەشاندنەوەی بڕیارە کارگێڕییەکانیش بە گوێرەی جۆری بڕیارەکان دەگۆڕێن، بۆنمونە هەڵوەشاندنەوەی **بڕیارە کارگێڕییە رێساییەکان** (القرارات التنظیمیة ـ رێنماییەکان ـ) دەسەڵاتی کارگێریی لە هەر کاتێکدا بیەوێت دەتوانێت هەڵیانوەشێنێتەوە یاخود بیانگۆڕێت بە بڕیاری دیکە بێ پابەندبوون بە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراوەوە و بە گوێرەی پێویستی بەرژەوەندی گشتی، چونکە ئەم جۆرە بڕیارانە پێگەیەی رێسایی گشتی دروست دەکەن، کە ئەو پێگانە هەمیشە ملکەچن بۆ بنەمای ئاڵوگۆڕ و گۆرانکاری، لە سەر ئەم بنەمایەش خاوەن پێگە گشتییەکان ناتوانن پێداگری لەسەر مانەوەی خۆیان بکەن لەسەر ئەو بڕیارە رێساییە هەڵوەشاوە.وەك هەڵوەشاندنەوەی بڕگەی سێهەمی رێنمایی دارایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١١ ی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە خاڵی سێهەمی رێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٥ ی هەمان وەزارەت تایبەت بە خەرجکردنی دەرماڵەی مەترسی بە رێژەی (٢٠%)

بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە خاوەنی بڕوانامەی زانکۆیین لە یاسا و لە فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتی و بەش و هۆبە یاساییەکاندا کار ناکەن.

بەڵام دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی **بڕیار کارگێڕییە تاکە کەسیەکان** (القرارات الفردية) ئەوا پێویستە جیاوازی لە نێوان دوو جۆر بریاردا بکەین:

**یەکەم:** ئەو بڕیارە کارگێڕییە تاکەکەسیانەی کە مافیان لێ کەوتۆتەوە بۆ تاکەکان، لەم کاتەدا گەرهاتوو بڕیارە تاکەکەسیەکە دروست بوو (صحيح) ئەوا لەئەسڵدا نابێت لەلایەن دەسەڵاتی کارگێڕییەوە هەڵبوەشێنرێنەوە ، ئەوەش وەك زەمانەتێك بۆ سەقامگیری مامەڵەکان و دەست نەبردن ئەو مافانەی کە بۆ تاکەکان کەوتۆتەوە لەبەرەنجامی بڕیارە کارگێڕییەکەوە ، بەڵام ئەم بنەمایە رەها نیە و دەکرێت لە هەندێك حاڵەتەدا ئەم جۆرە بڕیارانە هەڵبوەشێنرێنەوە گەر هاتوو پاساوی یاسایی هەبوو.وەك عەزلکردنی فەرمانبەر لە وەزیفە و کۆتایی هێنان بە راژەی فەرمانبەر گەر هاتوو حوکم درا بە تاوانی بەرتیلخۆری یان ئیختیلاس ، بابڕیاری دامەزراندنەکەیشی دروست بووبێت ، چونکە لەم کاتەدا فەرمانبەر مەرجێکی وەزیفەی لەدەستداوە و دەرچوونی بڕیاری عەزلکردنەکەی وەك هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دامەزراندنەکەی وایە لەلایەن دەسەڵاتی کارگێڕییەوە . بەڵام دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی بریارە تاکەکەسیە لەکەدارەکان (المعيبة)، ئەوا دەسەڵاتی کارگێڕیی دەتوانێت هەستێت بەهەڵوەشاندنەوەیان یان هەموارکردنەوەیان، وەك سزایەك بۆ نامەشروع بوونیان، بەڵام ئەم دەسەڵاتەی ئیدارە لە هەڵوەشاندنەوە یان هەموارکردنەوەی بڕیارەکەی لەرووی زەمەنەوە رەها نیە و پێویستە ئیدارە لە ماوەی تانەلێداندا هەستێت بە هەڵوەشاندنەوە یان هەموارکردنەوەی

بڕیاره لەکەدارەکەی. بە پێچەوانەوە پاش تێپەڕبوونی ماوەی تانە لێدانەکە، ئەوا بڕیارەکە پارێزراو دەبێت و ڕێگە پێدراو نیە دەسەڵاتی کارگێڕیشی هەڵیوەشێنێتەوە یان هەمواری بکاتەوە[٨].

**دووەم:** دەربارەی ئەو بڕیارە کارگێڕییە تاکەکەسیانەی که مافیان لێ نەکەوتۆتەوە ئەوا ئیدارە دەتوانێت هەستێ بە هەڵوەشاندنەوە یان هەموارکردنەوەیان لە هەرکاتێکدا بیەوێت وەك بڕیاری بڕیاری ئینتیداب کردنی فەرمانبەرێکی گشتی . یان بریاری پێدانی مۆڵەتی نەخۆشی بە فەرمانبەر لە غەیری ئەو حاڵەتانەی کە یاسا جێگیری کردووە. یاخود بریارە بەراییەکان وەک بڕیاری هەواڵەکردنی فەرمانبەر بۆ لیژنەی لێکۆڵینەوە.

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە ، دەسەڵاتی کارگێڕیی دەتوانێت هەر کات بیەوێت ئەو بڕیارە کارگێڕییە ڕێساییانەی (ڕێنمایی) هەڵبوەشێنێتەوە کە دەری کردوون، بێ دەستبردن بۆ ئەو مافانەی کە لە پێش هەڵوەشاندنەوە بۆ تاکەکان کەوتۆتەوە ، بەڵام دەربارەی بریارە تاکەکەسیەکان، ئەوا گەرهاتوو بریارەکەی دروستبوو هەروەها مافی لێکەوتبووە بۆ تاکەکان، ئەوا لەم کاتەدا ناتوانێت هەڵیان وەشێنێتەوە جگە لەو حاڵەتانەی لە پێشەوە روونمان کردەوە، بەلام گەرهاتوو بریارەکەی لەکەداربوو لە هەمان کاتدا مافی لێکەوتبووە بۆ تاکەکان، ئەوا لەم کاتەدا دەتوانێت لە ماوەی تانەلێداندا هەڵیوەشێنێتەوە بە پێچەوانەوە دوای

---

[٨]ماوەی تانە لێدانە سەبارەت بەو بڕیارانەی کە دەچنە چوار چێوەی جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ ی هەموار کراو یاسای مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ و یاسار ڕاژەی زانکۆیی، بریتییە لە (٣٠) ڕۆژ و بە پێچەوانەوە پاش تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە دەسەڵاتی کارگێڕیی ناوتوانێت بڕیارەکەی هەڵوەشێنێتەوە یان هەمواری بکاتەوە

تێپەربوونی ماوەی تانەدان ناتوانێت هەڵیوەشێتەوە ، بەڵام دەربارەی ئەو بڕیارانەی کە هیچ مافێکیان لێ نەکەوتۆتەوە ئەوا دەسەلاتی کارگێڕیی دەتوانێت هەلیانوەشێنێتەوە لە هەکاتێکدا بیەوێت ئیتر بڕیارەکە دروست ببوێت یان لەکەدار [٩].

[٩] خوێنەری بەرێز بۆ روونکردنەوە و زانیاری زیاتر دەتوانێت بگەرێتەوە بۆ دانراومان (**بڕیاری کارگێڕیی**) چاپی دووەم، ٢٠١٩، لەبلاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار لاپەرەکانی (١١٢- ١١٨ ) .

## (٢٢)

## دائیره چۆن بڕیارێکی خۆی دەکشێنێتەوە (سحب) کەپێشتر دەری کردووە

مەبەست لە کشانەوەی بڕیاری کارگێڕیی(سحب القرار الإداری)، کۆتایی هێنانە بە ئاسەوارەکانی بریارەکە سەبارەت بە رابردوو و داهاتوو، بە مانایەکی دیکە بریتییە لە هەڵوەشانەوەی بڕیاری کارگێڕیی بە ئاسەواری گەراوەیی (أثر الرجعی). واتە لەم کاتەدا دەسەڵاتە کارگێڕییەکە دەستدەبات بۆ ئەو مافانەیشی کە پێشتر بە هۆی بریارەکەوە کەوتونەتەوە بۆ تاکەکان. سەبارەت بە کشانەوەی بڕیارە کارگێڕییەکان پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان دوو جۆر بڕیاردا، کە ئەوانیش بریتین لە کشانەوەی بڕیارە مەشروعەکان و کشانەوەی بڕیارە نامەشروعەکان:

### ١ـ کشانەوەی بڕیارە کارگێڕییە مەشروعەکان

بنەمای گشتی ئەوەیە کە ڕێگە پێدراو نیە دەسەڵاتی کارگێڕیی هەستێ بە کشانەوەی بڕیارە مەشروع و دروستەکانی خۆی ، ئیتر ئایا بڕیارەکانی تاکەکەسی بن یان ڕێسایی ، هۆکاری ئەم ڕێگە پێنەدانەش دەگەڕێتەوە بۆ پاراستنی پێگە یاساییەکان، کە ئەم بنەمایەش دەبەسترێتەوە بە بنەمای ڕێگە نەدان بە خستنەوەی ئاسەواری بڕیارەکارگێڕییەکان بە ئاسەواری گەراوەییەوە (أثر رجعی) ،بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا و بەدەر لە بنەمای گشتی لە دوو حاڵەتدا ڕێگە دراوە بە کشانەوەی بڕیارە کارگێڕییە مەشروعەکان، کە ئەوانیش بریتین لەو بڕیارانەی کە هیچ جۆرە مافێکیان لێ نەکەوتۆتەوە، هەروەها بڕیارەکانی تایبەت بە کۆتایی هاتنی راژەی فەرمانبەران.

**٢- كشانەوەی بڕیارە كارگێڕییە نامەشروعەكان (نادروستەكان)**

بنەمای یاسایی ئەم مافەی ئیدارە لە كێشانەوەی بڕیارە كارگێڕییەكانی دەگەڕێتەوە بۆ دوو بنەمای سەرەكی ، **یەكەمیان** مافی دەسەڵاتی كارگێڕییە بۆ ڕاستكردنەوەی ئەو بڕیارە كارگێڕییانەی كە بە پێچەوانەی یاساوە دەری كردوون، ئەمەش وەك جێبەجێكردنێك بۆ بنەمای مەشروعیەت (مبدأ المشروعية) و **دووەمیشیان** بنەڕەتی سەقامگیركردنی ئەو پێگە یاساییانە كە بۆ تاكەكان دەكەوێتەوە لەبەرەنجامی بڕیارە كارگێڕییەكەوە. چونكە پێویستە پێگەی یاسایی و مافە بەدەستهاتووەكان بە گوێرەی ئەو بڕیارە كارگێڕییانە بكەونەوە كە بە پێی یاسا دەرچووبن.

لەسەر ئەم بنەمایەش پێویستە ئەو بڕیارە كارگێڕییە نامەشروعانەی لەلایەن دەسەڵاتی كارگێڕییەوە دەكشێنرێنەوە دوو چاری یەكێك بووبن لە لەكەكانی مەشروعیەت (عيوب المشروعية)، واتە یەكێك لە پایەكانی بڕیارەكە لەكەداربێت وەك پایەی دەسەڵات یان شكڵ و رێككارەكان یان سەرپێچی یاسا (بە واتا بەرتەسكەكەی) یاخود هۆكاری بڕیارەكە یان ئامانج و مەبەستی بریارەكە .

سەبارەت بە بریارە رێساییە نامەشروعەكان، ئەوا دەسەڵاتی كارگێڕیی دەتوانێت لە هەركاتێكدا بیەوێت بڕیارەكەی بكشێنێتەوە بە گوێرەی ئەوەی بەرژەوەندی گشتی دەیخوازێت.

دەربارەی كشانەوەی بڕیارە تاكەكەسیە نامەشروعەكانیش لەلایەن ئیدارە ،ئەوا وەك رێسای گشتی، پێویستە دەسەڵاتی كارگێڕی پابەند بێت بە ماوەی تانە لێدان بۆ كشانەوەیان، بەڵام ئەم رێسایە هەندێك بەدەركردنی (استثناء) لەسەر هاتووە، بەو مانایەی كە دەسەڵاتی

کارگێڕیی دەتوانێت لە دەرەوەی ماوەی تانەلێدانیش، ئەو جۆرە بریارە نامەشروعانە بکشێنێتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە بڕیارە نەبووەکان(القرارات المعدومة) و هەروەها ئەو بڕیارە کارگێڕییانەی کە لەسەر بنەمای فێڵ و چەواشەکردن دەرچوون، لە هەمان کاتدا ئەو بڕیارانەی کە بڵاونەکراونەتەوە یان رانەگەیەنراون[١٠] .

---

[١٠] خوێنەری بەرێز بۆ روونکردنەوە و زانیاری زیاتر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ دانراومان (**بڕیاری کارگێڕیی**) چاپی دووەم، ٢٠١٩، لەبلاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار لاپەرەکانی (١١٩- ١٣١ )

## (٢٣)

## ئایا ڕێگەپێدراوە دەسەڵاتی بڕیاردان لە پلەبەرزکردنەوەی (ترفیع) فەرمانبەر بدرێتە بەڕێوەبەرە گشتییەکان؟

دەسەڵاتی بڕیاری پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەران، بە گوێرەی ماددەی (٧)ی یاسای مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ ڕێکخراوە، بەڵام لە نێو واقیعی کارگێڕیی دامودەزگا حکومییەکاندا جیاواز لەوەی کە یاساکە دەقی لە بارەیەوە هێناوە ، ئەم دەسەلاتە پیادە دەکرێت، ئەم بابەتەش نەک تەنها لەسەر ئاستی وەزارەتەکان بەڵکو لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیرانیش هاتووە و وەک پێویست ڕەچاوی دەقی یاسای ناوبراوی تیا نەکراوە، بۆ نمونە بە گوێرەی نوسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١١٢٣٢ لە ٢٠١٢/١٠/١٧) کە دەسەڵاتی تێدا دابەزێنراوە بۆ بەرێوەبەرگشتییەکان و تا مانگی( ٢٠١٦/٤) کاری پێکراوە ، لە خاڵی(١) بڕگەی دووەمی دەسەڵاتە کارگێڕییەکاندا دەسەلاتی پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەران تا پلە (٤) دراوە بە بەرێوەبەر گشتییەکان، ئەم دەسەلاتە وەزیرەکانیش لە لایەن خۆیانەوە دووبارە دایان بەزاندۆتەوە بۆ بەرێوەبەر گشتییەکان ، لێرەدا دەپرسین، ئەم دەسەلاتپێدانە تا چەند لەگەل ڕۆحی یاساکەدا پێکەوە گونجاوە ؟ ئایا یاساکە ڕێگەی بە دابەزاندنی ئەم دەسەلاتە داوە؟ گەر نەیداوە، ئەم دەسەلاتە شەخسیە یاساکە بە کێی داوە ؟ لە خوارەوە ڕوونکردنەوەی پێویست دەدەین لە چەند سەرنجێکدا:

**یەکەم:** بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٧/یەکەم) لە یاسای مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی دەقی لەسەر ئەوە هێناوە کە لیژنەیەک لەلایەن وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت

یاخود ئەو فەرمانبەرەی کە ئەم دوانە دەسەڵاتی پێدەدەن پێکدەهێنرێت بەسەرۆکایەتی فەرمانبەرێک کە پلەکەی لە یاریدەدەری بەرێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت و دوو ئەندامی دیکە کە پلەکەیان لە بەرێوەبەر کەمتر نەبێت.... بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە یاسادانەر دەسەڵاتی پێکهێنانی لیژنەکەی داوە بە وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت یاخو ئەو فەرمانبەرەی کە ئەمان دەسەڵاتی پێدەدەن.

بەمجۆرەش رێگەپێدراوە کە وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت دەسەلاتی پێکهێنانی لیژنەی پلەبەرزکردنەوە شۆڕبکاتەوە بۆ بەرێوەبەرە گشتییەکان بەو مەرجەی کە رەچاوی مەرجەکانی هاتوو لە برگەی یەکەمی ماددەی (٧) بکرێت تایبەت بە ژمارەی ئەندامانی لیژنەکە و پلەکەیان.

**دووەم:** لە بڕگەی دووەمی ماددەی (٧)ی یاساکەدا ، یاسادانەر دەقی لەسەر ئەوە هێناوە کە بریاری پلەبەرزکردنەوەکە لەلایەن وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت دەردەچێت، ئیتر لیژنەکە لەلایەن خودی وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت پێکهێنرابێت یاخود لەلایەن ئەو بەرێوەبەرە گشتییەی کە دەسەڵاتی پێکهێنانی لیژنەکەی بۆ شۆڕکراوەتەوە، لەم کاتەشدا دەردەکەوێت کە یاسادانەر بڕیاری پلەبەرزکردنەوەکەی بە دەستنیشانکراوی (حصرا) لە دەستی وەزیردا هێشتۆتەوە و کردویەتی بە دەسەڵاتێکی شەخصی (الصلاحيات الشخصية) ی وەزیری تایبەتمەند و رێگە پێدراو نیە شۆڕی بکاتەوە بۆ بەرێوەبەرە گشتییەکانی خوار خۆی ، هەروەک لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی شورای دەولەت لە عێراق لە بریاری ژمارە (٢٠١٦/٩٧ لە ٢٠١٦/٩/٧) جەختی لەوە کردۆتەوە کە رێگە پێدراو نیە وەزیر

دەسەڵاتی پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەر شۆڕبکاتەوە بۆ بەڕێوەبەرە گشتییەکانی سەربە وەزارەتەکەی. (( لايجوز للوزير تخويل صلاحية ترفيع الموظف الى المدراء العامين في وزارته))[11].

**سێیەم:** ئەم دەستنیشانکردنی دەسەڵاتە لە دەستی وەزیری تایبەتمەند و ڕێگەنەدانی بە شۆڕکردنەوەی ئەم دەسەڵاتە ، بەڵگەی گرنگی و هەستیاری بابەتی پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەرانە بۆ دڵنیابونەوە لە بەدیهاتنی تەواوی مەرجە بابەتییەکانی هاتوو لە ماددەی (٦)ی یاساکە و بەدیهاتنی مەرجە شکلیەکانی هاتوو لە برگەی یەکەمی ماددەی (٧)ی یاساکە تایبەت بە پێکهاتەی لیژنەی تایبەت بە پلەبەرزکردنەوەکە و بۆ ئەوەی کە هیچ جۆرە مەحسوبیەت و نایاساییەک ڕوونەدات لە بابەتی پلەبەرزکردنەوەکەدا ، کارەکە بە هەمان ئەو جۆرە بێت کە یاسا دەقی لە بارەوە هێناوە .

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە، ڕێگە پێدراو نیە دەسەڵاتی بریاری پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەر شۆڕبکرێتەوە بۆ بەرێوەبەرە گشتییەکان لەلایەن وەزیر یان ئەنجومەنی وەزیرانەوە و ئەم دەسەڵاتە یاساکە بە دەستنیشانکراوی بە وەزیری تایبەتمەندی داوە.

---

[11] قرارات مجلس الدولة وفتاوه لعام ٢٠١٦، ط١، مطبعة العمال المركزية ، منشورات مجلس الدولة، بغداد، ٢٠١٧، ص ٢٢١.

## (٢٤)

## كێ مافی بەشداریکردنی هەیە لە ( ضم ـ کسر القرار ـ)

ئەنجومەنی شورای هەرێم لە بڕیاری ژمارە (٢٠١١/٥٨ لە ٢٠١١/١٢/٢١) سەبارەت بەوانەی مافیان هەیە کە (ضم -کسر القرا-) بکەن لە کردارەکانی زیادکردن بەپێی یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦ و لەسەر داوای وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم، ئاماژەی بەوە داوە کە ئەوانەی بەشداری کرداری زیادکردنەکەیان کردووە یان هەر کەسێکی دیکە مافیان هەیە تا (ضم)بکەن بەسەر ئەو کەسەی کەزیادکردنەکەی لەسەر گیرساوەتەوە لەبەر ئەوەی دەقی یاساکە بە شێوەیەکی رەها هاتووە هیچ کەسی لێ بەدەر نەکردووە..

سەبارەت بەم رادەربرینەی ئەنجومەنی ناوبراو لە خوارەوە چەند سەرنجێکی یاسایی تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** ئەنجومەنی شورای هەرێم دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە بەگوێرەی یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی **١٩٨٦** لەبەر ئەوەی دەقەکە بە رەهایی هاتووە و هیچ کەسێکی لێ بەدەرنەکراوە، بۆیە ئەوانەی بەشداری زیادکردنەکەیان کردووە یان هەرکەسێکی دیکە کە بەشداری زیادکردنەکەی نەکردووە، مافی ئەوەیان هەیە کە (ضم ) بکەن بەسەر دواین نرخی پێشکەشکراو لە زیادکردنەکە بەو شێوەیەی کە یاساکە دەقی لەسەر هێناوە، بەڵام بەگەرانەوە بۆ هەردوو رێنمایی وەزارەتی دارایی عێراق بڕگەی (١١/ج) لە رێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی **١٩٨٦** کە لە رۆژنامەی وەقایعی عێراقی ژمارە (**٣١١٠** لە **١١/٨/١٩٨٦**)بڵاوکراوەتەوە، هەروەها بڕگەی (هەشتەم/٢) لە ماددەی (سێیەم) لە رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٨٨ کە لەرۆژنامەی وەقایعی عێراقی ژمارە (٣١٩٠) لە

١٩٨٨/٢/٢٢ بڵاوكراوەتەوە لە هەمانكاتدا ماددەی (١٠) بڕگەی (دوانزیەم /٣) لە ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٨٦ دەرچووە لە وەزارەتی (الحكم المحلی) دوپاتی ئەوە كراوەتەوە كە تەنها ئەوانە مافی (ضم)یان هەیە كە بەشداری كرداری فرۆشتنەكە بوون، واتە بیروراكەی ئەنجومەنی شورای هەرێم یەكانگیر نابێتەوە لەگەڵ ڕێنماییەكانی ئاماژە پێكراوی لای سەرەوە.كەبەبروای ئێمە ئەم جیاوازی نێوان ڕێنمایی و یاساكەبووە پاڵی ناوە بە وەزارەتی دارایی تا داوای ئەو رادەبڕینە بكات لە ئەنجومەنی شورای هەرێم.

**دووەم:** ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٨٦ كە ڕێنمایی ئاسانكاریی جێبەجێكردنی یاسای (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦ بوو، تا ساڵی ٢٠١٧ لە عێراق بەركار بووە كەدواتر هەڵوەشاوەتەوە بەگوێرەی ڕێنمایی ژمارە (٤)ی سالی ٢٠١٧ ڕێنمایی جێبەجێكردنی یاسای فرۆشتن و بەكرێدانی ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠١٣ كە بەگوێرەی ئەم ڕێنماییەی دوایی (واتە ڕێنمایی ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٧) ڕێگەدراوە بەوانەی بەشداری زیادكردنەكەیان كردووە یان هەر كەسێكی دیكە كە بەشداری زیادكردنەكەی نەكردووە تا هەستن بە (ضم ) لە سەر دواین نرخی پێشكەشكراو كە فرۆشتنەكەی لەسەر گیرساوەتەوە . لە كاتێكدا دەقی ماددەی (١٢/نۆیەم/أ) لە یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠١٣ بە هەمان شێوەی ماددەی (٩/هەشتەم) لە یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦ بە رەهایی هاتووە، بەو مانایەی كە وەزارەتی دارایی لەرێگەی ڕێنماییەكەیەوە دەسەلاتی دەستنیشانكردنی ئەوانەی هەیە كە (ضم) دەكەن ، بەو مانایەی وەزارەتی دارایی لە ڕێنمایی جێبەجێكردنی یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦ ڕێگەی نەداوە بەوانەی كە بەشداری زیادكردنەكەیان نەكردووە تا (ضم) بكەن، بەلام لە

ڕێنمایی یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠١٣ ڕێگەی داوە بەشداری بکەن سەرەرای ئەوەی دەقی هاتوو لە هەردوو یاساکە وەک یەک وایە و جیاوازییان لە نێواندا نیە.

**سێهەم:** بەبروای ئێمە وەرگرتنی رادەبڕینەکەی ئەنجومەنی شورای هەرێم بابەتەکەی چارەسەر نەکردووە، چونکە لەلایەک ئەنجومەنەکە دەسەلاتی هەڵوەشاندنەوەی ڕێنماییە ئاماژە پێکراوەکانی حکومەتی ناوەندی نیە کە ڕێگە نادات بەوانەی بەشداری زیادکردنەکەیان نەکردووە تا (ضم) بکەن و لەلایەکی دیکەش بیرورایەکەی ئەنجومەنی شورا بۆ وەزارەتی دارایی و وەزارەتەکانی دیکەش پابەندکار (ملزم) نیە بە گوێرەی ماددەی (٩/ دووەم)لە یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ ، بەم جۆرەش بابەتەکە هەر بەو جۆرە ماوەتەوە کە جێگەی ناکۆکی و بیرورا جیایی بووە .

چوارەم: بە گوێرەی نوسراوێکی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار / بەرێوەبەرایەتی گریبەستەکان بە ژمارە (١٤٣٢٥ لە ٢٠١٥٩/١١/١١ ) کە ئاراستەی دەستە و بەرێوەبەرایەتی و سەرۆکایەتییەکانی سەر بە وەزارەتی ناوبراوی کردووە، دوپاتی ئەوە کراوەتەوە کە بە گوێرەی خاڵی (١١/ج) لە ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٨٦ و هەروەها بڕگەی (هەشتەم/٢) لەماددەی (سێیەم)ی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٨٨، کە هەر هاوڵاتییەک بەشداری زیادکردنەکەی نەکردبێت ئەوا مافی کەسر قەراری (ضم) نابێت.

لەسەر بنەمای ئەو خاڵانەی لای سەرەوە و لەبەر ئەوەی کە ڕێنماییەکانی ژمارە (٥)ی سالی ١٩٨٦ و ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٨٨ لەلایەن لایەنی تایبەتمەندەوە دەرچووە و لە رۆژنامەی وەقایعی عێراقی بلاوکراونەتەوە و تایبەتە بەوردەکاری و ئاسانکاری بۆ جێبەجێکردنی

حوکمەکانی یاساکە ، بۆیە بروامان وایە کە حوکمەکانی هەردوو ڕێنماییەکە لە پێشترە بۆ جێبەجێکردن و شرۆڤە کردنی دەقی یاساکە لەو شوێنانەی  کە لێکدانەوە هەڵدەگرن و حوکمی پابەندکاریان هەیە و ئەگەر بێتوو دژیەکی هەبوایە لەگەل یاساکە ئەوا بێگومان بۆ ماوەی زیاتر لە (٣١) ساڵ کاری پێنەدەکرا، بۆیە بەبروای ئێمە وەزارەتی دارایی بە گوێرەی تایبەتمەندی خۆی کە جێگرەوەی وەزارەتی دارایی عێراقە لە بابەتی ڕێنماییەکەدا دەیتوانی لەبری پەنا بردن بۆ ئەنجومەنی شورا، دەقی ڕێنماییەکەی بەو جۆرە هەموار بکردایەتەوە کە ماف بدرێت بەوانەی بەشداری زیادکردنەکەیان نەکردووە تا (ضم) بکەن لەسەر کۆتایی نرخی پێشکەش کراو لە زیادکردنەکە، هەروەک چۆن لە ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٧ ی عێراق ڕێنمایی جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠١٣  ئەم بابەتە چارەسەرکراوە .

## (٢٥)

## ئایا ڕێگەپێدراوە زیاتر لە جارێک نیشانەی گلدانەوە بخرێتە سەر مووچە و دەرماڵەی فەرمانبەر

هەندێکجار فەرمانبەر لەبەرەنجامی کارێکەوە یان بە هۆی واقیعێکەوە دووچاری قەرزاری دەبێتەوە ، لەم بەرەنجامەشەوە ، لەلایەن جێبەجێکاری دادەوە نوسراو ئاراستەی فەرمانگەی فەرمانبەرەکە دەکرێت بۆ گلدانەوەی مووچەکەی، لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات کە ئایا دەکرێت زیاد لە یەک گلدانەوە لەسەر مووچەی فەرمانبەر ئەنجامبدرێت؟ لە خوارەوە چەند روونکردنەوەیەکی یاسایی تۆمار دەکەین :

**یەکەم:** ئەو قەرزانەی کە ڕێگە پێدراوە بۆدانەوەیان مووچەی فەرمانبەری بۆ گلبدرێتەوە بریتین لە قەرزی دەوڵەت یان قەرزێکی تایبەتە بە نەفەقە یان قەرزی ئاسایی بەو مەرجەی کە ئەم قەرزانە بە گوێرەی بڕیاری دادگا جێگیرکرابن ، کە بێگومان کاتێک جێبەجێکاری داد نوسراو ئاراستەی فەرمانگەی فەرمانبەرەکە دەکات ئەوا ئەم بابەتەی یەکلاکردۆتەوە سەبارەت بەهێزی یاسایی ئەو بەڵگەنامەیەی کە قەرزەکەی تێدایە و لەسەر فەرمانبەرەکە جێبەجێی دەکات.

**دووەم:** دەربارەی بڕی گلدانەوەکە، وەک پێشتر لە کتێبی یەکەمی دەربارەی وەزیفەی گشتی لاپەرەی (١٥١) دا روونمان کردۆتەوە کە ڕێژەی گلدانەوە لەسەر مووچەی فەرمانبەر بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٨٢)ی یاسای جێبەجێکردنی ژمارە (٤٥)ی ساڵی ١٩٨٠ دەبێت کە بریتییە لە (پێنج یەک)ی مووچەو دەرماڵەی فەرمانبەرەکە نەک بەرێژەی (سێ

یەک)  کە لە ماددەی (شەست)ی یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ دا دەقی لە بارەوە هاتووە.

**سێیەم:** یاسادانەر لە دەقی ماددەی (٨٢)ی یاسای جێبەجێکردندا ، رێژەی پێنج یەکی دەق لەسەر هێناوە بۆ گلدانەوە لەسەر مووچەی فەرمانبەر و بە هیچ شێوەیەک رێگە پێدراو نیە کە زیاتر لەو بڕە لە مووچەی فەرمانبەرەکە گلبدرێتەوە تەنانەت ئەگەر فەرمانبەرەکە خۆیشی رازی بێت، چونکە هەر جۆرە رێکەوتنێک لە نێوان فەرمانبەر و خاوەن قەرز کە پێچەوانەی ئەو رێژەیە بێت  دروست نیە و سەرپێچی نیزامی گشتییە ، بەڵام فەرمانبەرەکە دەتوانێت دوای وەرگرتنی مووچەکەی، چەندی ویست لە قەرز بیداتەوە بە خاوەن قەرز  لەبەر ئەوەی هیچ دەقێکی یاسایی ئەمەی لە فەرمانبەرەکە قەدەغەنەکردووە[١٢] .

**چوارەم:** کاتێک یاسادانەر رێژەی پێنج یەکی داناوە بۆ وەرگرتنی قەرز لەسەر مووچە و دەرماڵەی فەرمانبەرەکە، ئەم رێژەی وەک لانی سەروو (حد الاعلی) دیاریکردوە، بەو مانایەی کە رێگە پێدراو نیە زیاتر لەو رێژەیە لە مووچەو دەرماڵەی فەرمانبەرەکە گلبدرێتەوە ، بەڵام جێبەجێکاری داد دەتوانێت ئەو بڕە کەمتر بکاتەوە، ئەوەش بە رەچاوکردنی باری دارایی فەرمانبەرە قەرزارەکە یان هەر ئیعتیبارێکی دیکە کە جێبەجێکاری داد بە پاساوی زانی بۆ کەمکردنەوەی رێژەی گلدانەوەکە.

**پێنجەم:** یاسادانەر وەک بەدەرکردن لەسەر رێژەی پێنج یەک، قەرزی تایبەت بە نەفەقەی جیاکردۆتەوە کە لەم کاتەدا و بە گوێرەی ئەوەی یاساکەدا دەقی لەسەر هێناوە رێگە پێدراوە کە زیاتر لە رێژەی پێنج

---

(١٢) د.سعید مبارك، أحكام قانون التنفیذ، مكتبة القانونیة، بغداد، ٢٠١٨، ص٢١٤.

یەکی مووچە و دەرماڵەی فەرمانبەرەکەی بۆ گلبدرێتەوە ، چونکە ئەم جۆرە قەرزە بۆ بژێوی ئەو کەسەیە کە حوکمی بۆ دراوە ، پابەندبوون بە رێژەی پێنج یەکی دەق لەسەرهاتوو، ناکۆک دەوەستێتەوە لەگەل ئەو مەبەستەی کە نەفەقەکەی لە پێناودا فەرز کراوە .

**شەشەم:** لە حاڵەتی هەبوونی دوو نوسراوی جێبەجێکردن بۆ گلدانەوەی مووچە و دەرماڵەی فەرمانبەرەکە، ئەوا لەم کاتەدا دەبێت دائیرەی فەرمانبەرەکە، بە نوسراو ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی تایبەتمەند بکاتەوە بە وردەکاری نوسراوی جێبەجێکردنی یەکەم لەگەل ناردنی تەواوی بەراییەکان، بۆ ئەوەی جێبەجێکاری دادی تایبەتمەند بەرچاوو روونی هەبێت بۆ بریاردان لە دۆسیەی جێبەجێکردنەکە، ئیتر بە گەرانەوە بێت بۆ سەر ماڵو سامانی دیکەی فەرمانبەرە قەرزارەکە، یان هەر رێگەیەکی دیکە بۆ جێبەجێکردنی نوسراوی دووەمی جێبەجێکردنەکە، چونکە یاسادانەر رێژەی پێنج یەکی وەک نیزامی گشتی هێناوە و رێگە پێدراو نیە زیاتر لەو رێژەیە لە مووچە و دەرماڵەی فەرمانبەرەکە ببڕدرێت ، چونکە گەربێتوو بەم شێوەیە بێت و بۆ هەر دۆسیەیەکی جێبەجێکردن لەسەر مووچە و دەرماڵەی فەرمانبەرەکە، رێژەی (پێنج یەک) گلبدرێتەوە ئەوا فەرمانبەرەکە هیچی بۆ نامێنێتەوە و ژیان و گوزەرانی خۆی و مناڵ و خێزانی دەکەوێتە مەترسیەوە ، هەروەک لە بڕیاری تێهەڵچوونەوەی ژمارە (٢٢- جێبەجێکردن -١٩٨٧-١٩٨٨ لە ١٩٨٧/١٢/٨) داهاتوو کە رێگە پێدراو نیە خاوەن قەرز داوای

پێنج یەک لە مووچە و دەرماڵەی فەرمانبەر بکات بۆ ئەوەی گلبدرێتەوە بۆ هەر دۆسیەیەکی جێبەجێکردن بە جیا[١٣].

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە ، دائیرەی تایبەتمەند پێویستە لەسەر بنەمای نوسراوی جێبەجێکاری داد ، مووچە و دەرماڵەی فەرمانبەری قەرزار گلبداتەوە بەو ڕێژەی کە لە نوسراوەکەدا هاتووە، لە هەمانکاتدا تەنها یەک جێبەجێکردن لەسەر مووچەو دەرمالەی فەرمانبەرەکە دەکرێت و گەرهاتوو زیاتر بوو لەوە ئەوا بە نوسراو ئاگاداری جێبەجێکاری تایبەتمەند دەکرێت بۆ گرتنەبەری ڕێککاری یاسایی دیکە .

---

[١٣] جاسم جزاء جافر، نوادر المبادئ القضائية لمحاكم استئناف مناطق العراقبصفتها التمييزية،ط١، مطبعة يادگار، السليمانية، ٢٠١٩، ص١٤٨

## (٢٦)

## ئایا سەرۆكی یەكە ئیدارییەكان دەسەلاتی گرتنە بەری رێككاری كارگێڕیی ویاساییان هەیەدەرهەق بە فەرمانبەری وەزارەتەكانی دیكە لە سنووری دەسەلاتیاندا؟

بە گوێرەی ئەحكامی ماددەی (١٩/ حەوتەم) لە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ ، پارێزگار دەسەلاتی گرتنەبەری رێككاری كارگێڕی و یاسایی هەیە دەرهەق بە فەرمانبەرانی كارگێڕی خۆجێیەتی لەسەر ئاستی پارێزگاكان ، كە مەبەست لە فەرمانبەرانی كارگێڕی خۆجێیەتی ئەو فەرمانبەرانەن كە سەر بە دیوانی پارێزگا و قایمقامیەت و بەرێوەبەرایەتی ناحیەكانن، لەسەر ئەم بنەمایەش فەرمانبەری وەزارەتەكانی دیكە ناگرێتەوە و ئەم دەسەلاتەش یاساكە بە دیاریكراوی داویەتی بە پارێزگا و رێگەی نەداوە كە جگە لە پارێزگا هیچ لایەنێكی دیكە پیادەی بكات، لەم كاتەشدا هەریەك لە قایمقام و بەرێوەبەری ناحیەكان دەسەلاتی گرتنەبەری رێككاری یاسایان نیە دەرهەق بە فەرمانبەرانی دیوانی قایمقامیەت یان دیوانی ناحیەكانیان ، چونكە دەسەلاتەكە تەنها (حصر) لە دەستی پارێزگاردا.

دەربارەی دەسەلاتی پارێزگار و قایمقام و بەرێوەبەری ناحیەكان سەبارەت بە فەرمانبەرانی وەزارەتەكانی دیكە، ئەوا بە گوێرەی ئەحكامی ماددەی (١٩/پێنجەم) و ماددەی (٢٤/سێهەم) و ماددەی (٢٥/سێهەم) لە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاكان هەریەك لە پارێزگار و قایمقام و بەرێوەبەری ناحیەكان دەسەلاتی سەرپەرشتی و بە دواداچوون و پشكنینی فەرمانگەكانی سنووری یەكە ئیدارییەكەیان دەكەن، بەلام یاساكە

دەسەلاتی گرتنەبەری ڕێککاری یاسایی و کارگێڕیی پێ نەداون دەرهەق بە فەرمانبەرانی وەزارەتەکانی دیکە گەرهاتوو سەرپێچی بەرزەفتکارییان ئەنجامدابوو، ئەوەی دەکرێت لەم بوارەدا ئەوەیە گەرهاتوو لە میانەی کاری سەرپەرشتی و پشکنینی فەرمانگەکان بۆیان دەرکەوت کە سەرپێچی بەرزەفتکاری ڕوویداوە، ئەوا لە ڕێگەی نووسراوێکەوە دائیرەی تایبەتمەند ئاگاداردەکەنەوە بەو سەپێچییە بۆ ئەوەی ڕێککاری یاسایی دەرهەق بە فەرمانبەری سەرپێچیکار بگیرێتە بەر.

## (٢٧)

## مانەوەی فەرمانبەر لە وەزیفە
## لە پاش کۆتایی هاتنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی

هەندێکجار ئەوە روودەدات، فەرمانبەر ئیتر لە هەر پۆست و پایەکدا بێت لە وەزیفەکەی دەمێنێتەوە و درێژە بە وەزیفەکەی دەدات بێ گوێدانە ئەوەی کە تەمەنی یاسایی خانەنشینی تەواوکردووە و سیفەتی وەرگرتنی وەزیفەی گشتی نەماوە، ئیترهۆکاری ئەمەش نەزانی و بێ ئاگایی دائیرەکەی بێت لەوەی کە فەرمانبەرەکەی تەمەنی یاسایی خانەنشینی تەواوکردووە یان مکوڕبوون و پێداگری فەرمانبەرەکە بێت بە سوود وەرگرتن لەپلە و پایەکەی لەسەر مانەوەی لە وەزیفەکەی بێ گوێدانە ئەوەی کە تەمەنی یاسایی خانەنشینی تەواوکردووە، لێرەدا و بۆ بەرچاو روونی خوێنەران لە چەند روویەکەوە لەسەر گرنگترین ئاسەوارەکانی ئەم مانەوەیە دەوەستینەوە:

**یەکەم: لەرووی یاسایی بوونی مانەوەکەوە**

یاسادانەر بە دەقی راشکاوانە و (آمرە) تەمەنی یاسایی وەزیفی دەستنیشان کردووە، بەدەر لەو تەمەنە گەرهاتوو فەرمانبەر لە وەزیفەکەی مایەوە، ئەوا سەرپێچی راشکاوانە دەقێکی یاسایی کردووە، تەنانەت بابەتەکە ئەوەندە بەلای یاسادانەرەوە گرنگ بووە کە رێگەی نەداوە کار بە حوکمی دادگاش بکرێت بۆ گۆڕینی بەرواری لەدایکبوونی فەرمانبەرەکە و هێشتنەوەی لە وەزیفە، کەواتە مانەوەی فەرمانبەر لە وەزیفە و لە دەرەوەی تەمەنی یاسایی کارێکی نایاساییە و سەرپێچی راشکاوانەی دەقی یاسایە، بێگومان تەمەنی یاسایی وەرگرتنی وەزیفەی گشتی بە تەواوکردنی تەمەنی هەژدە ساڵی دەستپێدەکات و بە تەواوکردنی تەمەنی

(٦٣) ساڵی وەک ڕێسایەکی گشتی و بۆ فەرمانبەرانی گشتی لە کاتی ئێستادا کۆتایی دێت ـ جگە لەو یاسایانەی کە تەمەنێکی دیکەی خانەنشینی دەستنیشانکردووە ـ مەگەربێتوو ئەو تەمەنە بە گوێرەی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران و ئەو مەرج و ڕێککارانەی یاسای خانەنشینی دەقی لەبارەوە هێناوە درێژ کرابێتەوە .

**دووەم: لەرووی ئەو کارانەی کە فەرمانبەرەکە ئەنجامی دەدات**

لایەنێکی بەرچاوی فیقە بۆ ئەوە ڕۆیشتوون کە ئەو کارانەی فەرمانبەرەکە ئەنجامی دەدات لە پاش تەواوکردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی و بە هۆی مانەوە لە وەزیفە بە نایاسایی ، ئیتر دەرکردنی بڕیاری کارگێڕیی بێت یان واژۆکردنی گرێبەستی کارگێڕیی، ئەوا به کاری نەبوو (معدوم) دادەنرێن و ئاسەواری یاسایی ناخەنەوە ، چونکە فەرمانبەرەکە سیفەتی فەرمانبەرێتی نەماوە و دەبێت بە کەسێکی ئاسایی کە هیچ سیفەتێکی یاسایی نیە، لەسەر ئەو بنەمایەش ماوەی تانەدان بەرووی ئەم جۆرە بڕیارانەدا بە کراوەیی دەمێنێتەوە و ملکەچ نابێت بۆ ماوەکانی تانەدان و بە تێپەربوونی ماوەی تانەدانیش بڕیارەکان پارێزراو نابن لە تانەلێدان.هەروەها ئەم جۆرە بڕیارانە هیچ جۆرە ماف و پابەندییەک ناخەنەوە و تاکەکان پابەندنین بە جێبەجێکردن و ڕێزگرتنیانەوە و گەرهاتوو دەرهەق بە تاکەکانیش جێبەجێکران، ئەوا ئەو دەسەلاتە کارگێڕییە قەرەبووی ئەو زیانانەی دەکەوێتە ئەستۆ کە بە هۆی بڕیارەکەوە کەوتۆتەوە [١٤].

[١٤] برهان شلال، القرارات الإدارية المعدومة، رسالة ماجستير قدمت الى كلية الحقوق والعلوم السياسية بجامعة العربي بن مهيدي ـ أم البواقي، الجزائر،٢٠١٧، ص٣٣.

**سێیەم: لەرووی ئەژمارکردنی ئەو ماوەی فەرمانبەرەکە لە وەزیفەدا ماوەتەوە**

ئەو ماوەی فەرمانبەرەکە دەمێنێتەوە لە وەزیفە و لە دەرەوەی تەمەنی یاسایی بۆ هیچ مەبەستێک ئەژمار ناکرێت، لەبەر ئەوەی مەرجەکانی وەزیفەی تیدا بەدی نەهاتووە و بە خزمەتێکی تەواو و دروستی یاسایی دانانرێت، سەبارەت بەو مووچە و دەرماڵەیەشی وەری گرتووە، ئەوا لەروانگەی کارگێڕییەوە پێویستە لێی وەربگیرێتەوە ، هەرچەند ئاراستەی قەزای کارگێڕیی بۆ ئەوە رۆیشتووە کە وەک کرێی هاوشێوە پێی دەدرێت.

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە ، پێویستە دەسەلاتی کارگێڕیی رێگە نەدات بە مانەوەی فەرمانبەرانی لە وەزیفە لە پاش تەواوکردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی ئیتر لە هەر ئاستێکدا بن و رێگە پێدراو نیە لە ژێر هیچ پاساوێکدا ئەم مانەوەیە رووبدات، مەگەر یاسا بە دەقی راشکاوانە رێگەی پێدابێت. بەپێچەوانەوە دەسەلاتە کارگێڕییەکە بەرپرسیارێتی دەکەوێتە سەرشان.

## (٢٨)
## لیژنەی لێکۆڵینەوەی هاوبەش

بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٢٢) لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ گواستنەوە یان ئیعارەی فەرمانبەر ڕێگر نیە لەوەی لێکۆڵینەوە بکرێت لە فەرمانبەری سەرپێچیکار، لەسەر ئەم بنەمایەش فەرمانبەر گەرهاتوو سەرپێچی بەرزەفتکاری ئەنجامدا، ئەوا لە هەر وەزارەت و دائیرەیەکی دیکە بێت و گواستنەوەی راژەی بۆ کرابێت، دەربازی نابێت لە لێپرسینەوە ، بەڵام لێپرسینەوەکە لەلایەن چ وەزارەتێکەوە دەکرێت ، ئەو وەزارەتەی کە سەرپێچیەکەی تیا ئەنجامداوە یان ئەو وەزارەتەی کە فەرمانبەرەکەی بۆ گواستراوەتەوە ؟ یاخود هەردوو وەزارەتەکە ئەوەش لەرێگەی پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی هاوبەشەوە؟

لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی دەولەی عێراقی لە بڕیاری ژمارە (٢٠١٨/٢٨ لە ٢٠١٨/٢/٢٨) دووپاتیکردۆتەوە کە پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی هاوبەش لە نێوان دوو وەزارەت هیچ پاڵپشت و سەنەدێکی یاسایی نیە و یاسادانەر لەم بارەیەوە دەقی نەهێناوە ، سەبارەت بەو وەزارەتەی کە لێکۆڵینەوە لە فەرمانبەرە سەرپێچیکارەکە دەکات، ئەنجومەنی ناوبراو بڕوای وایە کە ئەو وەزارەتەی سەرپێچییەکەی تیا روویداوە لیژنەی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنێ و سزای فەرمانبەرەکە دەدات.

بەبڕوای ئێمە ئەو بۆچوونەی ئەنجومەنی دەولەی عێراقی سەبارەت بەوەی فەرمانگەی پێشووی فەرمانبەرەکە لێکۆلینەوە دەکات، رووبەڕووی کێشەی تایبەبمەندی(اختصاص) مان دەکاتەوە لە بریاری سزادانی فەرمانبەرەکەدا، چونکە فەرمانبەرەکە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی ئیداری و

دارایی بە فەرمانگەکەی پێشووی خۆیەوە نەماوە و وەزیری وەزارەتەکەی پیشووی وەزیری تایبەتمەند(الوزیر المختص) نییە دەربارەی فەرمانبەرە سەرپێچیکارەکە، لەبەر ئەوە بڕوامان وایە ئەو دائیرەی کە فەرمانبەرەکەی بۆ گوازراوەتەوە تایبەتمەندە بە لێکۆڵینەوە و سزادانی فەرمانبەرەکە و لەم بوارەشدا دائیرەکە دەتوانێت بە نوسراو داوای بەرایی و بەڵگەکانی تۆمەتبارکردنی فەرمانبەرەکە بکات لە دائیرەی فەرمانبەرەکە سەرپێچییەکەی تیا ئەنجامداوە و لەسەر ئەو بنەمایە و هەروەها بە پشتبەستن بە شارەزای تایبەتمەند و شایەت، کاری لێکۆڵینەوەکەی تەواو بکات و دواتر ئەنجامی لێکۆلینەوەکە و بریاری سزادانی فەرمانبەرەکەش ئاراستەی فەرمانگەی پێشووی فەرمانبەرەکە بکات و هەروەها دەتوانێت هەر پابەندییەکی دارایی لەبەرەنجامی سەرپێچی فەرمانبەرەکەوە کەوتبێتەوە بە شێوەیەی ئوسولی خۆی بیگەرێنێتەوە بۆ دائیرەی پێشووی فەرمانبەرەکە.

## (٢٩)

## ئايا كۆنووسی لیژنەی لێكۆڵینەوە دەبێتە بەڵگەی حوكمدان (أدلة الحكم)

ئەنجامی لێكۆڵینەوەی كارگێڕی ناكرێت ببێتە بەڵگەیەك لە بەڵگەكانی ئیدانەكردن یا ئازاد كردنی تۆمەتبار، چونكە لە (قرینە)یەكی یاسایی بۆ دادگا تێناپەرێت و دەسەڵاتی دادوەریی پابەند نییە پێوەی بەڵكو تەنها یارمەتی دەسەڵاتی دادوەری دەدات لە دەركردنی بڕیاری ئیدانەكردن یا ئازادكردن ، چونكە یەكێك نییە لەو بەڵگانەی كە لە یاسای بنەماكانی لێكۆڵینەوەی دادوەریی سزایی ژمارە (٢٣) ی ساڵی ١٩٧١ دا هاتوون و (حصر)ی كردووە لە :" دان پیانان، شایەتی دان، پشكنینی شوێنی ڕووداو، ڕاپۆرتی شارەزایان، نوسین"...لەبەر ئەوە لەرووی یاساییەوە كۆنوسی لێكۆڵینەوەی كارگێڕی ناگاتە ئاستی ئەو بەڵگانە تا قەناعەتی دادگا یەكلابكاتەوە لەسەر بڕیاردان لە ئیدانەكردن یا ئازادكردنی تۆمەتبار..

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە و لەبەر ئەوەی لیژنەی لێكۆڵینەوە تایبەتمەندە بە لێكۆڵینەوەكردن لە ڕەفتارێكی فەرمانبەر كە سەرپێچییەكی بەرزەفتكاری (المخالفة الانضباطية) دەخاتەوە نەك تاوانێكی سزایی (الجريمة الجزائية) وخۆ گەرهاتوو ڕەفتاری فەرمانبەرەكە تاوانێكی پێكدەهێنا بەسیفەتە وەزیفییەكەی یان لەبەرەنجامی وەزیفەكەیەوە ئەنجامی دابوو، ئەوا لەم كاتەدا پێویستە لیژنەكە لێكۆڵینەوەكانی ڕابگرێت و دۆسیەكە هەواڵەی دادگای تایبەتمەند بكات چونكە لیژنەی لێكۆڵینەوە تایبەتمەند نییە بە لێكۆڵینەوەی سزایی و ئەم كارە لە تایبەتمەندی دادگای سزاییە. هەر بۆیە لەم كاتەدا دادوەری دادگای تایبەتمەند لێكۆڵینەوە لەو كارەی فەرمانبەرەكە دەكات كە تاوانی پێكهێناوە و لەسەر ئەم بنەمایش

بریار دەدات، بەڵام گەرهاتوو ئەو ڕێککار و بەڵگانەی کە لیژنەی لێکۆڵینەوەکە ئەنجامی دابوو لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە کارگێڕییەکەیدا یارمەتیدەربوو بۆ دادوەر کە وەک قەرینەیەک پشتی پێ ببەستێ بۆ تەواوکاری ئەو بەڵگانەی دیکەی دادگا کە بەدەستیهێنابوو، ئەوا لەم کاتەدا دەکرێت پشت بە کۆنووسی لیژنەکە و پێکهاتەکەی ببەسترێت، بە واتایەکی دیکە کۆنووسی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەبەر ئەوەی تایبەتمەندە بە سەرپێچی بەرزەفتکاری و پەیوەندیدار نییە بە فیعلی جەزائی، ئەوا ئاستەمە وەک تاکە بەڵگەیەکی سەربەخۆ بەکار بهێنرێت بۆ دەرکردنی بریاری ئیدانە کردن یان بێتاوان دەرکردنی فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ دادگا، بەڵکو تەنها دەکرێت وەک قەرینەیەک بۆ یارمەتیدەری دادوەر پشتی پێ ببەستێ بۆ تەواو کردنی بەڵگەکان.

## (٣٠)
## غیاب بوونی فەرمانبەر بە هۆی ئامادەبوون لە دادگا

هەندێکجار فەرمانبەر لە داوایەکدا داواکاربێت یان داوا لەسەرکراو پێویستە ئامادەیی هەبێت لەبەردەم دادگای تایبەتمەند، ئیتر داواکە لەبەردەم دەستەی بەرزەفتکردندا بێت یان دادگای کارگێڕیی یان دادگاکانی دیکە، یاخود هەندێکجار پێویستە لەبەردەم لیژنەی لێکۆڵینەوە ئامادەبێت، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئامادەبوونی فەرمانبەر لەبەردەم ئەو شوێنانەی ناومان هێنان پێویستی بە وەرگرتنی مۆڵەت هەیە، یان ئەو ئامادەبوونە چ تەکییفێکی بۆ دەکرێت؟ لە خوارەوە و لەبەر رۆشنایی رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٦٠ی رێنمایی جێبەجێکرنی یاسای راژەی شارستانی چەند سەرنجێک تۆمار دەکەین:

**یەکەم:**خاڵی یەکەمی رێنمایی ئاماژە بۆکراو دووپاتی ئەوەی کرۆتەوە گەرهاتوو فەرمانبەر بانگکرا بۆ ئامادەبوون لەبەردەم دەستەی بەرزفتکردنی گشتی (دەستەی بەرزەفتگردنی فەرمانبەرانی هەرێم) یاخود لیژنەکانی بەرزەفتکردن یان دادگاکان، ئەوا غیابوونەکەی بە هۆی ئامادەبوونی لەبەردەم ئەو شوێنانە بە خزمەتێکی بەردەوامی بەسەریەکەوە دادەنرێت (خدمة متصلة ومستمرة) بەو مەرجەی لە ماوەی دەستپێکشانەوەدا نەبووبێت.

**دووەم:** گەرهاتوو ئامادەبوونی فەرمانبەرەکە لەبەردەم ئەو لایەنانەی کە لە خاڵی یەکەمدا ئاماژەمان پێدا بە هۆی تۆمەتێکەوە بوو کە پەیوەندی بە وەزیفەکەیەوە هەبوو و دواتریش بوو بە هۆی ئیدانەکردنی، ئەوا ماوەی غیابوونەکەی بە هۆی ئامادەبوونی لەبەردەم ئەو شوێنانە بە مۆڵەتی ئاسایی دادەنرێت بەگوێرەی شایستەبوونی مۆڵەتەکانی.

**سێهەم:** گەڕهاتوو ئامادەبوونی فەرمانبەرەکە لەبەردەم ئەو لایەنانەی لای سەرەوە بە سیفەتی سکاڵاکار بوو ئەوا بە هەمان شێوە ئامادەبوونەکەی وەک مۆڵەتی ئاسایی دادەنرێت بە گوێرەی شایستەبوونی مۆڵەتەکانی.
**چوارەم:**گەڕهاتوو فەرمانبەر بە هۆی ئامادەبوون لەبەردەم فەرمانگەکانی بە سەربازیکردن(تجنید) ئامادەبوو ئەوا بە هەمان شێوەیە ئەو ڕۆژانەی ئامادەبوونەی وەک مۆڵەتی ئاسایی بۆ ئەژمار دەکرێت بە گوێرەی شایستەبوونی مۆلەتەکانی ـ هەرچەند ئەم حاڵەتەیان جێبەجێکردنی نەماوە لە کاتی ئێستاماندا ـ

لەبەرەنجامی ئەوەی لای سەرەوە، پەنا بردنە بەردادگا ئیتر بە سیفەتی داوالەسەرکراو یان سکالالەسەرکراوبێت یاخود بە سیفەتی داواکار یان سکاڵاکار بێت، مافێکی یاسایی فەرمانبەرە و ڕێگە پێدراوە مومارەسەری ئەم مافە بکات، لەبەر ئەوەی دیاریکردنی ڕێکەوتی ئامادەبوون و ژمارەی ڕۆژەکانی ئامادەبوون لە دەرەوەی دەسەلاتی فەرمانبەرەکەیە و مەحکومە بە دەسەلاتی دادگا، بۆیە ڕێگە پێدراو نییە دائیرەی تایبەتمەند ڕێگری بکات لە ئامادەبوونی فەرمانبەر لەبەردەم ئەو لایەنانەی کە باسمان کرد ، تەنانەت ڕێنماییە دەستەواژەی غیابی بەکار هێناوە ئاماژەی بەوە داوە غیابوونی فەرمانبەر بۆ ئامادەبوونی لەبەردەم ئەو لایەنانەی ناویان هاتووە لەسەرەوە ، ئەوا بەو جۆرە مامەڵەی لەگەل دەکرێت کە ئاماەژمان پێدا یان بە خزمەتێکی بەردەوامی بەسەریەکەوە بوو دادەنرێت یان بە مۆڵەتی ئاسایی بە گوێرەی شایستەبوونی فەرمانبەر بە مۆڵەتەکە، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت گەڕهاتوو فەرمانبەر بێ گەرانەوە بۆ دائیرەکەی لەبەردەم یەکێک لەو لایەنانە ئامادەبوو ئەوا دەبێت بە گوێرەی ئەم ڕێنماییە مامەڵەی لەگەل بکرێت بە مەرجێک بەڵگەی تەواوی ئامادەبوونەکەی بخاتەبەردەم دائیرەکەی.

## (٣١)

## تەکیفی دەستپێکێشانەوە( سحب الید)

بەپێی ماددەی (١٦) ی یاسای بەرزەفتکردن دەستپێکێشانەوە تایبەتە بەحاڵەتی راگیرانی فەرمانبەر لەلایەن لایەنی تایبەتمەندەوە، کەواتە پێویست دەکات دەسەلاتی کارگێڕیی پاڵپشت بە هەمان ئەو ماددەیە دەستپێکێشانەوەکەی بۆ بکات نەک بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٧) دەستپێکێشانەوەکەی بۆ بکات، چونکە ئەو دوو ماددەیە بۆ دوو مەبەستی جیاواز لەیەکتر هاتوون و حوکمەکانی دەستپێکێشانەوەیان رێکخستووە لەرووی دەسەلاتی دائیرەکە و ماوەی دەستپێکێشانەکەوە، لەم بارەیەوە لە خوارەوە چەند سەرنجێک تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** دەستپێکێشانەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦) پاڵپشتە بە بڕیاری دادوەر کە فەرمانبەرەکەی پێ راگیراوە و کاتێک بڕیارەکە بەدەست دائیرەکە گەیشت و فەرمانبەرەکە لە راگیراندا بوو ئەوا فەرمانی دائیرەکە رۆژی راگیرانەکە دەکات بە سەرەتای ماوەی دەستپێکێشانەوەکە تا ئەو کاتەی فەرمانبەرەکە ئازاد دەکرێت بە هەرهۆیەک یاخود حوکم دەدرێت، خۆ گەرهاتوو ماوەی راگیرانەکە چەند رۆژێکی کەم بوو ئەوا بەفەرمانی دائیرەکەدا و دوای بەدەستگەیشتنی نوسراوی راگرتن و ئازادبوونەکە، دائیرەکەی بە فەرمانێکی (کاشف) و بە ئاسەواری رابردوو(أثر رجعی) بڕیاری دەستپێکێشانەوەکە دەردەکات، بەڵام گەرهاتوو دائیرەکەی پاڵپشت بە ماددەی (١٧) دەستپێکێشانەوەکەی کرد، ئەوا رێگەپێدراو نیە لە دەقی فەرمانەکەدا ئاماژە بداتە بڕیاری دادوەر و دەبێت ئاماژە بدات ئەو (حیثیات)ەی کە دەستپێکێشانەوەکە دەیخوازێت ئیتر ئایا بەپێی برگەی یەکەمی ماددە (١٧) بێت یان بڕگەی دووەم

**دووەم:** دەستپێکێشانەوەی هاتوو لە ئەحکامی ماددەی (١٦) حاڵەتێکی وجوبییە و دائیرەی فەرمانبەرەکە ناچارە بڕیاری دەستپێکێشانەوەکەی بۆ دەربکات و خۆگرتنەوەی(امتناع) دائیرە لە دەرکردنی فەرمانی دەستپێکێشانەوەکە خۆگرتنەوەیەکی نایاساییە و بەبڕیارێکی نەرێنی (قرار سلبی) دادەنرێت. بەڵام لە دەستپێکێشانەوەی هاتوو لەماددەی (١٧) حاڵەتێکی جەوازییە ودائیرەکەی دەتوانێت بڕیاری دەستپێکێشانەوەکەی بۆ دەرنەکات، کەواتە دەرکردنی بڕیاری دەستپێکێشانەوە پاڵپشت بە بریاری دادوەر بەڵام بە تەکییفی ماددەی (١٧)ی یاساکە، پێچەوانەوەی دەقی یاساکەیە، چونکە حاڵەتی راگیرانەکە لە دەرەوەی دەسەلاتی دائیرەکەیە و هەر دەبێت بڕیاری دەستپێکێشانەوەکەی بۆ دەربکات لە کاتێکدا بەپێی ماددەی (١٧) دائیرەکە دەتوانێت بریاری دەستپێکێشانەوەکە دەربکات یان نا.

**سێهەم:** لەرووی ماوەی دەستپێکێشانەوەکەوە ، ئەوا ماوەکە لە حالەتی راگیرانی فەرمانبەر بە بریاری دادوەر ماوەیەکی کراوەیە بە درێژایی ماوەی راگیرانەکە، بەلام ماوەی دەستپێکێشانەوەکە لە ماددەی (١٧) ماوەیەکی دیاریکراوە و رێگە پێدراو نیە لە (٦٠) رۆژ تێپەڕبکات، لەسەر ئەم بنەمایەش گەرهاتوو دائیرەکە رەچاوی ئەم جیاوازییەی نەکرد و لە پای راگیرانی فەرمانبەر بەبریاری دادوەر دەستپێکێشانەوەکەی بەپێی ماددەی (١٧) بۆ کرد کە ماوەکەی (٦٠) رۆژ، ئەوا سەرەرای ئەوەی لە بنەرەتدا بریارەکەی یاسایی نەبووە، لە هەمانکاتدا و لە حالەتی تێپەرینی ماوەی راگیرانەکە لە (٦٠)رۆژ، دائیرەکەی تووشی ئیشکالیەتی قانونی دەبێتەوە.

لەسەر بنەمای ئەو خاڵانەی لای سەرەوە ، ڕێگە پێدراو نییە کە ئەم دوو جۆرە دەستپێکێشانەوەیە تێکەڵ بکرێت و دائیرە تەکییفی بڕیاری دەستپێکێشانەوەکە بگۆڕێت و دەبێت دەقاودەق بە گوێرەی یاساکە بێت، تەنانەت ئەگەر ماوەی ڕاگیرانی فەرمانبەرەکە یەک ڕۆژ بێت، ئەوا هەر دەبێت بە پێی ماددەی (١٦) دەستپێکێشانەوەکەی بۆ بکرێت.

## (٣٢)

## خانەنشینبوون و راگیران و دەستپێکێشانەوەی فەرمانبەر

ڕەنگە ئەوە رووبدات کە فەرمانبەر لە پای دۆسیەیەکی سزایی رابگیرێت (توقیف) و لە هەمانکاتدا تەمەنی یاسایی خانەنشینی نزیک ببێتەوە، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا لەم کاتەدا دائیرەی تایبەتمەند دەتوانێت چی بکات و چۆن مامەڵە لەگەل ئەم دۆسیەیە بکات؟

بێگومان کاتێک کە فەرمانبەر بەپێی بریاری دادوەر راگیرا، ئەوا پێویستە لەسەر دائیرەکەی و بەپێی تایبەتمەندێتی و پاڵپشت بە ماددەی (١٦)ی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی ژمارە(١٤)ی ساڵی **١٩٩١** بریاری دەستپێکێشانەوەی بۆ دەر بکات بۆ ماوەی راگرتنەکەی، لێرەدا فەرمانبەر و دائیرەکە لەبەردەم دوو ئەگەردان:

**یەکەم:** گەرهاتوو راگرتنی فەرمانبەرەکە پێش تەواوکردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی فەرمانبەرەکە کۆتایی هات و فەرمانبەرە گەرایەوە سەر وەزیفەکەی، واتە گەرهاتوو فەرمانبەرەکە لە ١/ ٦ راگیرا و لە **٢٥/ ٦** ئازادکراو لە ١/ ٧ تەمەنی یاسایی خانەنشینی تەواو دەکرد، ئەوا لەم کاتەدا فەرمانبەرەکە دەستبەکاردەبێتەوە و دەوامی ئاسایی دەکات و چارەنووسی نیوەی مووچەی راگیراوەکەیشی دەکەوێتە سەر بڕیاری کۆتایی دادگا لە دۆسیەکە و گەرهاتوو بریار درا بە بێتاوانی فەرمانبەرەکە، ئەوا فەرمانبەرەکە مافی وەرگرتنەوەی نیو مووچە راگیراوەکەی هەیە تەنانەت با خانەنشینیش بووبێت، چونکە نیوە مووچە راگیراوەکە وەک ئەمانەت لای دائیرەکەی دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی بڕیاری کۆتایی لە دۆسیەکە دەدرێت.

**دووەم:** گەرهاتوو فەرمانبەرەکە پێش تەواوکردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی ئازادنەکراوە و لە (توقیف) دا مایەوە ، ئەوا لەم کاتەدا، تا ئەو رۆژەی کە تەمەنی یاسایی خانەنشینی تەواو دەکات ماوەی راگیرانەکەی وەک دەستپێکێشانەوە (سحب الید) تەکییف دەکرێت، بەڵام ماوەی دوای تەواوکردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی وەک راگرتنی ئاسایی دادەنرێت وەک هەر هاولاتییەکی دیکە ، بۆ نمونە گەرهاتوو فەرمانبەرەکە لە ١٠ / ٦ راگیرا و لە ١/ ٧ تەمەنی یاسایی خانەنشینی تەواو دەکرد و لە ١٥/ ٧ ئازاد کرا، ئەوا لەم کاتەدا ماوەی نێوان (١٠ / ٦ تا پاش نیوەرۆی ٦/٣٠ )ی وەک ماوەی دەستپێکێشانەوە دادەنرێت و شایستەی نیو مووچە دەبێت ، بەلام ماوەی رۆژی (١/ ٧ تا ١٥ /٧ ) وەک هەر هاولاتییەکی ئاسایی راگیرانەکەی بۆ ئەژمار دەکرێت و سیفەتی فەرمانبەریێتی نامێنێ و پاش ئازادکرانی نابێت دەستبەکاربێتەوە بەلکو دەبێت مامەلەی خانەنشینییەکەی تەواو بکات ، یان گەر ئازاد نەکرا، بریکارەکەی مامەڵەکەی بۆ تەواو بکات.

**سێیەم:** رێگەپێدراو نیە کە دائیرەی فەرمانبەرەکە ماوەی دەستپێکێشانەوەی فەرمانبەرەکە درێژ بکاتەوە بۆ دوای تەواوکردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی ، چونکە لە پاش تەواوکردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی ، فەرمانبەر بەحوکمی یاسا سیفەتی فەرمانبەریێتی لەدەستدەدات و لەبەر ئەوەیشی کە دەستپێکێشانەوە تایبەتە بە فەرمانبەر و تەکییفکردنی ماوەی دابرانیەتی لە وەزیفەکەی، ئەوا لە پاش تەواوکردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی درێژکردنەوەی ماوەی دەستپێکێشانەوەکە دروست نیە و نایاساییە و پێویستە دائیرەی فەرمانبەرەکە بە وریایی مامەڵە لەگەل ئەم بابەتەدا بکات.

## (٣٣)

## دەستپێکێشانەوە (سحب الید)ی فەرمانبەر بە گوێرەی یاسای دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان

بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٦ و ١٧) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ی هەموارکراو، حاڵەتەکانی دەستپێکێشانەوەی فەرمانبەر دەست نیشانکراوە کە ئەوانیش بریتین لەو حاڵەتەی کە فەرمانبەرەکە لەلایەن لایەنی تایبەتمەندەوە رادەگیرێت (توقیف)، لەگەل ئەو حاڵەتەی کە وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی گشتی یان سەلامەتی رەوتی لێکۆڵینەوە دەستپێکێشانەوە بە فەرمانبەر دەکەن ، لەگەڵ ئەو حاڵەتەی کە دەستپێکێشانەوەکە لەبەرەنجامی پێشنیاری لیژنەی لێکۆڵینەوە دەبێت کە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٠)ی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت پێکهاتبێت.

جگە لەو سێ حاڵەتەی کە لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا، یاسادانەر لە یاسای دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو لە ئەحکامی ماددەی (پێنجەم/نۆیەم/١) لە یاساکە دەقی لەسەر ئەوە هێناوە کە : دەستە بۆی هەیە فەرمانگەی پەیوەندیدار رابسپێرێت بە دەستکێشانەوەی ئەو فەرمانبەرەی ملکەچی لێکۆڵینەوەیە بەپێی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ی بەرکار لە هەرێمدا.

لەم بارەیەوە و لە خوارەوە چەند سەرنجێکی یاسایی تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** دەستەی دەستپاکی وەک دامەزراوەیەکی تایبەت بە بنەبڕکردنی تاوانی گەندەڵی و بەهەبوونی ئەو دامەزراوە دادوەرییانەی کە لە

چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی ئەم دەستەیەدا کاردەکەن، جیاواز لە رابردوو وەک حاڵەتێکی نوێی بواری دادوەری دەرکەوتوو، کە دەتوانین بڵێین سروشتی کاری ئەم دەستەیە جگە لە رەگەزی سزایی سروشتێکی کارگێڕیشی هەیە و یاساکە دەسەلاتی داوە بەم دەستەیە کە فراوانتر و زیاتر لە دادگای سزایی ، بچێتە ناو وردەکاریی سەرپێچییە کارگێڕییەکانەوە و دواتر دوای لێکۆڵینەوە بە گوێرەی ئەنجامەکە مامەڵەی لەگەل بکات، لەبەر ئەوە بوونی تایبەتمەندی راسپاردەکردن بۆ دەستپێکێشانەوەی فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆلێکۆڵینەوە لە پێداویستی تایبەتمەندی دەستەکەیە.

**دووەم:** یاسای دەستپاکی راسپاردنی فەرمانگەی پەیوەندیداری بە دەستپێکێشانەوەی فەرمانبەر گرێداوە بەوەی کە دەبێت فەرمانبەرەکە هەواڵەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕی کرابێت بە پێی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت، واتە جگە لەم حاڵەتە ئەوا دەستەکە دەسەلاتی مومارەسەکردنی ئەم تایبەتمەندییەی نییە ، کە بەبروای ئێمە دەکرا ئەم تایبەتمەندییەی دەستەکە تەنها گرێ نەدرایە بەحاڵەتی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی و دەکرا بە شێوەی رەها بهاتایە، چونکە دەکرێت ئەم راسپاردنە بۆ ئەو حاڵەتانەش پێویست بێت کە فەرمانبەرەکە رەهنی لێکۆڵینەوەی تاوانێکی گەندەڵییە و هێشتا لە دائیرەکەی دەوامی ئاسایی دەکات و رانەگیراوە لەلایەن دادوەرەوە.

**سێهەم:** دەقی مادەکە راسپاردنی فەرمانگەی تایبەتمەندی بە دەستکێشانەوەی فەرمانبەرەکە بەجەوازی هێناوە ، واتە مەرج نییە کە لە هەموو لێکۆڵینەوەیەکی کارگێڕیدا ئەو راسپاردەیە بخرێتە بەردەستی فەرمانگەی پەیوەندیدار، بەڵکو ئەو راسپاردنە دەکەوێتە سەر وردەکاری

ئەولێکۆڵینەوەیەی کە دەستەکە پێشوەختە ئەنجامی داوە و هەروەها هەبوونی قەناعەتی دەستەکە بە زەرورەتی دەستپێکشانەوەکە گەرهاتوو بوونی فەرمانبەرەکە مەترسی لەسەر رەوتی لێکۆڵینەوەکە دروست دەکرد. کە پێویستە وردەکاریی و پاساوی دەستپێکێشانەوەکە هەبێت و بیسەلمێنێ کە دەستپێکێشانەوەکە پێویستە بکرێت.

**چوارەم:** دەستپێکێشانەوە وەک رێککارێکی قانونی کە یاسادانەر لە یاسای بەرزەفتەکردندا دەقی لەسەر هێناوە ، **لا**یەنی تایبەتمەندی دەستنیشانکردووە بۆ ئەوەی بریار لە دەستپێکێشانەوەکە بدات بە گوێرەی ئەوەی یاساکە دەقی لەسەر هێناوە ، بەلام لە یاسای دەستەی دەستپاکیدا، لایەنی تایبەتمەند بە راسپاردنی دەستپێکێشانەوەکەی دەستنیشان نەکردووە کە ئایا سەرۆکی دەستەکە مومارەسەری ئەم تایبەتمەندییە دەکات یاخود چ لایەن و دامەزراوەیەکی دیکەی دەستەکەیە.

**شەشەم:** ئەو دەستپێکیشانەوەیەی کە لەسەر بنەمای راسپاردەی دەستەکە ئەنجام دەدرێت ملکەچ دەبێت بۆ ئەحکامی ماددەی (١٧)ی یاسای بەرزەفتەکردن و ماوەکەی دیاریکراوە کە نابێت لە (٦٠) رۆژ تێپەڕ بکات، چونکە گەرهاتوو فەرمانبەرەکە هەواڵەی دادگا کراو لەسەر ئەو تۆمەتەی ئاراستەی کرابوو تایبەت بە تاوانی گەندەلی و پاشان راگیرا، ئەوا لەم کاتەدا دەبێت بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٦) دەستپێکێشانەوەکەی بۆ بکرێت، چونکە ئەم جۆرە دەستپیکێشانەوەیە وجوبیە و دائیرەی فەرمانبەرەکە پابەندە پێوەی و بۆی نیە سەرپێچی بکات. با دەستەش داوای نەکات.

**حەوتەم:** گەرهاتوو دەستەکە فەرمانگەی تایبەتمەندی راسپارد بە دەستپێکێشانەوەکە، ئەوا پێویستە ئەو فەرمانگەیە دەستپێکێشانەوەکە

ئەنجامبدات بۆ فەرمانبەرەکە و بۆی نیە سەرپێچی راسپاردەی دەستەکە بکات، هەرچەند باشتر وابو کە یاسادانەر دەستەواژەیەکی بەهێزتری لە دەستەواژەی راسپاردە بەکاربهێنایە بۆ ئەم حاڵەتە وەک ئەوەی: ((کە دەستەکە بۆی هەیە فەرمان بکات بە فەرمانگەی پەیوەندیدار .... ))

لەسەر بنەمای لای سەرەوە بۆمان دەرکەوێت ، دەستپێکێشانەوەی فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ لێکۆڵینەوە بەپێی یاسای دەستەی دەستپاکی هەمان هێزی یاسایی دەستپیکێشانەوەی هەیە کە لە یاسای بەرزەفتکردندا هاتووە ورێگە پێدراو نییە فەرمانگەی پەیوەندیدار خۆی بگرێتەوە (أمتناع) لە جێبەجێکردنی راسپاردەکەی دەستە لەم بارەیەوە .

## (٣٤)

## دەستپێکێشانەوەی(سحب الید) فەرمانبەر بەپێی یاسای دیوانی چاودێری دارایی

بەپێی ئەحکامی ماددەی (شانزەیەم/دووەم) لە یاسای دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ یاسادانەر دەقی لەسەر ئەوە هێناوە کە سەرۆکی دیوان دەسەلاتی دەستپێکێشانەوەی فەرمانبەری هەیە هەرکات سەلامەتی لێکۆڵینەوە و چاودێری دەیخواست یان لە کاتی دەرکەوتنی سەرپێچی یاخود تاوانی دارایی یاخود ئەنجامدانی رەفتارێک کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت یان هەر یاسا و پێڕەو رێنماییەیەکی دیکەی بەرکار، لەبەرەنجامی شرۆڤەی ئەم دەقەوە چەند سەرنجێکی یاسایی تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** یاساکە راستەوخۆ دەسەڵاتی دەستپێکێشانەوەکەی داوە بە سەرۆکی دیوانی چاودێری ، کە لەم کاتەدا و بەگوێرەی ناوەرۆکی ئەم دەقە، راستەوخۆ سەرۆکی دیوان دەتوانێت دەستپێکێشانەوە بۆ فەرمانبەرەکە بکات، بێ گەرانەوە بۆ فەرمانگەی پەیوەندیداری فەرمانبەرەکە، کە بەبروای ئێمە ئەم ئاراستەیە لەگەل سروشتی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەران نایەتەوە کە سروشتێکی مەرکەزی و هەرەمی هەیە لەسەرەوە بۆ خوارەوە ، چونکە لەم کاتەدا فرە مەجەعیەت دروست دەبێت بۆ فەرمانبەرەکە و رەنگە ئاسەواری جۆراوجۆری لێ بکەوێتەوە کە چارەسەرکردنیان لەرووی یاسایەوە ئەستەم بێت.

**دووەم:** دەسەلاتی دەستپێکێشانەوەکە بە شێوەیەکی رەها هاتووە و تەنها گرێ نەدراوە بە سەرپێچی بەرزەفتکاری بەلکو یاساکە دەستەواژەی تاوانی دارایی بەکارهێناوە کە ئەمەش لە دەرەوەی بابەتی لێکۆڵینەوەی

کارگێڕییە و بەبڕوای ئێمە بۆ ئەو حاڵەتەیە کە فەرمانبەرەکە لەسەر تاوانێک هەواڵەی دادگا کرابێت، بەلام ڕانەگیراوە و لەم کاتەدا و بەپێی دەقی ئەم ماددەیە سەرۆکی دیوان دەستپێکێشانەوە بۆ فەرمانبەرەکە دەکات.

**سێهەم:** بە بڕوای ئێمە لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە دەستپێکێشانەوەیە پەیوەندی نیە بە حالەتی ڕاگیرانی فەرمانبەرەوە لەلایەن لایەنی تایبەتمەندەوە کە دەستپێکێشانەوەکەی بە پێی ماددەی (١٦)ی یاسای بەرزەفتەکردن دەبێت واتە دەستپێکێشانەوەیەکی وجوبیە، ئەوا بە گەڕانەوە بۆ ڕێسای گشتی دەستپێکێشانەوە کە لە ئەحکامی ماددەی (١٧)ی یاسای بەرزەفتەکردندا هاتووە ، دەردەکەوێت ئەو دەستپێکێشانەوەی بە بڕیاری سەرۆکی دیوان ئەنجام دەدرێت پێویستە ماوەکەی (٦٠) شەست ڕۆژ تێپەڕنەکات.

**چوارەم:** ئەم ئاراستەی یاسادانەر لە هەرێمی کوردستان لە بارەی دەستپێکێشانەوەی فەرمانبەرەوە تەواو جیاوازە لەو ئاراستەیەی کە پەیرەوی کردووە لە ئەحکامی ماددەی (پێنجەم/نۆیەم/١) لە یاسای دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو کە لەمەی دواییدا یاسادانەر دەقی لەسەر ئەوە هێناوە کە : دەستە بۆی هەیە فەرمانگەی پەیوەندیدار ڕابسپێرێت بە دەستکێشانەوەی ئەو فەرمانبەرەی ملکەچی لێکۆڵینەوەیە بەپێی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ی بەرکار لە هەرێمدا. .. کە لێرەدا یاسادانەر بابەتی دەستپێکێشانەوەکەی وەک پێشنیار هێناوە کە دەخرێتە بەردەستی فەرمانگەی پەیوەندیدار و هەروەها دەستپێکێشانەوەکەی تەنها دەستنیشانکردووە بۆ حاڵەتی لێکۆڵینەوەی کارگێڕی بە پێی یاسای بەرزەفتەکردن و هەروەها ئەو لایەنەیشی لە

دەستەکە دیاری نەکردووە کە پێشنیاری دەستپێکێشانەوەکە دەکات، بەلام لە یاسای چاودێری دارایی ، دەستپێکێشانەوەکە بێ گەرانەوە دەبێت بۆ فەرمانگەی پەیوەدیدار و تەنها گرێ نەدراوە بە لێکۆڵینەوەی کارگێرییەوە و دەسەڵاتی مومارەسەکردنی رێککارەکەی دیاری کردووە کە لەلایەن سەرۆکی دیوانەوە مومارەسەدەکرێت.

لەسەر بنەمای ئەو خاڵانەی لای سەرەوە بۆمان دەرکەوێت کە یاسادانەر لە هەرێم سەقامگیر نەبووە لەسەر پەیرەو کردنی یەک شێواز بۆ مامەڵەکردن لەگەل دەستپێکێشانەوەی فەرمانبەر کە ئەمەش بەبڕوای ئێمە ئاراستەیەکی دروست نیە و باشتر وایە کە لەم بارەیەوە یاسادانەر بەرەچاوکردنی سروشتی رێککاری دەستپێکێشانەوە، ئاراستەکانی یەک بخات و یەک شێواز بۆ مومارەسەکردنی ئەم رێککارە پەیرەو بکات ، چونکە ناکرێت لەم جۆرە حالەتانەدا کە زۆر لێک دەچن ، یاسادانەر یەک رێککار بگرێتە بەر بەلام بەدوو جێبەجێکردنی جیاوازەوە .

## (٣٥)

## چارەنووسی نیومووچەی راگیراوی فەرمانبەری دەستپێکێشراوە (مسحوب الید) لە حاڵەی بەرداندا (الافراج)

بەردان (الإفراج) بریتییە لە بڕیارێکی دادوەریی کە لە دەسەلاتی دادوەرییەوە دەردەچێت ئیترئایا دادوەری لێکۆڵینەوە بێت لە قۆناغی لێکۆڵینەوە یاخود دادوەری (موضوع) بێت لە قۆناغی دادگاییکردن بە بەردانی تۆمەتباری راگیراو و داخستنی داواکە بەهەقی گەرهاتوو بۆ دادگا دەرکەوت کەئەو بەڵگانەی لەبەردەستیدان بەس نین بۆ ئەوەی ئیدانەی تۆمەتبارەکەی پێبکات. لەبەر رۆشنایی ماددەی (٣٠١/ج) لە یاسای بنەما دادگاییە سزاییەکان ژمارە(٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ بریاری بەردان بە بریاری کۆتایی دانانرێت تا پاش تێپەربوونی ئەو ماوانە نەبێت کە یاساکە دایناوە و بریتییە لە تێپەربوونی دوو ساڵ بەسەر دەرچوونی بریاری بەردانەکە گەرهاتوو لە دادوەری لێکۆڵینەوەوە دەرچوبوو (قۆناغی لێکۆڵینەوە) یان یەك ساڵ گەرهاتوو لەلایەن دادگای (موضوع) ەوە دەرچووبوو (قۆناغی دادگاییکردن). لەسەر ئەم بنەمایەش دەکرێت بڵێین بریاری کۆتایی بەردان(قرار نهائي بإفراج) کە لە ماددەی (٣٠٠)ی یاسای بنەما دادگاییە سزاییەکاندا هاتووە بریتییە لەو بریارەی کە ماوەی دیاریکراوی یاسایی تێپەربووبێت بەسەر دەرچوونی بریاری بەردانەکە سەبارەت بە هەردوو قۆناغی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن و لەم حاڵەتەشدا داواکە کۆتایی دێت و بە یەکجاری دادەخرێت و وەك بێتاوان بوون سەیر دەکرێت، چونکە یاسادانەر بریاری کۆتایی بەردانەکەی خستۆتە ریزی بێتاوان بوونەوە و پێکەوەی کۆی کردونەتەوە.

بەڵام بەگەرانەوە بۆ یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت دەردەکەوێت کە یاسادانەر لە هێنانی زاراوەی بەردان وەك دۆخێك بۆ خەرجکردنی نیو مووچەی راگیراوی فەرمانبەر ئاماژەی بە بریاری کۆتایی بەردان نەکردووە و بە شێوەیەکی رەها (مطلق) زاراوەی بەردانی هێناوە و جیای کردۆتەوە لە زاراوەی بێتاواندەرچوون (البراءة) و وەك دوو دۆخی جیاواز هێناویەتی، لە کاتێکدا بە گوێرەی حوکمی ماددەی ٣٠٠ ی یاسای بنەما دادگاییە سزاییەکان بەردان کاتێك ئاسەواری بێتاوانبوون دەخاتەوە و دەبێتە بریاری کۆتایی بەردان کە ماوەی یاسایی دیاریکراوی هاتوو لە ماددەی (٣٠١/ج) تێپەربووبیت بەسەریدا.
لەسەر ئەم بنەمایەش بروامان وایە کە فەرمانبەری بەردراو (المفرج عنه) کە گەرایەوە سەر وەزیفەکەی ئەوا شایستەی وەرگرتنی نیوە مووچە راگیراوەکەی دەبێت بێ ئەوەی دەسەڵاتی کارگێڕیی چاوەڕێی ئەوە بکات کە هەردوو ماوەی ئاماژەپێکراو لە ماددەی (٣٠١/ج)ی یاسای بنەما دادگاییە سزاییەکان تێپەڕی بێت بەسەردەرچوونی بریاری بەردانەکەیدا یان تێپەربوونی ماوەی یاسایی تانەلێدان و پێداچوونەوە لە بریارەکە [١٥].

---

[١٥] عەبدولقادر سالح عەبدول، شرۆڤەی حوکمەکانی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١، چاپی دووەم، لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار، سلێمانی ، ٢٠١٩، لاپەڕە٢١٠.

## (٣٦)

## ئایا بازدان لە وەرگرتنی ناونیشانی وەزیفی (الترقیە) ڕێگە پێدراوە؟

مەبەست لە پایەبڵندکردن (الترقیة) بریتییە لە گواستنەوەی فەرمانبەر لەو وەزیفەیەی کە پڕی کردۆتەوە بۆ ئەو وەزیفەیەی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەروو پلەکەی بە پێی یاسا، واتە گۆڕینی ناونیشانی فەرمانبەرێک لە (یاریدەدەری بەڕێوەبەر ـ معاون المدیر ـ) بۆ (بەڕێوەبەر ـ المدیر ـ).

پێش دەرچوونی یاسای مووچەی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ دەکرا کە ناونیشانی وەزیفی و پلەو مەرتەبەی فەرمانبەر تارادەیەک لەیەکتر جودا بکرێنەوە، بەڵام بە دەرچوونی ئەم یاسایە ، چیدی ئەم لێکدابڕانە نەماوە و هەریەک لە پایەبڵندکردن (الترقیة) ـ کە زیاتر ڕەهەندێکی مەعنەوی هەیە ـ و پلەبەرزکردنەوە (الترفیع) ـ کە زیاتر ڕەهەندێکی ماددی ـ هەیە پێکەوە بەسترانەوە و بە هیچ شێوەیەک ڕێگەنادرێت لە یەکتر جیابکرێنەوە. بەڵام لە جێبەجێکردنەکانی ڕۆژانەی نێو فەرمانگەکاندا ، ئەوە دەبیستین کە فڵانە فەرمانبەر لەگەڵ دامەزراندنی ناونیشانی (........) پێدراوە ، یان فڵان فەرمانبەر ناونیشانەکەی لە (تێبینەرـ الملاحظ ـ ) ەوە گۆڕاوە بۆ (بەڕێوەبەر) لێرەدا دەپرسین ئایا ئەم جۆرە ناونیشان پێدانانە تا چەند لەرووی یاسایەوە دروستە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە لە ڕێگەی چەند سەرنجێکەوە رونکردنەوە دەدەین :

**یەکەم:** هەموو پایە بەرزکردنەوەیەک (ناونیشان پێدانێک) گەر لکێنرابێت بە پلەبەرزکردنەوە بە گوێرەی یاسای مووچەی فەرمانبەران ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ یان پێش ئەوەش گەر جیاکرابێتەوە ، پێویستی بەوە هەیە کە ماوەی بچوک (مدة الاصغریة) ی یاسایی خۆی تەواو بکات، گەرهاتوو ئەم ماوەیەی تەواو نەکرد، ئەوا پایەبەرزکردنەوەکە مەرجی یاسایی تێدا

بەدی نەهاتووە  کە مەرجێکی شکلیی جەوهەرییە و گەر ڕەچاونەکرێت ئەوا پایە بڵندکردنەکەی پێ پوچەڵدەبێتەوە .

**دووەم:** بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (بیستەم) لە یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ ی هەموارکراو، ئەو فەرمانبەرەی کە پایەکەی بڵند دەکرێتەوە دەخرێتە ژێر ئەزمونەوە (تحت التجربة) بۆ ماوەی شەش مانگ و دواتر فەرمانی جێگیرکردنی بۆ دەردەچێت لەو وەزیفەیەی بۆی بەرزکراوەتەوە، بەلام گەرهاتوو لە ماوەی ئەزمونیەکەدا توانای (کفاءة) نەبوو بەسەر وەزیفەکەدا ، ئەوا شەش مانگی دیکەی بۆ درێژ دەکرێتەوە و گەرهاتوو لەماوەی ئەم شەش مانگەی دواییەشدا  بێ توانا بوو، ئەوا دەگەرێنرێتەوە بۆ وەزیفەکەی پێشووی، لەسەر ئەو بنەمایەش دەکرێت بڵێین:

١ـ ئەو ماوە ئەزمونییەی کە لە ماددەی بیستەمی یاسای ڕاژەی شارستانیدا هاتووە، مەرجی شکلییە و دەبێت بۆ هەموو پایەبڵندکردنێک ئەنجام بدرێت و گەرهاتوو ئەم ڕێککارە نەگیرایە بەر ئەوا پایەبڵندکردنەکە دروست نیە.

٢ـ ئەم  ماوەی ئەزمونییە دەچێتە ناو چوارچێوەیەی ماوەی بچوک (مدة الاصغرية) بۆ پایەبڵندکردنی داهاتوو گەرهاتوو فەرمانبەرەکە توانی وەزیفە نوێیەکەی بەباشی بەرێوە ببات و فەرمانی جێگیرکردنی بۆ دەرچوو.

٣ـ دائیرەی تایبەتمەند پێویستە فەرمانی جێگیرکردنەکە دەربکات و گەرهاتوو فەرمانەکەی دەرنەکرد، ئەوا بە حوکمی یاسا فەرمانبەرەکە لە وەزیفە نوێیەکەی بە جێگیرکراو دادەنرێت.

**سێیەم:** بەپێی هەردوو خاڵی لای سەرەوە روونده‌بێته‌وه كه پێویسته هه‌موو پایه‌بڵندكردنێک (واته ناونیشان گۆڕین) بەو رێککارانەدا بروات كه یاسادانه‌ر دەقی له باره‌یه‌وه هێناوه و رێگه پێدراو نیه كه ئه‌و رێككارانه پێشێل بكرێن كه هه‌ندێک له فه‌قیهه‌كانی بواری یاسای كارگێڕی بڕوایان وایه كه ئه‌و رێككارانه وه‌ک نیزامی گشتین و رێگه پێدراو نیه پێشێل بكرێت.

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە ، بازدان به گۆڕینی ناونیشانی فەرمانبەر (پایەبڵندكردن) بۆ زیاتر له یەک ناونیشان هیچ پاڵپشت و بنەمایەكی یاسایی نیە و دژ یەكە لەگەڵ حوكمی یاسای مووچەی فەرمانبەران و یاسای راژەی شارستانی و رەچاونەكردنی ئەو مەرج و رێككارانەی له پێشەوە رونمان كردەوە دەبێتە هۆی ئەوەی كه پایەبڵندكردنەكه بكاتە كارێكی نایاسایی و به پوچەڵكراوە دابنرێت[١٦].

[١٦] بیرۆكه و بەشێک له زانیارییەكانی ئەم بابەتە له واڵی تایبەتی دكتۆر غازی فەیسەڵ مەهدی له تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسبوک وەرگیراوە له ژێر ناونیشانی (الطفرة في الترفيع والترقية)

## (٣٧)

## ئایا جیاوازی ئاین (اختلاف الدین) دەبێتە ڕێگر لە وەرگرتنی مافی خانەنشینی ؟

هەندێکجار ڕەنگە ئەوە ڕووبدات کە فەرمانبەرێکی موسڵمان وەفات بکات هاوژینەکەی بڕواداری ئاینێکی دیکە بێت وەک کریستیان، لێرەدا ئەو پرسیارە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە کە ئایا ئەو هاوژینە شایستەی مافەکانی خانەنشینی دەبێت لە مووچەی هاوسەرە موسڵمانە وەفاتکردووەکەی؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، بە چەند سەرنجێک ڕوونکردنەوە دەدەین:

**یەکەم:** مووچەی خانەنشینی بەبەشێک لە میراتی (الترکة)ی فەرمانبەری کۆچکردوو دانانرێت، بەم جۆرەش بە هەمان حوکمەکانی میراتی دابەش ناکرێت بەسەر میراتبەراندا، بەڵکو بەو شێوەو بڕ و مەرجانە دابەشدەکرێت کە یاسای تایبەتمەندی خانەنشینی دەقی لە بارەیەوە هێناوە ، لە هەمانکاتدا سەرچاوەی مووچەی خانەنشینی نەماڵی گوازراوەیە و نەخانووبەرەیە کە خاوەندارێتییەکەی گەرابێتەوە بۆ فەرمانبەرەکە پێش مردنی تا دواتر شانبەشانی ئەسڵی ماڵەگوازاروەکە بە هەمان شێوە داهاتەکەیشی یان کەڵکو سودەکەیشی بگوازرێتەوە بۆ میراتبەرەکان. ئەمە سەرەرای ئەوەی کە بڕی مووچەی خانەنشینی پێش وەرگرتنی و ڕێکەوتی وەرگرتن و شایستەبوونی، بەبەشێک لە ماڵ و سامانی گشتی دادەنرێت و ڕەفتاری پێوە ناکرێت[١٧].

---

[١٧] د. مصطفی ابراهیم الزلمي، أحکام المیراث والوصیة، بدون اسم المطبعة و سنة الطبع، ص ١٧.

**دووەم:** لەسەر بنەمای خاڵی یەکەمی لای سەرەوە ، مووچەی خانەنشینی بەبەشێک لە میراتی فەرمانبەری وەفاتکردوو دانانرێت و حوکمەکانی میراتی بەسەردا پەیرەو ناکرێت چ لەرووی پلەی نزیکایەتی یان لە رووی مەرجەکانی دیکەی وەک هاوئاینی ، کە شەریعەتی ئیسلامی لە بابەتی دابەشکردن و شایستەبوونی میراتی کەسی وەفاتکردوودا بە مەرجی داناوە کە دەبێت میراتبەر هاو ئاینی کەسی میرات لێ بەجێماوبێت و گەر بە پێچەوانەوە بوو ئەوا بێبەش دەکرێت لە میرات بردن.

**سێیەم:** لەلایەن خۆیەوە قەزای عێراقی دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە مافی خانەنشینی بە ماڵ و سامانی میراتیی (الترکة) دانانرێت و لەم روانگەیەشەوە حوکمەکانی میراتی بەسەردا جێبەجێ ناکرێت کە یەکێک لەوانەش جیاوازی ئاینە وەک رێگرییەک لە شایستەبوون بە میراتبردن، لەسەر ئەم بنەمایەش دادگای پێداچوونەوەی عێراق لە بڕیاری ژمارە (٥٣٦/ دەستەی شارستانی/ ٢٠١٧ ) لە رێکەوتی ٢٠١٧/١/٢٩ دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە جیاوازی ئاین رێگر نیە لە گواستنەوەی مافەکانی خانەنیشی و لەم بارەیەشەوە دادگاکە مافی داوە بە هاوسەری فەرمانبەرێکی وەفاتکردوو کە کریستیان بووە تاشایستەی مووچەی خانەنشینی هاوسەرەکەی ببێت کە موسڵمان بووە بەگوێرەی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ .

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە ، مووچەی خانەنشینی ملکەچ نابێت بۆ حوکمەکانی میراتی (الترکة) ، بەڵکو ماڵ و سامانێکی تایبەتە و بە گوێرەی مەرجی تایبەتی خۆی دەدرێت بە شایستەبوو تەنانەت رێگە پێدراویش نیە کە گلبدرێتەوە (حجز) لەپای قەرزێکی دەوڵەت یان نەفەقەی شەرعی کە پێشتر لە ئەستۆی فەرمانبەرە وەفاتکردووەکەدابووە.

## (٣٨)

## ئایا ڕێگە پێدراوە لە کاتی مۆڵەتدا فەرمانبەر بگوازرێتەوە ؟

زۆر جار رووبەرووی ئەو پرسیارە دەبینەوە کە ئایا فەرمانبەر لە کاتی مۆڵەتدا، ئیتر هەر جۆرە مۆڵەتێک بێت، رێگە پێدراوە بگوازرێتەوە (نقل) ، یان دەبێت دائیرەکەی چاوەرێ بکات تا ماوەی مۆڵەتەکەی تەواو دەبێت و ئەو کات گواستنەوەکەی بۆ بکات؟ هەر چەند ئەم بابەتە دەقێکی یاسایی لەسەر نەهاتووە، بۆیە لەرووی فیقهیەوە رەنگە بیرورا جیایی هەڵبگرێت ، کە لە خوارەوە هەوڵدەدەین چەند روونکردنەوەیەکی لە بارەیەوە بدەین:

**یەکەم:** گواستنەوە دەچێتە چوارچێوەی تایبەتمەندی تەقدیری دائیرەوە و لەسەر بنەمای بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی ، فەرمانبەر دەگوازرێتەوە ، چونکە فەرمانبەر لە پێگەیەکی تەنزیمیدایە و دەسەڵاتی کارگێڕی بەپێی بەژرەوەندی گشتی و ئەو رێوشوێنانەی کە یاسای تایبەتمەند دقی لەبارەوە هێناوە دەتوانێت بیگوازێتەوە.

**دووەم:** لەسەر بنەمای خاڵی یەکەم، دەسەلاتی دادوەریی ناتوانێت چاودێری بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتە بکات لەلایەن ئیدارەوە مەگەربێتوو لەکەیەک (عیب) هەبێت لە روکنی مەبەست (الغاية) ی بریاری گواستنەوەکە وەک ئەوەی بەدەر لە بەرژەوەندی گشتی و بۆ مەبەستێک بەکارهاتبێت، بۆنمونە گواستنەوەکە بە شێوەی سزایەک بەکارهاتبێت.

**سێهەم:** هەروەک یاسادانەر دەقی لەسەر ئەوە نەهێناوە کە دەسەڵاتی کارگێڕی ناتوانێت لە ماوەی مۆڵەتی فەرمانبەرەکەدا راژەکەی بگوازێتەوە ، بەهەمان شێوەش دەقی لەسەر ئەوەش نەهێناوە کە رێگەپێدراوە گواستنەوەکە بکات، هەربۆیە هەندێک پێیان وایە کە دائیرە دەتوانێت

فەرمانبەرەکە بگوازێتەوە با لە حاڵەتی مۆڵەتیشدا بێت، بەڵام جێبەجێکردنی بڕیارەکە دەوەستێتەوە سەر کۆتایی هاتنی ماوەی مۆڵەتەکە و دەستبەکاربونەوەی فەرمانبەرەکە، هەروەک لەلایەن خۆیەوە بەرێز دکتۆر غازی فەیسەل مەهدی[18] ئاماژەی پێکردووە، بەبڕوای ئێمە ئەگەر خۆمان رادەستی ئەم بۆچوونە بکەین، ئەوا ئەم بۆچوونەش چەند سەرنج و تێبینییەک هەڵدەگرێت:

١- بێگومان بڕیاری گواستنەوە زەرورەت و پێداویستی دەیهێنێتە ئاراوە کە بەردەوامی میرفەقی گشتی و دابینکردنی بەرژەوەندی گشتی دەیخوازێت، بەڵام کاتێکد ئیدارە بریاری گواستنەوەکە دەردەکات، ئەوا بریارەکە جەدوای نابێت و جێبەجێ ناکرێت تا ئەو کاتەی کە ماوەی مۆلەتەکە تەواو دەبێت، ئیتر ماوەکە هەرچەند بێت و مۆڵەتەکەش هەر جۆرێک بێت.

٢- لەسەر بنەمای خاڵی پێشوو ئەوا دەرکردنی بریاری گواستنەوەکە دەسەلاتی کارگێڕی دەخاتە ژێر پرسیارەوە ، چونکە کاتێک کە بریاری گواستنەوە دەردەکات و لەرووی جێبەجێکردنەوە بریارەکە مەحاڵ بێت، ئەوا بێگومان لەم کاتەدا گومان لەسەر روکنی مەبەست یان ئامانجی بریارەکە دروست دەکات ، لەبەر ئەوەی لە ئەسلدا بریارەکە لەرووی زەمەنی دەرکردنیەوە بەرژەوەندی گشتی بەدی ناهێنی.

---

[18] د. غازي فيصل مهدي، فتاوى و قرارات مجلس شورى اقليم كوردستان في الميزان، ط١، مكتبة القانون والقضاء، بغداد، ٢٠١٩، ص ٨٥.

٣- بەبڕوای ئێمە ئەگەر یاسادانەر گواستنەوەی فەرمانبەری لە ماوەی مۆڵەتدا بە دروست دابنایە، ئەوا لەم بارەیەوە دەقی یاسایی لەسەر دەهێناوە هەروەک چۆن لە یاسای ڕاژەی شارستانی و یاسای ڕاژەی زانکۆیی دەقی لەسەر ئەوە هێناوە کە لایەنی تایبەتمەند دەتوانن لە ماوەی پشووی قوتابخانە یان پشووی هاوینەدا فەرمانبەر بانگهێشت بکەنەوە بۆ ئەنجامدانی کاری کارگێڕیی و دواتر قەرەبووکردنەوەیان، بۆیە پێمان وایە تەنانەت ئەگەر بڕیاری گواستنەوەکەش جائیز بێت، ئەوا جێبەجێکردنەکەی مەحال دەبیت، کە ئەمەش لەگەل سروشتی بریاری کارگێڕی ڕێک نایەتەوە لەو ڕوانگەیەی کە بریاری کارگێڕیی بە ئاسەواری دەمودەست(فوری) جێبەجێ دەکرێت.

٤- ئەگەر بابەتی گواستنەوەکە دواخستن هەڵبگرێت تا دوای کۆتایی هاتنی ماوەی مۆڵەتەکە و دەستبەکاربونەوەی فەرمانبەرەکە، ئەوا لەم کاتەدا و پاش کۆتایی هاتنی ماوەی مۆڵەتەکە ،دەستی دائیرە کراوەیە بۆ گواستنەوەی فەرمانبەرەکە و لەم کاتەشدا بریارەکە هەم جەدوای دەبێت و هەم لەڕووی روکنی مەبەست یان ئامانجیشەوە بە هەند وەرگیراو دەبێت و ئەگەری هەبوونی ئەم لەکەیە لاواز دەبێت.

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە ، ئەگەر ڕێگەپێدراو بێت لە ماوەی مۆلەتدا فەرمانبەر بگوازرێتەوە ، ئەوا فەرمانی گواستنەوەکە روبەرووی گرفتی جێبەجێکردن دەبێتەوە تا ئەو کاتەی فەرمانبەرەکە ماوەی مۆلەتەکەی تەواو دەبێت کە رەنگە لە ساڵ زیاتر بێت گەرهاتوو مۆلەتی بێ مووچە بوو ، لەکاتێکدا

ئیداره دەسەلاتی کراوەیە کە لە کاتی دەستبەکاربوونەوەی فەرمانبەرەکە هەمان فەرمان دەربکات و راژەی فەرمانبەرەکە بگوازێتەوە و هەمان ئەو ئەنجامە بدات بەدەستەوە کەفەرمانەکە لە کاتی مۆڵەتدا دەربکات، بۆیە پێمان وایە ئەگەر فەرمانی گواستنەوەکە جائیزبێت، بەڵام لەرووی جێبەجێکردنەوە مەحاڵ دەبێت و ئیداره دەخاتە ژێر پرسیارەوە لەرووکنی مەبەستی بریارەکەدا، باشتر وایە ئیداره خۆی لەم بابەتە نەدات تا پاش دەستبەکاربونەوەی فەرمانبەرەکە.

## (٣٩)

## هەڵوەشاندنەوەی بریاری سزای فەرمانبەر بە هۆی هەبوونی لەکەی شکڵ (عیب الشکل) لەلایەن دادگاوە

هەندێکجار فەرمانبەر سزای بەرزەفتکاری دەدرێت، بەڵام پاش ئەوەی بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٥) لە یاسای بەرزەفتکردن پەنا دەباتە بەر دادگای تایبەتمەند، دادگا بە هۆی هەبوونی لەکەی شکڵ و رێککارەکان (عیب الشکل والاجراءات) بریاری سزادانەکە هەڵدەوەشێنێتەوە، لێرەدا دەپرسین ئایا ئاسەواری ئەم جۆرە هەڵوەشاندنەوەیە چۆنە و دەسەڵاتی کارگێڕی تا چەند دەتوانێت دووبارە سزای فەرمانبەرەکە بداتەوە ؟ لە خوارەوە چەند روونکردنەوەیەک تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** لەکەی شکڵ و رێککارەکان پەیوەندیدارە بە روکنی شکل و رێککارەکان لە بڕیاری کارگێڕیی و جیاوازە لە ناوەرۆک و بابەتی بڕیارەکە و زیاتر وەک روکنێکی دەرەکی دادەنرێت، وەک ئەوەی بریاری سزادانەکە هۆکاری تێدا نەنوسرابێت (تسبیب) یان لیژنەی لێکۆڵینەوەکە بە نوسین لێکۆڵینەوەیان لەگە فەرمانبەرە سزادراوەکە نەکردبێت یاخود بە غیابی و بێ ئاگادارکردنەوە سزای بەسەردا سەپێنرابێت، یان ئەندامانی لیژنەکە ژمارەیان لە (٣) ئەندام زیاتربێت، یاخود لیژنەی لێکۆڵینەوەکە فەرمانبەری یاسایی تێدا نەبووبێت، یان هەر شکلیەتێکی دیکە کە یاسا دەقی لەسەر هێنابێت.

**دووەم:** دادگای تایبەتمەند لەپاش لێکۆڵینەوە لە روکنی تایبەتمەندی(الاختصاص) لە بریاری سزادانەکە، دواتر دیراسەی روکنی شکل دەکات بۆ دڵنیابونەوە لەوەی کە بریاری سزادانەکە هیچ یەک لەو

لەکانە (عیب)ی تێدا نییە کە پەیوەندیدارە بە روکنی شکل و مەرجە شکلیەکانەوە ، گەرهاتوو کەمو کورتی و لەکە لەم بوارەدا هەبوو، ئەوا دادگای تایبەتمەند بێ چوونە ناو وردەکاری و بابەتی سزادانەکە ، بریار دەدات بە هەڵوەشاندنەوەی سزاکە لەبەر هەبوونی لەکە لە روکنی شکلی بریارەکەدا.

**سێهەم:** دەسەڵاتی کارگێڕی دەتوانێت پاش هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری سزادانی فەرمانبەرەکە لەلایەن دادگای تایبەتمەندەوە لەبەر هەبوونی لەکەی شکل لە بریارەکەیدا، دووبارە بریارەکە دەربکاتەوە بەرەچاوکردنی شکلیەتە یاساییەکان و بەهەمان ئەو ناوەرۆکەی کە پێشتر هەبووە، واتە هەمان ئەو سزایەی کە لە بریارە هەڵوەشاوەکەدا هەبووە دووبارە دەردەکاتەوە بە چاککردنەوەی لەکە شکلییەکە، هەروەک دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورا لە عێراق لە بڕیاری ژمارە (٢٢٠/بەرزەفتکردن/پێداچونەوە/٢٠١٣ لە ٢٠١٣/٧/٢٢) دووپاتیکردۆتەو.

**چوارەم:** هەڵوەشاندنەوەی بریاری سزادان لەرووی شکلییەوە واتای یەکلاکردنەوەی بابەتی سزادانەکە نییە لەلایەن دادگاوە، لەسەر ئەم بنەمایەش کاتێک دەسەڵاتی کارگیری لەکەی شکلی بریارەکەی چاککرد ئەوا دووبارە گەرهاتوو فەرمانبەرە سزادراوەکە بە گویرەی مادەی (١٥)ی یاساکە تانەی لە بریاری سزادانەکە دایەوە ، دادگا لەم کاتەدا دەچێتە ناو وردەکاری بابەتی سزادانەکە و لێکۆڵینەوەی خۆی دەکات و بریار لە بارەیەوە دەدات، هەروەک دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورا لە بریاری ئاماژە پێکراوی خاڵی سێهەمدا جەختی لەسەرکردۆتەوە.

**پێنجەم:** بڕیاری سزادانی فەرمانبەر کە لەکەدار بێت بەلەکەی شکل و رێککارەکان، واتای ئەوە نیە بڕیارەکە لە ناوەرۆک و بابەتەکەیدا

لەکەدارە بووە تا دواجار لەبار بێت بۆ ئەوەی داوای قەرەبووی(دعوى التعويض) لەسەر تۆمار بکرێت، لەسەر ئەم بنەمایەش ئەو فەرمانبەرەی کە بریاری سزادانەکەی هەڵدەوەشێتەوە ، ناتوانێت داوای قەرەبوو لەسەر ئەو لایەنە تۆمار بکات کە سزاکەی داوە، چونکە هەڵوەشاندنەوەی بریاری سزادانی فەرمانبەر بە هۆی هەبوونی لەکەی شکل مانای ئەوە نیە فەرمانبەرەکە لە رووی بەپرسیارێتیەوە بێتاوان بووە و سەرپێچی نەکردووە، هەروەک لەلایەن خۆیەوە دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای هەرێم لە بڕیاری ژمارە(٩/دەستەی گشتی/ کارگێڕی/٢٠١٦ لە ٢٠١٦/٤/٣) دووپاتیکردۆتەوە.

لەسەر بنەمای ئەو خاڵانەی لای سەرەوە ، گەر هاتوو بریاری سزادانی فەرمانبەر بەهۆی هەبوونی لەکەی شکل و رێککارەکان لەلایەن دادگای تایبەتمەندەوە هەڵوەشێنرایەوە، ئەوا رێگەپێدراوە تا دەسەڵاتی کارگێری لەکە شکلییەکە چاک بکاتەوە و دووبارە بریاری سزادانەکە بە هەمان ناوەرۆکەوە دەربکاتەوە و فەرمانبەرەکەش مافی هەیە دووبارە داوا تۆمار بکاتەوە و دادگاش دووبارە لێکۆڵینەوە لە ناوەرۆکی بریارەکە دەکات و بریاری لە بارەوە دەدات.

## (٤٠)

## خوێندنەوەیەک بۆ ماددەی (٧)ی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت

بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (٧)ی یاسای بەرزەفتکردن گەرهاتوو فەرمانبەر سەرپێچی یەکێک لە ئەرکەکانی سەرشانی کرد یاخود هەستا بەئەنجامدانی کارێک کە لێی قەدەغەکرابوو ئەوا سزا دەدرێت بە یەکێک لەو سزایانەی کە لەم یاسایەدا دەقی لەسەر هاتووە و جگە لەگرتنە بەری هەر رێککارێکی دیکە بە پێی یاساکانی دیکە.

لەم ماددەیەدا یاسادانەر جەختی لەسەر چەند خاڵێک کردۆتەوە:

**یەکەم:** بنەمای مەشروعیەتی چەسپاندووە، بەو مانایەی کە رێگە پێدراو نییە جگە لەو سزایانەی کە لە یاساکەدا هاتووە، فەرمانبەر بە هیچ جۆرە سزایەکی دیکە سزا بدرێت گەرهاتوو سەرپێچیەکەی سەلمێنرا، وەک ئەوەی کە گواستنەوەی راژەی بۆبکرێت وەک سزادان.

**دووەم:** ئەو سەرپێچییەی کە فەرمانبەرەکە ئەنجامی دابوو ، سزادانی بە گوێرەی یاساکە نابێتە رێگر لەوەی رێککارێکی دیکەی یاسایی دەرهەق بگیرێتە بەر گەرهاتوو بە هۆی سەرپێچییەکەیەوە حوکمەکانی ئەو یاسایانەشی پێشێل کردبوو، وەک ئەوەی فەرمانبەرەکە سەرپێچییەکەی تاوانێکی سزایی دەخستەوە ، یاخود زیانی گەیاندبوو بەماڵی دەوڵەت و رێکاری (تضمین)ی دەرهەق دەگیرایە بەر.

**سێهەم:** هەندێکجار فەرمانبەر لە پلەو پۆستێکی وەزیفیدایە و لە هەمانکاتدا سەرپێچی دەکات و بەو هۆیەشەوە سزا دەدرێت، کە لەم کاتەدا دەسەڵاتی کارگێڕی پاڵپشت بەو سزادانە و وەک هۆکارێک دەتوانێت لە پۆستەکەی لای ببات، چونکە بەرێوەبردنی پۆستە

کارگێڕییەکان و بریارلێدانی دەگەرێتەوە بۆ تەقدیری دائیرە و گەر هاتوو فەرمانبەر لەسەرکەمتەرخەمی و پەیرەونەکردنی یاساو رێنماییەکان سزا درا ئەوا لەم کاتەدا رێگە پێدراوە لە پۆستەکەی لابدرێت و بگەرێنرێتەوە بۆ وەزیفەکەی پێشووی با بە هۆی لادانەکەیشیەوە دەرماڵە و ئیمتیازاتی لە دەستدابێت ، تەنانەت ئەم لادانە هەندێک لە فەقیهەکانی بواری وەزیفەی گشتی بە واجبیان داناوە .(١٩)

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە ، گەرهاتوو فەرمانبەر لەسەر بنەمای سەرپێچییەکی بەرزەفتکاری سزا دراو و دواتر بەگوێرەی یاسایەکی دیکەی تایبەتمەند پێویست بوو رێککاری دیکەی بەرامبەر بگیرێتە بەر، ئەوا ئەم حاڵەتە بە دووجار سزادان نایەتە ژماردن، هەروەک دەکرێت دەسەڵاتی کارگێڕی سزادانی ئەو فەرمانبەرەی کە پۆستێکی وەزیفی بەرێوەدەبات وەک هۆکارێک بەکاربهێنێ بۆ لابردنی لە پۆستەکەی لەو روانگەیەی کە سەرپێچی یاسای کردۆتەوە یان کەمتەرخەم بووە لە ئەرکەکانی سەرشانی و ئەم حاڵەتەش شایستە نییە بۆ کەسێک کە پۆستێکی وەزیفی بەرێوە ببات.

---

(١٩) د. غازي فيصل مهدي، فتاوى و قرارات مجلس شورى اقليم كوردستان في الميزان، ط١، بغداد، ٢٠١٩، ص١٠٠

## (٤١)

## سزادانی فەرمانبەر و عورفێکی دیکەی هەڵە

هەندێکجار فەرمانبەر لەلایەن لیژنەی لێکۆڵینەوەی پێکهاتوو بە فەرمانی وەزیر لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت و دواتر پێشنیاری سزای بۆ دەکرێت و پاشان بە فەرمانی وەزاری سزای بەرزەفتکاری دەسەپێنرێت بەسەریدا، کاتێکیش کە فەرمانی سزادانەکە دەگاتەوە بەرێوەبەرایەتییە گشتییەکەی، لە هەندێک بەرێوەبەرایەتی گشتییەکاندا دووبارە فەرمانێکی کارگێڕی بە فەرمانی سزادانەکەی وەزارەت دەردەچێت و فەرمانبەرەکە لەبری ئەوەی تەبیلغی بکەن بە فەرمانی سزادانەکەی وەزارەت، تەبیلیغی دەکەن بە فەرمانی کارگێڕی سزادانەکەی کە بەرێوەبەرایەتییە گشتییەکە وەک فەرمانێکی کاشف بۆ فەرمانی وەزارەت دەری کردووە و وێنەی فەرمانەکەی وەزارەتی پێنادەن بۆ تەبلیغ بوون، کە ئەمەش لەرووی یاساییەوە سەرنج هەڵدەگرێت و گرفت و ئیشکالیەتی قانونی لێ دەکەوێتەوە کە لە خوارەوە روونی دەکەینەوە:

**یەکەم:** دەرکردنی فەرمانی کارگێڕیی لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی وەک فەرمانێکی ئاشکراکار (کاشف) بۆ فەرمانەکەی وەزارەت هیچ پاڵپشتێکی یاسایی نیە و جەدوای قانونی نیە، چونکە لە ئەسڵدا نەبەرێوەبەرە گشتییەکە فەرمانەکەی دەرکردووە و نە دەسەلاتی هەڵوەشاندنەوە یان کەمکردنەوەی سزاکەی هەیە لە حاڵەتی پێشکەشکردنی دادخوازی (التظلم).

**دووەم:** لەم جۆرە حاڵەتانەدا کێشە بۆ فەرمانبەری سزادراو دروست دەبێت بۆ پێشکەشکردنی دادخوازی (تظلم) لە بریاری سزادانەکە، چونکە گەربێتوو فەرمانی سزادانەکەی وەزارەت تەبیلغ نەکرێت بە فەرمانبەرەکە

و تەنها فەرمانی بەرێوبەرایەتییە گشتییەکەی پێ تەبلیغ بکرێت، ئەوا بەرێوەبەرایەتییە گشتییەکە لایەنی تایبەتمەند نییە بە دەرکردنی بریاری سزاکە و هەروەها لایەنی تایبەتمەندیش نییە بە سەیرکردنی دادخوازییەکەو لەسەر ئەم بنەمایەش دەسەلاتی رەتکردنەوە یان پەسەندکردنی دادخوازییەکەی نیە.

**سێهەم:** گەرهاتوو فەرمانبەر لە نەشارەزایی دادخوازی پێشکەشی بەرێوەبەرایەتییە گشتییەکە کرد کە فەرمانە کاشفەکەی دەرکردبوو، ئەوا لەم کاتەدا و لە حالەتی رەتکردنەوەی دادخوازییەکە چ بە حەقیقەت بێت یان حوکمەن، ئەوا لە کاتی تۆمارکردنی داوا لەبەردەم لایەنی تایبەتمەند، فەرمانبەرەکە دووچاری کێشە دەبێتەوە و ئەگەری زۆرە داواکە لەرووی شکلیەوە رەتبکرێتەوە چ لە رووی ماوەیاساییەکانەوە بێت یان لەرووی لایەنی تایبەتمەندی و دژکاری (خصومة)ەوەبێت، چونکە دادخوازییەکەی ئاراستەی ئەو لایەنەی نەکردووە کە بریاری سزاکەی دەرکردووە، لە کاتێکدا دادخوازی لە عێراقدا دادخوازی ولائییە نەک سەرۆکایەتی (رئاسی).

**چوارەم:** لەبەر ئەوەی بریاری سزادانەکە لە بنەرەتدا لەلایەن وەزیرەوە دەرکراوە، گەرهاتوو فەرمانبەرەکە لەرێگەی دادخوازییەوە و لەلایەن وەزیرەوە بریاری سزادانەکەی هەڵوەشاندەوە یان سووکی کرد، ئەوا بەرێوەبەرایەتییە گشتییەکە دەسەلاتی خۆگرتنەوەی (امتناع) نیە لە سوککردن یان هەڵوەشاندنەوەی بریاری سزاکەدانەکە و دەبێت تابیعی فەرمانی وەزارەت بێت.

لەسەر بنەمای ئەو خالانەی لای سەرەوە ، بەبروای ئێمە دەرکردنی فەرمانی ئاشکراکار لەلایەن بەرێوەبەرایەتیە گشتییەکانەوە بەو شێوەی

باسمانکرد بۆ فەرمانی سزادانی فەرمانبەر لەلایەن وەزیرەوە ، پاڵپشتی یاسایی نییە و عورفێکی هەڵەیە و ناکۆک دێتەوە لەگەل حوکمەکانی ماددەی (١٥)ی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ، بۆیە دەبێت لەم جۆرە حاڵەتانەدا ، بەرێوەبەرایەتییە گشتییەکە فەرمانە وەزارییەکە بە شێوەی ئوسوڵی تەبیلیغ بکات بە فەرمانبەر بۆ ئەوەی فەرمانبەرەکە لە ماوەی یاسایی خۆیدا دادخوازی پێشکەش بکات لە وەزارەت بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی سزادانەکەی.

## (٤٢)

## ئایا فەرمانبەر دەتوانێت زیاتر لە کەفالەتێک بکات؟

هەندێکجار فەرمانبەر داوای لێ دەکرێت تا ببێتە کەفیلی کەسێکی دیکە، کە ڕەنگە پێشتریش کەفالەتی کەسی دیکەی کردبێت و بەم هۆیەشەوە دائیرەکەی ڕەزامەندی نەدا بۆ ئەوەی کەفالەتی دووەم بکات بەو پێودانگەی کە کەفیلی کەسی دیکەیە ، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا ڕێگە پێدراوە فەرمانبەر لە یەک کاتدا ببێتە کەفیلی دارایی زیاتر لە کەسێک؟

بە گەڕانەوە بۆ ئەحکامی ماددەی (١١/ پێنجەم/ب) لە یاسای دادنووسانی ژمارە (**٣٣**)ی ساڵی **١٩٩٨** ، یاسادانەر سەبارەت بە کەفالەتکردن لەلایەن فەرمانبەرانی دەوڵەت یان خانەنشینیان، دەقی لەسەر ئەوە هێناوە کە کە دەکرێت کەفالەتی دارایی بکەن بۆ کەسانی دیکە بە بڕێک کە کۆی ئەوەی وەری دەگرن لە مووچە و دەرماڵەی جێگیری ساڵێک تێپەڕ نەکات، بێگومان ئەمەش دوای ئەوەی دائیرەی فەرمانبەرەکە پشتگیری دەکات بە بڕی ئەوەی وەری دەگرێت لە مووچە و دەرماڵە جێگیرەکان، لەسەر ئەم بنەمایەش دەتوانین بڵێین:

**یەکەم:** یاسادانەر لە دەقی مادده و بەندی ئاماژە پێکراودا ئاماژەی بە مووچە و دەرماڵەی جێگیر کردووە ، لەم بەرەنجامەشەوە دەبێت دائیرەکان لە کاتی کردنی نوسراوی پشتگیری کردن بۆ فەرمانگەی دادنوسی یان بەشی یاسایی ئەو دائیرانەی کە کەفالەتەکە وەردەگرن، دەبێت تەنها مووچە و دەرماڵەی جێگیر بنوسن و نابێت دەرماڵە ناجێگیرەکانی لە کاتی کردنی نوسراوەکانیاندا ئەژمار بکەن.

**دووەم:** دەکرێت فەرمانبەرێک کەفالەتی زیاتر لە کەسێک بکات گەرهاتوو بڕی مووچە و دەرماڵەی جێگیری ساڵەکەی دەیکردە کۆی بڕی ئەو کەفالەتانەی کە کردوویەتی. بۆ دڵنیابوون لەمەش پێویستە فەرمانگەی فەرمانبەرەکە ئاگاداری بڕی ئەو کەفالەتانە بێت کە فەرمانبەرەکە کردوویەتی و گەر دڵنیابویەوە لەوەی کە کۆی مووچە و دەرمالەی جێگیری فەرمانبەرەکە بەشی کەفالەتەکانی پێشوو و ئەوەی ئێستای دەکات ئەوا دەکرێت نووسراوی پشتگیری بۆ بکەن بۆ لایەنی تایبەتمەند .هەروەک لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی دەولەی عێراقی لە بڕیاری ژمارە (٢٠١٨/٨٥ لە ٣٠/ ٨/ ٢٠١٨) دووپاتی کردۆتەوە.

## (٤٣)
## سەبارەت بە سوپاس و پێزانینی سەرۆکی پەرلەمان

بەگوێرەی ماددەی (٢١) لە یاسای بەرزەفتکردتی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ گەرهاتوو فەرمانبەر سوپاسی ئاراستە کرا لە سەرۆکایەتی یان ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیر یان ئەوەی دەسەڵاتی پێدەدات ، ئەوا مانگێک پێشخستنی پێدەدرێت گەر هاتوو سزا نەدرابوو یان سزا درابوو بەڵام سزاکەی لەسەر جێبەجێکرابوو ، لەسەر ئەم بنەمایەش چەند ڕوونکردنەوەیەک تۆمار دەکەین :

**یەکەم:** لە دەقەکە بە روونی ناوی سەرۆکایەتی پەرلەمان (ئەنجومەن) نەهاتووە و لێکدانەوەی زۆرینەی لەسەر ئەوەیە کە مەبەست لەو سەرۆکایەتیە سەرۆکایەتی دیوانی کۆمارە یان سەرۆکایەتی کۆمار و سەرۆک کۆمار لەو کاتەدا سەرۆکی هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان بووە.

**دووەم:** پیادەکردنی دەسەڵاتی ئاراستەکردنی سوپاس و پێزانین لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یاسای ئەنجومەنی نوێنەران، ئەوەش پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (٤٨) لە یاسای ژمارە(١٣)ی سالی ٢٠١٨ ی یاسای ئەنجومەنی نوێنەران و پێکهاتەکانی کە بە گوێرەی ئەم ماددەیە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و هەردوو جێگرەکەی پێکەوە دەسەلاتی ئەنجومەنی وەزیرانیان پێدراوە

سەبارەت بە جێبەجێکردنی  یاسابەرکارەکان لە وردەکاری کاری کارگێڕیی لەسەر فەرمانبەران[٢٠] ....

ئەمەش ئەوەمان بۆ دووپاتدەکاتەوە کە دەسەلاتی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران لەم بارەیەوە لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١،سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو لە یاسای ئەنجومەنی نوێنەرانەوە سەرچاوەی گرتووە، لەسەر ئەم بنەمایەش دەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ئاراستەکردنی سوپاس بۆ فەرمانبەرانی دەرەوەی ئەنجومەنی نوێنەران هەمان دەسەڵاتی سەرۆک وەزیرانە ، واتە لە یەک کاتدا دەتوانێت سوپاس و پێزانین ئاراستەی فەرمانبەرانی ناو ئەنجومەنی نوێنەران بکات و بەهەمان شێوەش بۆ فەرمانبەرانی دەرەوەی ئەنجومەن، هەروەک لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی شوورای دەوڵەت لە بڕیاری ژمارە (٨٢) لە ٢٠١٠/٧/٦ دووپاتیکردۆتەوە.

**سێهەم :** بەگەڕانەوە بۆ ئەحکامی یاسای ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان (پەرلەمانی کوردستان) ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢  لەم بارەیەوە هیچ دەقێکی راشکاوانە نەهاتووە وەک ئەوەی لە یاسای ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا هاتووە و لە هەمانکاتیشدا لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانیشدا بە هەمان شێوەیە دەقێکی لەم چەشنە نەهاتووە، کە بە بڕوای ئێمە ئەمە کەموکورتییەکە و پێویست دەکات لەرووی یاساکارییەوە چارەسەر

---

[٢٠] ماددەی (٤٨)ی یاسای ئەنجومەنی نوێنەران کە لای سەرەوە هاتووە دووپاتکردنەوەی ئەحکامی ماددەی (٣) لە یاسای ئەنجومەنی نوێنەران ژمارە (٥٠)ی ساڵی ٢٠٠٧ هەلوەشاوەیە کە لەو ماددەیەدا هاتوو: سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەموو ئەو ماف و ئیمتیازاتانەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەیە لە گشت بوارە ماددی و مەعنەوییەکاندا پیادە دەکات.

بکرێت. ئیتر چ ئەو سوپاس و پێزانینانە بێت کە سەرۆکی پەرلەمان ئاراستەی فەرمانبەرانی ناو پەرلەمانی دەکات یان ئەوانەی کە ئاراستەی فەرمانبەرانی دەرەوەی پەرلەمانی دەکات .

**چوارەم:** دەربارەی ئەو سوپاس و پێزانینانەی کە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئاراستەی فەرمانبەرانی وەزارەتەکانی دەکات ، ئەوا لەم کاتەدا راستەوخۆ ئاسەواری یاسایی ناخاتەوە وەک ئەوەی لە عێراق هەیە ، بەڵکو نوسراوی سوپاسەکە وەک هۆکارێک (سبب) دادەنرێت بۆ ئەوەی لەلایەن وەزیری تایبەتمەندەوە سوپاس و پێزانینی پی ئاراستەی فەرمانبەرەکە بکرێت. بەڵام دەربارەی فەرمانبەرانی پەرلەمان، ئەوا لەم کاتەدا دەبێت پاڵپشتە یاسایەکەی ساغ بکرێتەوە کە سەرۆکی پەرلەمان سەرچاوەی دەسەڵاتەکەی لە چ یاسایەکەوە وەرگرتووە ، بەپێچەوانەوە گەر یاسایەک لەم بارەیەوە نەبێت ئەوا سوپاس و پێزانینەکەی سەرۆکی پەرلەمان ئاسەواری یاسایی ناخاتەوە .

لەسەر بنەمای ئەوەی لە پێشەوە روونمان کردەوە، بەپێی ئەو بە دواداچوونانەی کە ئەنجاممان داوە یاسایەکی تایبەت دەسەڵاتی ئاراستەکردنی سوپاس و پێزانینی نەداوە بە سەرۆکی پەرلەمان، بۆیە پێویست دەکات ئەم بابەتە لەرووی یاساییەوە چارەسەر بکرێت، چونکە ئاسەواری سوپاس و پێزانین ئاسەوارێکە کە یاسا رێکخستووە چ بۆ سڕینەوەی سزا یان پێدانی پێشخستن و دەبێت بە وریایی مامەڵە لەگەل ئەم بابەتە بکرێت.

## (٤٤)

## ماوەکانی پێشخستن (القدم) لەبەرەنجامی ئاراستەکردنی سوپاس و پێزانینەوە

بەپێی ماددەی (٢١/ یەکەم) لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی **١٩٩١** گەرهاتوو سوپاس ئاراستەی فەرمانبەر کرا لەلایەن سەرۆکایەتی یان ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیر یاخود ئەوەی دەسەلاتی پێدەدرێت لەلایەن ئەمانەوە ئەوا پێشخستنی بۆ ماوەی یەک مانگ پێدەدرێت گەرهاتوو فەرمانبەرەکە سزا نەدرابوو یاخود سزادرابوو بەلام ئاسەواری سزاکەی لەسەر جێبەجێکرابوو، لەسەر ئەو بنەمایەش ئەم روونکردنەوانەی لای خوارەوە تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** یاسادانەر ئاسەواری پێشخستنی لە بەرەنجامی ئاراستەکردنی سوپاسەوە دەستنیشانکردووە بە (یەک) مانگ لە پای یەک سوپاس بەو مەرجەی لە ساڵێکدا زیاتر نەبێت لە (٣) مانگ پێشخستن، ئیتر سوپاسەکە لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە[٢١] ئاراستەکرابێت یان وەزیر یان ئەو فەرمانبەرەی کە دەسەلاتی پێدراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیرەوە، بەو مانایەی کە هەر سوپاسێک لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیر یان فەرمانبەری دەسەلاتەپێدراو ئاراستە بکرێت تەنها یەک مانگ پێشخستن دەخاتەوە.

---

[٢١] **قرار رقم ٣٨/ ٢٠١١** يترتب على كل شكر يوجه دولة رئيس مجلس الوزراء للموظف قدما لمدة شهر واحد وبما لاتتجاوز مدة القدم ثلاثة اشهر في السنة الواحدة. ئەم بنەما یاساییە لە پەرتوکی (قرارات و فتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١١) بڵاوکراوەتەوە. کە لەبڵاوکراوەکانی ئەنجومەنی شورای دەوڵەتی عێراقییە ، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الوقف الحديثه)، بەغداد، ٢٠١٢، لاپەرەی (١١٣)

**دووەم:** دەربارەی ئاراستەکردنی سوپاس لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە ، ئەوا بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (١٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٠ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش(هەڵوەشاوە) هەر کارمەندێکی دەوڵەت کە سوپاسی ئاراستە بکرێت لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە ، ئەوا پێشخستنی پێدەدرێت بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ مەبەستەکانی پایەبڵندکردن (الترقية) و پلەبەرزکردنەوە (الترفيع) و سەرمووچە (العلاوة) و گۆڕینی ناونیشانی وەزیفی (تغيير العنوان الوظيفي) هەروەها بۆ ماوەی یەک ساڵیش بۆ هەمان ئەو مەبەستانە گەرهاتوو دووبارەبوویەوە . بەڵام گەرهاتوو سەرۆک کۆمار دەسەلاتی ئاراستەکردنی ئەم سوپاسەی دایە فەرمانبەرێکی دیکە، ئەوا لەم کاتەدا ئاسەواری شەش مانگ پێشخستن ناکەوێتەوە گەرهاتوو فەرمانبەرە دەسەڵاتپێدراوەکە سوپاسەکەی ئاراستەکرد، بەلکو بەبڕوای ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ ڕێسای گشتی و ئاسەواری تەنها یەک مانگ پێشخستن دەخاتەوە. [٢٢]

**سێیەم:** هەر سوپاس و پێزانێنک لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە ئاراستەی فەرمانبەرانی غەیری ئەنجومەنی نوێنەران بکرێت، ئەوا پێشخستن بەو فەرمانبەرە دەدرێت بۆ ماوەی یەک مانگ، ئەوەش پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (٤٨) لە یاسای ژمارە(١٣)ی سالی ٢٠١٨ ی یاسای ئەنجومەنی نوێنەران و پێکهاتەکانی کە بە گوێرەی ئەم ماددەیە سەرۆکی

---

[٢٢] **قرار رقم ٨/ ٢٠١٨** لايرتب الشكر الموجه ممن يخوله رئيس الجمهورية الى أي منتسب في الدولة قدما لمدة (٦) ستة أشهر لأغراض العلاوة والترفيع والترقية وتغيير العنوان الوظيفي. ئەم بنەما یاساییە لە پەرتوکی (قرارات مجلس الدولة و فتاواه لعام ٢٠١٠) بڵاوکراوەتەوە. کە لەبڵاوکراوەکانی ئەنجومەنی دەوڵەتی عێراقییە ، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الوقف الحديثە)، بەغداد، ٢٠١٩، لاپەرەی (٣٩)

ئەنجومەنی نوێنەران و هەردوو جێگرەکەی پێکەوە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانیان پێدراوە سەبارەت بە جێبەجێکردنی یاسابەرکارەکان لە وردەکاری کاری کارگێڕیی لەسەر فەرمانبەران .... چونکە لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەتدا ناوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران نەهاتووە و بەمجۆرەش سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران دەسەڵاتی لەم ماددەیەوە وەردەگرێت، کە ناوەرۆکی ئەم ماددەیە لە ماددەی (٣)ی یاسای ژمارە (٥٠)ی ساڵی ٢٠٠٧ی ئەنجومەنی نوێنەرانی هەڵوەشاوەدا هاتبوو[٢٣].

**چوارەم:** دەربارەی ئەو سوپاس و پێزانینەی کە لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە ئاراستەدەکرێت، لەم بارەیەوە روونکردنەوە و وردەکاری پێویستمان لە بەشی پێشوو (٤٣) بڵاوکردۆتەوە .

---

[٢٣] **قرار رقم ٨٢ / ٢٠١٠** يترتب على الشكر الموجه من رئيس مجلس النواب لموظف من غير موظفي المجلس قدما لمدة شهر وبما لا تتجاوز مدة القدم ثلاثة أشهر في السنة الواحدة. ئەم بنەما یاساییە لە پەرتوکی (قرارات و فتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٠) بڵاوکراوەتەوە. کە لەبڵاوکراوەکانی ئەنجومەنی شورای دەوڵەتی عێراقییە ، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الوقف الحديثه)، بەغداد، ٢٠١١، لاپەرەی (١٩٦)

## (٤٥)

## ئایا پاش تەواوکردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی دەکرێت لە کارترازان بۆ فەرمانبەر نەکرێت؟

بە گوێرەی یاسای خانەنشینی تایبەتمەند هەر کات فەرمانبەر تەمەنی یاسایی خانەنشینی تەواوکرد، ئەوا لەم کاتەدا ئەهلیەتی وەرگرتنی وەزیفەی گشتی نامێنێ و بە حوکمی یاسا بە هەواڵەکراو بۆ خانەنشینی دادەنرێت و پەیوەندی بە وەزیفەکەیەوە نامێنێ، مەگەربێتوو پێشتر بە پێی یاسای تایبەتمەند ماوەی خزمەتەکەی بۆ درێژکرابێتەوە، کەواتە لەم کاتەدا فەرمانبەرەکە بە لەکارترازاو (منفک) دادەنرێت گەرهاتوو ئەو تەمەنە یاساییەی تەواو کرد، با دائیرەکەیشی لە کارترازانی بۆ نەکردبێت، هەر خزمەتێکیش لە پاش ئەو بەروارەوە بکرێت یاسایی و دروست نیە و بۆ هیچ مەبەستێک ئەژمار ناکرێت، بەڵام وەک بەدەرکردن لەسەر ئەم بابەتە، یاسادانەر بۆ بابەتی لە کارترازانی فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ خانەنشینی، لە بڕیاری ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٨٨ ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش (هەڵوەشاوە) حاڵەتێکی تایبەتی هێناوە و بەدەری کردووە لەو لەکاترازانەی کە باسمان کرد، لەم بارەیەوە بڕگەی (٤)ی بڕیارەکە دەقی لەسەر ئەوە هێناوە کە ئەو فەرمانبەرەی هەواڵەی خانەنشینی کراوە وماڵی دەوڵەتی لە ئەستۆدایە ئەوا دوای رادەستکردنەوەی ئەو ماڵانە و لە ماوەیەکدا کە دائیرەکەی دەستنیشانی دەکات کە نابێت لە (٣) سێ مانگ زیاتر بێت لە رۆژی دەرچوونی فەرمانی هەواڵەکردنی بۆ خانەنشینی ئەوا دائیرەکەی لە کارترازانی بۆ دەکات، لەسەر ئەم بنەمایەش ئەم سەرنجانەی لای خوارەوە تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** بڕگەی چوارەمی بڕیاری ئاماژە پێکراو، بەدەرکردنە لەسەر ئەسڵ و بەدەرکردنیش نابێت فراوانی تیا بکرێت و لێکدانەوە و پێوانە کاری لەسەر بکرێت، بۆیە لە حالەتی پەیرەوکردنیدا، دەبێت فەرمانبەرەکە ماڵ و مومتەلەکاتی دەوڵەتی لە ئەستۆ بێت بە سیفەتە وەزیفییەکەی .

**دووەم:** دەبێت دەوروتەسلیمکردنی ئەو ماڵ و مومتەلەکاتە بە جۆرێک بێت کە کاتی بوێت بۆ ئەوەی لە فەرمانبەرەکە وەربگیرێتەوە، بێگومان ئەمەش مەزندەکردنەکەی دەگەرێتەوە بۆ دائیرەکەی و دەبێت پێوەری ماوەکە، بابەتی ماڵ و مومتەلەکاتەکان بێت نەک بابەتی موجامەلە و پەیوەندی شەخسی و ئیعتیباراتی دیکە.

**سێهەم:** دائیرەی فەرمانبەرەکە پابەندە بەوەی کە نابێت ئەو ماوەیەی کە دایناوە بۆ دەورتەسلیم کردنەکە (٣) مانگ تێپەڕێنی، هەروەک نابێت بە بەڵگەی ئەوەی یاسادانەر ماوەی (٣) مانگی داناوە کەواتە دەست شل بکات لە پێدانی ماوەکە بۆ ئەوەی (٣) مانگەکە پڕ بکاتەوە ، بەلکو دەبێت بە زووترین کات کارەکە ئەنجامبدرێت و کۆتایی بەپەیوەندی فەرمانبەریێتی فەرمانبەرەکە بهێنرێت.

**چوارەم:** بەگوێرەی گشتاندنی ژمارە (ق/٢٧/٥/٢ لە ٢٠٢٠/١/٩)ی فەرمانگەی یاسایی ئەمینداریێتی ئەنجومەنی وەزیران عێراق کە ئاراستەی سەرجەم لایەنە تایبەتمەندەکانی کردوو دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە ئەو فەرمانبەرەی بەندی چوارەمی بریاری ژمارە(٢٠)ی ساڵی ١٩٨٨ دەیگرێتەوە و لەکارترازانەکە دوادەخرێت، ئەوا بەردەوام دەبێت لەسەر مومامەرەسەکردنی ئەرکەکانی سەرشانی بەو مەرجەی لە میانەی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی رۆژانەیدا هەڵنەستێ بەکارێک کە دژ یەک بوەستێتەوە لەگەڵ ئەرکەکانی وەزارەتەکەیدا و هەروەها لە ماوەی

دواخستنی لە کارترازنەکەیدا مووچە و دەرماڵەی تەواوی بۆ خەرجدەکرێت. کە بڕوای ئێمە دەچێتە سەر خزمەتی راژەی خانەنشینیەکەی. [٢٤]

---

[٢٤] عەبدولقادر ساڵح عەبدول، خانەنشینی و حوکمە گشتییەکانی خانەنشینبوون، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار، سلێمانی ، ٢٠٢٠، لاپەڕەی ٢٠.

## (٤٦)

## فەرمانبەر و کۆکردنەوەی دوو وەزیفە پێکەوە و بەدەستهێنانی نارەوا

بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (٥/یەکەم) لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ی هەموارکراو قەدەغەی کردووە لەسەر فەرمانبەر کە لە یەک کاتدا دوو وەزیفە کۆبکاتەوە بە سیفەتی ئەسڵی یان کۆکردنەوەی وەزیفە و هەر کارێکی دیکە مەگەربێتوو بە پێی یاسا بێت.. لە جێبەجێکردنی رۆژانەدا هەندێکجار ئەوە بەدیکراوە کە فەرمانبەرێک لە یەک کاتدا لە دوو شوێن فەرمانبەر بووە، یان لەلایەک بە شێوەی هەمیشەیی فەرمانبەر بووە و لەلایەکی دیکەش بە شێوەی گرێبەست کە هیچ لایەکیان ئاگاداری لایەکەی دیکە نەبوون، کە بێگومان ئەمەش پێچەوانەی یاسایە، بۆ مامەڵەکردن لەگەل ئەم جۆرە حاڵەتە و لەبەر رۆشنایی یاسای دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ ی هەموارکراو ، چەند روونکردنەوە و سەرنجێک تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** بابەتی کۆکردنەوەی دوو وەزیفە بەو شێوەی لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەراندا هاتووە، وەک سەرپێچی بەرزەفتکاریی دانراوە نەک تاوانێکی سزایی ، هەروەک لەلایەن خۆیەوە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی بەغداد/ رصافەی فیدرالی/ دەستەی ئێداچوونەوە ژمارە (٥٧٧/سزایی /٢٠١٤ اعلام/٥٦٩/ لە ٢٠١٤/٧/٢٠) دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کەئەم سەرپێچییە ملکەچ نابێت بۆ حوکمێکی سزایی چونکە یاسای سزادانی عێراقی دەقی لەسەر ئەوە نەهێناوە کە کۆکردنەوەی دوو وەزیفە بە تاوان دانرابێت. هەروەها دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای دەولەی عێراق لە بڕیارێکیدا بە ژمارە (٢٠١٣/٩

له٢٠١٣/١/٢٧) دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە کۆکردنەوەی دوو وەزیفە لەلایەن فەرمانبەرەوە بەسەرپێچی بەرزەفتکاریی دادەنرێت و لەم بەرەنجامەشەوە سزای بەرزەفتکاری فەرمانبەرەکە دەدرێت و ئەو بڕانەیشی وەریگرتووە لەو شوێنەی کاری تیاکردووە لێی وەردەگیرێتەوە .

**دووەم:** بەڵام بە گەرانەوە بۆ ئەحکامی ماددەی (چواردەم / یەکەم) لە فەسڵی چوارەم تایبەت بە حوکمەکانی بەدەستهێنانی نارەوا، لە یاسای دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان، دەستی لەم بابەتەدا توندتر کردووە و دەقی لەسەر ئەوە هێناوە کە هەر جۆرە داهاتێک فەرمانبەر بەدەستی بهێنێ بەهۆی رەفتارێکەوە کە پێچەوانەی دەقی یاسا بێت، ئەوا بە بەدەستهێنانی نارەوا دادەنرێت، لەبەر ئەوەیشی کاتێک کە فەرمانبەر بە پێچەوانەی ماددەی (٥/ یەکەم) لەلایەکی دیکە مووچەی وەزیفەیەکی دیکە وەربگرێت ئەوا بێگومان ئەمەش سەرپێچی دەقێکی یاساییە، بۆیە لەسەر ئەم بنەمایەو بە گوێرەی ماددە و برگەی ئاماژە پێکراوی لای سەرەوەی دەستەی دەستپاکی، ئەو کارەی فەرمانبەر بە تاوانی گەندەڵی و بەدەستهێنانی داهاتی نارەوا (كسب غير المشروع) دادەنرێت و رێککاریی سزایی لەبەرامبەردا دەگیرێتە بەر و بەپێی ئەحکامی ماددەی (پانزەیەم) ی یاساکە ئەو فەرمانبەرە سزا دەدرێت بە بەندکردن یان زیندانیکردن بۆ ماوەیەک کە لە (٧) ساڵ زیاتر نەبێت لەگەل غەرامەکردنی بەبری ئەو دەستهاتەی بەدەستی هێناوە، ئەمە سەرەرای دەست بەسەراگرتنی(مصادرة) ئەوەی بەدەستی هێناوە.

**سێهەم:** بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (سیانزەیەم/ پێنجەم) لە یاسای دەستەی دەستپاکی هەرێم، ئەو فەرمانبەرەی کە حوکمدەدرێت بە تاوانێکی گەندەڵی بە ئەنقەست و حوکمەکەی پلەی بنبڕ وەردەگرێت

ئەوا لەم کاتەدا ئەهلیەتی وەزیفی لە دەستدەدات و لە وەزیفە عەزل دەکرێت بە هەمیشەیی. کە ئەمەش ئاسەوارێکی زۆر قورس و کاریگەرە لەسەر فەرمانبەرەکە .

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە و سەرەرای ئەوەی کە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەران و یاسای سزادانی عێراقی کۆکردنەوەی دوو وەزیفەی بە تاوانی سزایی دانەناوە، بەڵام بە گوێرەی دەقی ماددەی (چواردەیەم/ یەکەم) لە دەستەی دەستپاکی هەرێم ئەم بابەتەی وەک تاوانی بەدەستهێنانی نارەوا داناوە، چونکە فەرمانبەرەکە بە نایاسایی وەزیفەیەکی تری بینیوە و مووچەکەی وەرگرتووە، کە ئەمەش بەرروونی یاساکە وەک بەدەستهێنانی نامەشروع دەقی لە بارەوە هێناوە کە نابێت فەرمانبەر بە پێچەوانەی دەقی یاساوە هیچ داهاتێک بە دەستبهێنێ.

## (٤٧)

## ئایا لە لێکۆڵینەوەی کارگێڕیدا شایەت سوێند دەدرێت؟

بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٠/دووەم) لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ی هەموارکراو لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی لە پێناو ئەنجامدانی کارەکانی دەتوانێت کەڵک لە هەندێک ڕێککار و ئامراز وەربگرێت بۆ گەیشتن بەحەقیقەتی ئەو بابەتەی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکات، یەکێکیش لەو ڕێککارانە بریتییە لە وەرگرتنی وتەی شایەت. لەم بارەیەوە چەند سەرنجێک تۆمار بکەین:

**یەکەم**: وەرگرتنی وتەی شایەت، لەبەر ئەوەی بە ڕاشکاوانە لە ماددە و بڕگەی ئاماژە پێکراودا هاتووە، کەواتە لەلایەک سەنەدی یاسایی هەیە و لەلایەکی دیکەش دەچێتە چوارچێوەی تایبەتمەندی لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی و گەرهاتوو لیژنەکە لە میانەی لێکۆڵینەوەکانیدا، گەیشتە ئەو بروایەی کە وەرگرتنی شایەت دەیگەیەنێتە حەقیقەتی بابەتەکە، ئەوا دەتوانێت پەنا بۆ ئەم ڕێککارە ببات گەرهاتوو شایەت هەبوو، هەروەک پەنا بردن بۆ وەرگرتنی وتەی شایەت بابەتێکی جەوازییە و مەرج نیە هەموو لیژنەیەک لە میانەی لێکۆڵینەوەکردندا، پەنای بۆ ببات. ئەمە سەرەرای ئەوەی کە شایەتی وەک بەڵگەیەکی تۆمەتبارکردن بەهایەکی یاسایی هەبێت و دەبێتە یەکێک لە بەڵگەکانی سەلماندنی سەرپێچی بەرزەفتکاریی فەرمانبەرەکە.

**دووەم:** لەسەر بنەمای خاڵی پێشوو ئەوا لە کاتی پەنا بردنی لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆ وەرگرتنی وتەی شایەت ، لەبەر ئەوەی لە یاسای بەرزەفتکردندا وردەکاری ئەم بابەتە روون نەکراوەتەوە، دەبێت

بگەڕێینەوە بۆ  ئەو ڕێسای گشتیانەی (قواعد العامة) کە ئەم بابەتەی ڕێکخستووە لە یاساکانی بنەما دادگاییە سزاییەکان ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ کە بەبڕوای ئێمە لەم کاتەدا گەرهاتوو لیژنەی لێکۆڵینەوە بە مانا و ئاسەوارە یاساییەکەی وتەی شایەتی وەرگرت، ئەوا دەبێت سوێندی شایەت بدات، ئەمە سەرەڕای ڕەچاوکردنی حوکمەکانی یاسای سەلماندنی ژمارە (١٠٨)ی ساڵی ١٩٧٩ سەبارەت بە وتەی شایەت و هەڵسەنگاندنی.

**سێیەم:** دەربارەی سوێند دانی شایەت، جۆرێک لە کۆدەنگی لەڕووی فقهیەوە[٢٥] دروستبووە کە وەرگرتنی وتەی شایەت لەلایەن لیژنەی لێکۆڵینەوە دەبێت پاش سوێندانی  شایەتەکە بێت بەوەی کە ئەوەی ڕاستی و حەقیقەتە ئەوە بە لیژنەکە دەڵێت، چونکە لەڕووی دەروونییەوە گەربێتوو سوێند خواردن لە ئارادا نەبێت، ڕەنگە شایەتەکە وەک پێویست

---

[٢٥] خوێنەری بەڕێز دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ :

ـ د. عثمان سلمان غيلان العبودي، شرح أحكام قانون انضباط موظفي الدولة والقطاع العام رقم ١٤ لسنة ١٩٩١ المعدل، ط١، بغداد، ٢٠١٠، ص ٤٤٦.

ـ القاضي لفته هامل العجيلي، التحقيق الإداري في الوظيفة العامة، ط١، مطبعة الكتاب، بغداد، ٢٠١٣، ص٢٨.

ـ د. نصعب ناجي عبود، المرشد العملي في اجراءات التحقيق الإداريى وضماناته، ط١، مكتبة السنهوري،بغداد، ٢٠١١، ص٢٨.

ـ حسن محمد دحام، أصول التحقيق الإداري في ظل الوانين العراقية، ط١، مطبعة الكتاب، بغداد، ٢٠١٧، ص٣٥.

نەچێتە ژێر باری وتنی ڕاستییەکانەوە، هەروەک بە پێی ڕێسای گشتیش دەبێت شایەتەکە لە ژێر سوێندا وتەی لێ وەربگیرێت.

**چوارەم:** لەبەر ئەوەی سەرپێچی بەرزەفتکاریی سەبارەت بە فەرمانبەر سروشتێکی تایبەتی هەیە و تارادەیەک جیاوازە لە سروشتی بەرپرسیارێتی سزایی و هەروەها لەبەر سروشتی کاری کارگێڕیی کە زیاتر پشت بە نوسراو دۆکیۆمێتە فەرمییەکان و پەراوەکان دەبەستێت، بۆیە بەبروای ئێمە پانتایی پەنا بردنی لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆ بابەتی وەرگرتنی وتەی شایەت لە سنورێکی زۆر بەرتەسکدایە، ڕەنگە بە ڕێژەیەکی زۆر کەم لیژنەکان بۆی بگەڕێنەوە .

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە ، بڕوامان وایە گەرهاتوو لیژنەی لێکۆڵینەوە پەنای برد بۆ وەرگرتنی وتەی شایەت، دەبێت شایەت سوێند بدات بەوەی کە ڕاستی و حەقیقەت بە لیژنەکە بڵێت ئەوکات دەتوانێت وتەکانی وەربگرێت، چونکە کاتێک یاسادانەر لە یاسای بەرزەفتکرندا زاراوەی شایەتی هێناوە، بێگومان بە مانا یاساییەکەی و بەو ڕێککارانەی کە لە یاسایی گتشیدا ڕوونکراوەتەوە و بەو ئاسەوارانەی دەیخاتەوە، هێناویەتی و دەبێت وەک خۆی پەیرەو بکرێت .

## (٤٨)

## دەربارەی دەسەڵاتی تایبەتمەند بە سزادانی فەرمانبەرانی دەستەی دەستپاکی هەرێم

بەگوێرەی ئەحکامی مادەی بیست و دووەم لە یاسای دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١، جگە لە سەرۆکی دەستە، رێگەپێدراو نیە هیچ کەسێک سزای فەرمانبەرانی دەستە بدات. لەسەر ئەم بنەمایەش لە خوارەوە چەند سەرنجێکی یاسایی تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** سەرۆکی دەستە بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (شەشەم/ یەکەم)ی یاسای دەستە پلەی وەزیری هەیە، بەم جۆرەش تەواوی دەسەڵاتەکانی وەزیر کە لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ دا هاتووە پیادەکات.

**دووەم:** ماددەی (بیست دووەم) لە یاسای دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان، بەدەرکردنە لەسەر دەسەلاتەکانی سەرۆکی دەستە کە لە ماددەی (دوانزەیەم/دووەم)ی یاسای دەستەی دەستپاکیدا هاتوو، هەروەها بەدەرکردنە لەسەر بەشی کۆتایی برگەی دووەم لە ماددەی (١)ی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی کە رێگەی داوە بە وەزیری تایبەتمەند تا دەسەلاتی سزادان شۆڕ بکاتەوە بۆ هەر فەرمانبەرێکی سنووری وەزارەتەکەی کە بە پێویستی بزانێت.

**سێیەم:** ماددەی بیست و دووەمی یاسای دەستەی دەستپاکی، بەدەرکردنە لەسەر حوکمەکانی ماددەی (١/ دووەم)ی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەران کە لەو بڕگەیەدا هەریەک لە بریکاری وەزارەت و ئەوانەی پلەی بریکاری وەزارتیان هەیە و پێکهاتەیەکی کارگێڕی بەڕێوەدەبەن، هەروەها بەرێوەبەری گشتی، دەتوانن رێککاری کارگێڕیی بگرنە

دەرهەق بە فەرمانبەرانی سنووری دەسەلاتیان و لیژنەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر پێکبهێنن و سزایان بدەن تا سزای سەرزەنشتکردن و هەروەها دەستپێکیشانەوەیان(سحب الید) بۆ بکەن و هەواڵەی دادگایان بکەن لەسەر بنەمای پێشنیاری لیژنەی لێکۆڵینەوە، لەسەر ئەم بنەمایەش هەریەک لە جێگری سەرۆکی دەستە کە پلەکەی بریکاری وەزارەتە ـ بەپێی ماددەی (١١)ی یاسای دەستە ـ و هەروەها ئەندامانی ئەنجومەنی دەستەی دەستپاکی کە پلەی بەڕێوەبەری گشتیان هەیە، بە هۆی دەقی هاتوو لە ماددەی (بیست و دووەم) ناتوانن راستەوخۆ دەسەلاتی بەرزەفتکاریی لە یاسای بەرزەفتکردنەوە وەربگرن بە حوکمی قانون .

**چوارەم:** بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی بیست و دووەمی ئاماژە پێکراوی لای سەرەوە، ڕێگە پێدراو نیە کە سەرۆکی دەستە ، دەسەلاتی گرتنە بەر ڕێککاری یاسایی دەرهەق بە فەرمانبەرانی دەستە شۆڕ بکاتەوە بۆ جێگرەکەی یان ئەندامانی ئەنجومەنی دەستە یان هەر فەرمانبەرێکی دیکە، چونکە دەقەکە بە شێوەی راشکاوانە ئەم دەسەلاتەی بە سەرۆکی دەستە نەداوە و دەسەلاتی سزادانی فەرمانبەرانی دەستەی لە دەستی سەرۆکی دەستەکەدا (حصر) کردووە.

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە ، یاسای دەستەی دەستپاکی وەک یاسایەکی تایبەت، دەسەلاتە بەرزەفتکارییەکانی هاتووی لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی کۆتو بەند کردووە، و تەنها دەسەڵاتەکەی داوە بەسەرۆکی دەستەکە، بۆیە دەبێت لە حاڵەتی سزادانی فەرمانبەرانی دەستە، بە وردی رەچاوی سروشتی ئەم بابەتە بکرێت کە لە ماددەی (بیست و دووەم)ی یاسای دەستەکەدا دەقی لەسەر هاتووە.

## (٤٩)

## عەزلکردنی فەرمانبەر بە پێی یاسای دەستەی دەستپاکی

بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (سیانزەیەم/پێنجەم/٢) لە یاسای دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان، هەر فەرمانبەرێک گەر هاتوو حوکمدرا بە تاوانی گەندەڵی بە ئەنقەست، ئەوا بە عەزلکراو لە وەزیفە دادەنرێت بە گەیشتنی حوکمەکەی بە پلەی بنبڕ (قطعی)، لەسەر ئەم بنەمایەش بە پێویستی دەزانین چەند سەرنجێکی یاسایی تۆمار بکەین:

**یەکەم:** هەموو ئیدانەکردنێکی فەرمانبەر بە تاوانی گەندەڵی مایەی عەزلکردنی نیە لە وەزیفە، بەڵکو دەبێت تاوانی گەندەڵییەکە بە ئەنقەست بووبێت و لە بریاری دادگادا یەکلاکرابێتەوە، ئەوکات فەرمانبەرەکە شیاوی عەزلکردن دەبێت لە وەزیفە.

**دووەم:** هەر کات بڕیاری حوکمدانەکە گەیشتە پلەی بنبڕ ، ئەو کات فەرمانی عەزلکردنەکە، ئاسەواری قانونی خۆی دەخاتەوە، خستنەوەی ئاسەوارەکەش بەحوکمی قانون دەبێت و گەربێتوو وەزارەتی تایبەتمەندی فەرمانبەرەکەش، بریاری عەزلکردنەکە دەرنەکات، ئەوا فەرمانبەرەکە هەر بە عەزلکراو دادەنرێت، کاتێکیش یاساکە بە دەق ئاماژەی بەوە کردووە کە دەبێت حوکمەکە پلەی بنبڕ وەربگرێت، ئەوا لەم کاتەدا رێگەپێدراو نیە کە هیچ رێککارێک دەرهەق بە فەرمانبەرەکە بگیرێتە بەر بۆ عەزلکردنی تا ئەو کاتەی حوکمەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت، چونکە عەزلکردنی فەرمانبەرەکە لەم کاتەدا گرێدراوە بە مەرجی گەیشتنی حوکمەکە بە پلەی بنبڕ.

**سێیەم:** ئەم ئاراستەیەی یاسادانەر لە هەرێمی کوردستان، جیاوازە لە ئاراستەی یاسادانەری عێراقی لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی

دەولەت و کەرتی گشتی ، کە لە هەریەک لە بڕگەکانی (حەوتەم) و (هەشتەم)ی مادەی (٨) دا دەقی لەسەر فەسڵکردن و عەزلکردنی فەرمانبەر هێناوە کاتێک بەحوکمی دادگا ئیدانە دەکرێت، لەم کاتەشدا یاسادانەر وەرگرتنی پلەی کۆتایی حکومەکەی نەکردووە بە مەرج بۆ جێبەجێکردنی بریاری عەزلکردن یان فەسڵکردنەکە، کە بەبروای ئێمە هەریەک لەم دوو ئاراستەیە لایەنی ئەرێنی و نەرێنیان هەیە.

**چوارەم:** دەرچونی حوکم بە ئیدانەکردنی فەرمانبەر بە تاوانی گەندەڵی بە ئەنقەست و وەرگرتنی پلەی کۆتایی حوکمەکە، ئەوا وەزارەتی تایبەتمەندی فەرمانبەرەکە دەخاتە بەردەم بەرپرسیاریێتی یاسایی گەربێتوو فەرمانبەری حوکمدراو لە وەزیفە عەزل نەکات، چونکە مانەوەی فەرمانبەرەکە لە وەزیفە سەنەدی یاسایی نیە و حوکمدانی فەرمانبەرەکە لەم بارەیەوە دەبێتە هۆی ئەوەی فەرمانبەرەکە مەرجی وەرگرتنی وەزیفەی گشتی لە دەست بدات، لەبەر ئەوە رێگە پێدراو نیە لە وەزیفە بمێنێتەوە.

**پێنجەم:** عەزلکردنی فەرمانبەر لە وەزیفە، واتە بۆ هەمیشە کۆتایی هێنانە بەوەی کە نابێت دووبارە لە هیچ دامودەزگایەکی حکومەتدا دابمەزرێتەوە ، چونکە ئەهلیەتی وەرگرتنی وەزیفەی لە دەستداوە بە گوێرەی ماددەی (سیانزەیەم/ پێنجەم/١) و بەم هۆیەشەوە نابێت دووبارە دابمەزرێتەوە لە وەزیفە، بەڵام بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١/پێنجەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی سالی **٢٠٠٦**، مافی ئەوەی هەیە کە مووچەی خانەنشینی وەربگرێت بە گوێرەی ئەو مەرجانەی لە یاساکەدا هاتووە.

(٥٠)

## لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت  و دەستە سەربەخۆکان

زۆر جار لە تەنیشتی ناوی وەزارەتدا، گوێ بیستی ناوی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت دەبین، لێرەدا دەپرسین مەبەست لە لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت چییە و جیاوازییان چییە لەگەل دەستە سەربەخۆکان، بۆ روونکردنەوەی ئەم بابەتە لەرێگەی چەند سەرنجێکەوە روونکردنەوەی یاسایی دەخەینەڕوو:

- **لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت**

**یەکەم:** مەبەست لە لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت بە گوێرەی بڕیاری ئەنجومەنی شورای دەولەت ژمارە (٩٨٧/١ لە ١٩٨٧/١/١٥) بریتین لە فەرمانگەکانی دەوڵەت و دامەزراوەکانی و ئەو کەرتانەی کە سەرۆکی باڵایان وەزیر نیە، بەڵکو گرێدراون بە لایەنێکی باڵاتر لە وەزیر وەک دیوانی سەرۆکایەتی یان ئەنجومەنی وەزیران[٢٦]. لەسەر ئەم بنەمایەش ئەو فەرمانگە و دەستانەی  گرێدراون بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە  لە هەرێمی کوردستان و وەک لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت دادەنرێن  بریتین لە (دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان) و (دەزگای گشتی کاروباری مین لە هەرێمی کوردستان) و (دەستەی گشتی هەرێمی بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکیان لەسەرە )و ( دەزگای ئاسایشی

---

[٢٦] د. غازي فيصل مهدي، شرح أحكام انضباط موظفي الدولة والقطاع العام رقم ١٤ لسنة ١٩٩١، موسوعة القوانين العراقية، بغداد، ٢٠٠٦ ص٣.

هەرێمی کوردستان –عێراق) و (دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان – عێراق)[٢٧].

**دووەم:** بە گوێرەی یاساکانیان هەریەک لە دەزگای مین و دەستەی گشتی هەرێمیی بۆ ناوچە کوردستانیەکان و دەستەی وەبەرهێنان و دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، سەرۆکەکەیان پلەی وەزیریان هەیە جگە لە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە نەبێت کە سەرۆکی دەستەکە پلەکەی تایبەتە، بەڵام بە گشتی سەرۆکی ئەو دەستانە ناوی وەزیریان لێ نانرێت و بەڵکو سەرۆکی دەستە ناودەبرێن.

**سێهەم:** بەگوێرەی یاسا تایبەتمەندەکان، دەسەلاتەکانی سەرۆکی ئەم جۆرە دەستانە بڕیاریان لێدەدرێت، بۆ نمونە لەو یاسایانەی کە لە تەنیشتی وەزیردا ناوی سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت هاتبێت بێ بە مەرجگرتنی پلەکەی ، ئەوا سەرۆکی ئەو لایەنانە پیادەی دەسەلاتەکانی وەزیر دەکەن لەو یاسا تایبەتمەندەدا، وەک ماددەی (١/یەکەم) لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ یان ماددەی (١/ سێیەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ یاخود ماددەی (٧) لە یاسای مووچەی فەرمانبەران ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت هەمان دەسەلاتی وەزیر پیادە دەکات، بەلام گەرهاتوو یاسا تایبەتمەندەکە

---

[٢٧] هەرچەندە لە یاسای دەستەی وەبەرهێنان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٦ بە روونی باسی پێگەی یاسایی ئەم دەستەیە نەکراوە کە بە چ لایەنێکەوە دەبەسترێتەوە ، بەلام بە گوێرەی پێکهاتە و سروشتی کاری دەستەکە دەتوانین وەک لایەنێکی نەبەستراوە بە وەزارەت دایبنێین یان هەمان مامەڵەی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەتی لەگەل بکەین.

مەرجی پیادەکردنی دەسەلاتەکەی سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەتی گرێدابوو بەوەی کە دەبێت پلەکەی وەزیر بێت ئەوا لەم کاتەدا سەرۆکی لایەنە نەبەستراوەکە ناتوانێت ئەو دەسەلاتە پیادە بکات گەرهاتوو پلەکەی وەزیر نەبوو، بۆنمونە پێکهێنانی ئەنجومەنی بیرورا بە پێی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١١ ی پەرلەمانی عێراقی کە یاساکە بە مەرجی گرتووە دەبێت سەرۆکی ئەنجومەنەکە پلەکەی وەزیر بێت، بەم جۆرەش ئەو لایەنە نەبەستراوانەی بە وەزارەت کە پلەکەیان وەزیر نیە ناتوانن پیادەی ئەم دەسەلاتە بکەن وەک دەزگای شەهیدانی عێراق کە سەرۆکەکەی پلە تایبەتە یان دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێم کە پلە تایبەتە.

- **دەستە سەربەخۆکان**

دەستە سەربەخۆکان بریتین لەو دەستانەی کە گرێنەدراون بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە، بەڵکو ملکەچن بۆ چاودێری (رقابة) پەرلەمان یان گرێدراون بە پەرلەمانەوە و بەرپرسیارن (مسؤول) لەبەردەم پەرلەماندا ،بە گوێرەی ئەوەی یاسای دەستەکە جۆری پەیوەندییەکەی لەگەل پەرلەمان رێکخستووە. لەسەر ئەم بنەمایەش هەندێک لە دەستە سەربەخۆکان گرێدراون بە پەرلەمانەوە و بەرپرسیارن لەبەرامبەریدا وەک (دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان) [٢٨] ، بەلام هەندێکی

---

[٢٨] لە ماددەی (دووەم/یەکەم) لە یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٠ دا هاتووە: دەستەیەک دادمەزرێت بە ناوی (دەستەی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان –عێراق)دا، کەسایەتییەکی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و ئیداری دەبێت لە چوارچێوەی بوجەی گشتی لە

دیکەیان تەنها ملکەچن بۆ چاودێری پەرلەمان لەم بارەیەشەوە و بە گوێرەی ئەو ماوە زەمەنییەی بۆیان دیاریکراوە راپۆرت لەسەر چالاکیەکانیان ئاراستەی پەرلەمان دەکەن وەک (دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان) [٢٩]، هەندێکی دیکەیان تەنها گرێدراون بە پەرلەمانەوە وەک (دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان)[٣٠]، ئەمە سەرەرای ئەوەی هەندێکی دیکەیان جگە لەوەی گرێ نەدراون بە پەرلەمانەوە بەلام ملکەچن بۆ چاودێری پەرلەمان و بەرپرسیارن لەبەرامبەریدا وەک (کۆمیسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان) [٣١].

لەسەر ئەم بنەمایەش دەتوانین بڵێین کە دەستە سەربەخۆکان لەرووی دەستنیشانکردنی پێگەی یاساییانەوە وەک یەک نین هەریەکەیان بە پێی

---

هەرێمدا،بوجەیەکی تایبەتی دەبێت و **بەپەرلەمانەوە پەیوەست دەبێت و لەبەردەمیدا بەرپرس دەبێت.**

[٢٩] لە ماددەی (دووەم) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ یاسای دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان - عێراق هاتووە کە بەپێی ئەم یاسایە دەستەیەک بە ناوی یاسای دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان -عێراق دادەمەزرێت کە خاوەن کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕییە و بودجەیەکی سەربەخۆی هەیە و **لەژێر چاودێری پەرلەماندایە**

[٣٠] لەماددەی (سێیەم) لە یاسای دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان عێراقدا هاتووە کە: **دیوان بە پەرلەمانی کوردستان – عێراقەوە دەبەستێتەوە.**

[٣١] لە ماددەی (سێیەم) لە یاسای کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠١٤دا هاتووە: کۆمیسیۆن، دەستەیەکی پیشەیی سەربەخۆ و بێ لایەنە و خاوەن کەسیەتی مەعنەوییە و **ملکەچە بۆ چاودێری پەرلەمان و بەرپرسە لەبەردەمیدا .**

یاساکانی خۆیان پەیوەندییەکانیان و پێگەی یاساییان دەستنیشانکراوە ، کە ئەمەش ناروونی دەخاتەوە ، چونکە ئەم دەستانە دەکەونە چوار چێوەی هەرسێ دەسەلاتەکانی یاسادانان و دادوەریی و جێبەجێکردنەوە و بۆخۆیان دەسەڵاتێکی سەربەخۆ نین، لەبەر ئەوە پێویست بوو بە وردی پێگەی یاساییان دەستنیشان بکرایە، لە هەمانکاتدا بابەتی گرێدان یان بەستنەوەی ئەم دەستانە بە پەرلەمانەوە روون نییە کە ئایا گرێدانەکە چ جۆرە بەستنەوە و گرێدانێکە و پەرلەمان دەتوانێت لەم بارەدا چی بکات و رۆڵی چی دەبێت؟

لەسەر بنەمای ئەوەی لە پێشەوە روونمان کردەوە دەردەکەوێت لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت ، بریتین لەو دەستەو دامەزراوانەی کە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانن یان راستتر بڵێین سەر بە دەسەلاتی جێبەجێکردنن، بەلام دەستە سەربەخۆکان بریتین لەو دەستانەی کە سەر بە دەسەلاتی جێبەجێکردن نین و بە گوێرەی سروشتی کارەکەیان جۆرێک لە چاودێری کردنیان هەیە بەسەر دەسەلاتی جێبەجێکردنەوە وەک دەستەی دەستپاکی و دەستەی مافی مرۆڤ و دیوانی چاودێری ، بەلام هەندێکی دیکەیان پرۆسەیەکی تایبەت بەرێوە دەبەن وەک هەڵبژاردن و راپرسی کە ئەمەی دوایی کۆمیسیۆنی باڵا سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی ئەنجامی دەدات.

## سەرچاوەكان

**یەكەم: سەرچاوە عەرەبییەكان**


١ـ جاسم جزاء جافر، نوادر المبادئ القضائية لمحاكم استئناف مناطق العراقبصفتها التمييزية،ط١، مطبعة يادگار، السليمانية، ٢٠١٩.

٢ـ حسن محمد دحام، أصول التحقيق الاداری في ظل القوانين العراقية، ط١، مطبعة بغداد، ٢٠١٧ .

٣ـ حيدر داود حمدالله الحسينی، شرح قانون بيع و ايجار أموال الدولة رقم (٢١) لسنه ٢٠١٣ المعدل،ط١، مكتبه القانون المقارن، ببغداد، ٢٠١٩ .

٤ـ د.سعيد مبارك، أحكام قانون التنفيذ، مكتبة القانونية، بغداد، ٢٠١٨ .

٥ـ د. صعب ناجي عبود، المرشد العملي في اجراءات التحقيق الإداري و ضماناته، ط١، منشورات مكتبة السنهوري، بغداد، ,٢٠١١

٦- صباح صادق جعفر الأنباری، مجلس شوری الدولة، ط١، بغداد، ٢٠٠٨.

٧ـ د. عثمان سلمان غيلان العبودي، شرح أحكام قانون انضباط موظفي الدولة والقطاع العام رقم ١٤ لسنة ١٩٩١، ط١، بغداد ٢٠١٠.

٨ـ د. غازی فيصل مهدی، فتاوی و قرارات مجلس شوری اقليم كوردستان فی الميزان، ط١، مكتبة القانون والقضاء، بغداد، ٢٠١٩ .

٩ـ د. غازی فيصل مهدی، تعليقات على قرارات محكمة الادارية العليا، ط١، مكتبة القانون والقضاء، بغداد، ٢٠١٥ .

١٠ ـ القاضي لفته هامل العجيلي، التحقيق الإداري في الوظيفة العامة، ط١، مطبعة الكتاب، بغداد، ,٢٠١٣

١١- برهان شلال، القرارات الإدارية المعدومة، رسالة ماجستير قدمت الى كلية الحقوق والعلوم السياسية بجامعة العربي بن مهيدي ـ أم البواقي، الجزائر،٢٠١٧ .
١٢- د. مصطفى ابراهيم الزلمي، أحكام الميراث والوصية، بدون اسم المطبعة و سنة الطبع.
١٣- المبادئ العامة فى قرارات وفتاوى مجلس شورى اقليم كوردستان – العراق لعام ٢٠١١، ط١، مطبعة حاج هاشم، أربيل، ٢٠١٢.
١٤ـ قرارات و فتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠٠٩، ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، مطبعة الوقف الحديثة، بغداد، ٢٠١٠ .
١٥- قرارات و فتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٠، ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، مطبعة الوقف الحديثة، بغداد، ٢٠١١ .
١٦- قرارات و فتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١١، ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، مطبعة الوقف الحديثة، بغداد، ٢٠١٢ .
١٧- قرارات و فتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٢، ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، مطبعة الوقف الحديثة، بغداد، ٢٠١٣ .
١٨- قرارات و فتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٣، ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، مطبعة الوقف الحديثة، بغداد، ٢٠١٤ .
١٩- ـقرارات مجلس الدولة و فتاواه لعام ٢٠١٦، ط١، منشورات مجلس الدولة، مطبعة العمال المركزية، بغداد، ٢٠١٧ .
٢٠- قرارات مجلس الدولة و فتاواه لعام ٢٠١٧، ط١، منشورات مجلس الدولة، مطبعة الوقف الحديثة، بغداد، ٢٠١٨ .
٢١- قرارات مجلس الدولة و فتاواه لعام ٢٠١٨، ط١، منشورات مجلس الدولة، مطبعة الوقف الحديثة، بغداد، ٢٠١٩ .

**دووەم: سەرچاوە کوردییەکان**

٢٢ ـ عەبدولقادر سالح عەبدول، شرۆڤەی حوکمەکانی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١، چاپی دووەم، لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار، سلێمانی ، ٢٠١٩ .

٢٣ ـ عەبدولقادر ساڵح عەبدول، خانەنشینی و حوکمە گشتییەکانی خانەنشینبوون، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار، سلێمانی ، ٢٠٢٠,

٢٤ـ عەبدولقادر ساڵح عەبدول، بڕیاری کارگێڕیی، چاپی دووەم، لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار، سلێمانی ، ٢٠١٩ .

# لەبەرهەمە چاپكراوەكانی نووسەر

**یەكەم: دانراوە یاساییەكان بە زمانی كوردی**

١- لێكۆڵینەوەی كارگێڕیی
٢- شرۆڤەی حوكمەكانی یاسای بەرزەفتەكردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و كەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ی هەمواركراو
٣- یاسای باری كەسیەتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ و لەگەڵ یاسا و بڕیارە هاوپێوەند و بەركارەكان لە هەرێمی كوردستان (كۆكردنەوە وئامادەكردن)
٤- بیبلۆگرافیای یاسا و بڕیارەكانی پەرلەمان لە ١٩٩٢/٧/١٥ تا ٢٠١٤/١٢/٣١
٥- رووماڵی رۆژنامەوانی تایبەت بە هەواڵی تاوانكاریی، رووداوەكان ، دادگاكان.
٦- بڕیارە كارگێڕییەكان لە فیقە و قەزای عێراقی و هەرێمی كوردستاندا.
٧- شرۆڤەی حوكمەكانی یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەمواركراو
٨- دەربارەی وەزیفەی گشتی
٩- یاسا گرنگەكانی وەزیفەی گشتی
١٠- رێگاكانی كۆتایی هاتنی پەیوەندی فەرمانبەرێتی
١١- یاسای راژەی زانكۆیی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٨ ی هەمواركراو و یاسا هاوپێوەندەكانی لە هەرێم و بژاردەیەك لە بنەما یاساییەكانی قەزای كارگێڕیی.
١٢- شرۆڤەی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حكومییەكان ژمارە (٥٦)ی ساڵی ١٩٧٧ .
١٣- دەربارەی وەزیفەی گشتی (كتێبی دووەم)
١٤- دەربارەی وەزیفەی گشتی (كتێبی سێهەم)

١٥- خانەنشینی و حوکمەگشتییەکانی خانەنشینبوون.
١٦- دەربارەی وەزیفەی گشتی (کتێبی چوارەم)

**دووەم: دانراوە یاساییەکان بە زمانی عەرەبی**

١٧- دعوى الإلغاء أمام هيئة انضباط موظفي الإقليم (قضاء الموظفين).
١٨- مختارات من المبادىء القانونية في قرارات محكمة الإدارية العليا و فتاوى مجلس شورى الدولة لسنوات ٢٠١٣، ٢٠١٤ ، ٢٠١٥. (جمع واعداد)
١٩- القرارات الإدارية الضمنية و اهم تطبيقاتها في مجال الوظيفة العامة.
٢٠ـ القرارات الادارية السلبية في مجال الوظيفة العامة.
٢١ـ القرارات الإدارية المعدومة

**سێهەم: وەرگێڕدراوەکان**

٢٢- بنەماکانی تاواناسی ( أصول علم الإجرام)
٢٣- بنەما گشتیەکان لە یاسای کارگێڕیدا (کتێبی یەکەم)
٢٤-بنەما گشتییەکان لە یاسای کارگێڕی(کتێبی دووەم)
٢٥- بنچینەکانی یاسا (أصول القانون)
٢٦- قەزای کارگێڕیی
٢٧- دەستووری عێراق ساڵی ٢٠٠٥